ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٢٨ | پێنجشەممە٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٧ _ ٢١ی ژوئەن ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## سکرتێری گشتیی حدک سەردانی پەرلەمانی نۆرویژی کرد



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٧ لە دەرەوەی وڵات سەردانی پەرلەمانی وڵاتی نۆرویژی کرد و لەگەڵ هەیئەتێکی پارتی کرێکارانی نۆرویژ پێکهاتوو لە خاتوو «ئانیکن هۆیت فیلد»، ئەندام پەرلەمان و «عوسمان کەوکەبی شاد» چالاکی کورد و ئەندامی شارەوانیی شاری "هامار" کۆ بوونەوە. بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا باسی لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستانی کرد و تیشکی خستە سەر خەباتی مەدەنی و پێشمەرگانە و چالاکیی دیپلوماسیی دەرەوەی حیزب. لەو کۆبوونەوەیەدا خاتوو «ئانیکن» زۆر بە بایەخەوە باسی خەباتی گەلی کورد و فیداکاریی پێشمەرگەی کرد و خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوەیی کورد بەرز نرخاند.

لە باسەکانی ئەم کۆبوونەویەدا کاک مستەفا مەولوودی داوای چالاککردنەوەی کومیتەی دۆستانی کورد لە پەرلەمانی نۆرویژی کرد کە ئەندام پەرلەمانەکانی «حیزبی کرێکارانی نۆرویژ»، «ئێس ڤێ» و چەند حیزبێکی دیکەی تێدایە و بۆ پشتیوانی و داکۆکی لە مەسەلەی کورد پێک هاتووە.

# تۆ کە پەت و سێدارەیە پێناسەت!



کەمتر لە چوار مانگ لەوە پێش لە تێکهەڵچوونێکی خوێناوی لە نێوان دەروێشە گونابادییەکان و هێزە ئینتیزامییەکاندا «محەممەد سەلاس» گیرا و تاوانی کوشتنی سێ کەس لە هێزە ئینتیزامییەکانی درایە پاڵ. دوای دوو مانگ ئەو تاوانەی بەسەردا ساغ کرایەوە و سزای لەداردانی بۆ بڕایەوە. دەزگای قەزایی داوای پێداچوونەوە بەو بڕیارەی ڕەت کردەوە و بە پەلە و سێ ڕۆژ دوای جێژنی ڕەمەزان لە دار درا.

لەداردانی محەممەد سەلاس دوای کەمتر لە ٤ مانگ دوای گیرانی و ڕەوتی دادگاییکردنی نائاشکرای بێ ئەوەی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای لەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانەی لەسەر بێ، لە حاڵێکدایە کە؛ گرووپێکی شەش کەسی لە ئەندامانی سپای پاسداران و بەسیج لە شاری کرمان ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی ٥ کەسی خەڵکی ئەو شارەیان بە تاوانی! مەشرووب فرۆشتن کوشت و پەروەندەکەیان ١٧ ساڵی خایاند. پەروەندەی ئەو بکوژانە کە سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بوون، دوای ١٧ ساڵ و پاش ئەوەی بە هەر هۆیەک و لە هەر ڕێگەیەکەوە ڕەزامەندیی بنەماڵەی قوربانییان وەرگیرا، بەسترا.

بەڵێ... عەداڵەت و دادپەروەری لە دەزگای قەزایی و نیزامی دادی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا یانی ئەوە...

## کۆماری ئیسلامی پشتی تێرۆریزمی بەر نەدا



خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیهێشت لایحەی بەربەرەکانی لەگەڵ دابینکردنی سەرچاوە ماڵییەکانی تێرۆریزم پەسند بکرێ. خامنەیی داوای لە مەجلیس کردوە پرسی ئەندامەتیی ئێران لە کۆنڤانسیۆنی بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵیی ماڵی و دابینکردنی سەرچاوە داراییەکانی تێرۆریزم بنێتە لاوە.

ئەو لایحەیە لەلایەن دەوڵەتەوە درابووە مەجلیس هەتا بە پەسەندکرانی ئێران مەترسیی خرانە نێو لیستی ڕەشی تێرۆر و گەمارۆکانی لەسەر لاچێ، بەڵام کاردانەوە و دژایەتیی ئوسولگەراکانی بەدوودا هات. ئەوان دەڵێن بێتوو ئێران ئەم کۆنڤانسیۆنە ئیمزا بکا چیدی ناتوانێ پشتیوانی لە «حەماس» و حیزبوڵڵای لوبنان بکا، هەروەها ترسی گەورەشیان لە شەففافییەتی ئابووری و ڕێگری لە گەندەڵییە بانکییەکانە.

خامنەیی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی مەجلیسدا گوتی ئەم کۆنڤانسیۆنە بەرهەمی فیکریی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژاواییە و لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نیە.

## ڕێگری لە ناردنی کچانی شیناوا بۆ دەرەوەی وڵات



کۆمیسیۆنی پزیشکی ڕێگریی لە ناردنی کچانی شیناوا بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ دەرەوەی وڵات کردوە. حوسین ئەحمەدی‌نیاز، پارێزەری کچە سووتاوەکانی قوتابخانەی شیناوای پیرانشار دەڵێ ئەو بڕیارە جێی شەرمەزارییە.

ئەحمەدی نیاز دوای کوتایی کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی پزیشکی ڕایگەیاند کە دوای ئەم کۆبوونەوەیە ناردنی ئەو کچە زامدارانە بۆ دەرەوەی وڵات زەحمەتە و، هۆکاری دژایەتیی بڕیاری کۆمیسیۆنی پزیشکیی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەوان ڕایان وایە لە نێوخۆی وڵات دەرەتانی دەرمان و چارەسەریان هەیە. ئەو پارێزەرە کوردە گوتی ڕەوتی دەرمانی ئەو کچانە ١٥ ساڵ دەخایەنێ و بەمجۆرە ئەوان هەموو منداڵی و لاوەتیی خۆیا لە کیس دەچێ.

بڕیاری کۆمیسیۆنی پزیشکی لە حاڵێک دایە کە حەسەن قازی‌زادە، وەزیری تەندروستی لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٦دا بەڵێنیی دابوو کچانی شیناوێ بە مەبەستی چارەسەر بەرێی دەرەوەی وڵات بکرێن، بەڵام ئەویش بێبەڵێن دەچوو.

■ سەروتار

## کوردستان و ستراتژیی ئەمنیەتیی ناوەند

سمایل شەرەفی

بە ئەمنیەتیکردنی کوردستان لای دەسەڵاتی سیاسی لە تاران ڕوانین و خوێندنەوەیەکی ستراتژیکیی لەمێژینەی هەیە. ڕەوابوونی بزووتنەوەی کورد، نێوەرۆک و ماهییەتی ئاشتیخوازانەی ئەم خەباتە تێکەڵ بە ڕەفتار و بیرکردنەوەی مەدەنییانەی خەڵکی کوردستان، دەوڵەمەندبوونی کوردستان لە ڕووی سەرخان و ژێرخانی ئابووری و هەڵکەوتەی جوغرافیایی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە، هەموو کاتێ نیگەرانی و دڵەڕاوکێی لای نیزامە سیاسییەکانی تاران چێ کردوە. بۆیە ناکرێ ڕوانینی ئەمنیەتیی تاران بە نیسبەت کوردستانەوە تەنیا ببەستینەوە بە خەبات و جموجۆڵی حیزبەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کە خودی دەسەڵات بەردەوام هەوڵی داوە بۆ ڕەفتار و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی خۆی لەم چوارچێوەدا پاساو بێنێتەوە.

لە سەردەمی ئێستاشدا کە کۆمەڵێک فاکتەری هەرە گرینگ چ لە زەمینەی جموجۆڵ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و چ لە بواری ژێئۆسیستمدا ئاستی گرینگبوونی کوردستانیان زیاتر لە جاران بردۆتە سەرێ، حەساسییەتی نیزامی سیاسی لە تارانی بە نیسبەت کوردستانەوە پەرە پێداوە. لە بواری ڕەفتاری گشتیی کۆمەڵگەدا، گەشە و پەرەسەندنی شێوازی خەباتی مەدەنی و بەرۆژبوونی ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سۆنگەی بێتەفاوەت نەبوونیان بەرانبەر بەو سیاسەتانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی لە تارانەوە هەوڵی بەسەرداسەپاندیان دەدرێ و، ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستان دژ بە سیاسەتی لەپەراوێزخستنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەمەیداندابوونی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە کەڵکوەرگرتن لە هەر دەرفەتێکی گونجاو، لەم ساڵانەی دواییدا زۆرترین پاشەکشەی بە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان کردوە. لە زەمینەی ژێئۆسیستمدا، بە سەرنجدان بە قەیرانی ویشەکەساڵی و بێئاوی لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئێران، سرووشت و هەڵکەوتەی جوغرافیایی کوردستان زیاتر لە هەمیشە سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. سەرنجێک کە نیزامی سیاسی لە پایەتەخت بە چاوی گومان و مەترسییەوە لێی دەڕوانێ و سیاسەتی ڕاکێشان و گواستنەوەی ئاوی کوردستان بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و ڕەوتێکی تەواو مەترسیدار کە بۆ لێدانی بەنداو لە کوردستانی گرتووەتە پێش، دەری دەخا...

٢



وتووێژ لەگەڵ کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب/٢_٣



ئەشکی تیمساح و ناشتنی خۆر/٤



لەبارەی گرینگیی کاری ڕۆشنگەرانەی فەرهەنگییەوە/٥



بەدواداچوونێکی مێژوویی لەسەر فێمینیزم/٦



هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە/٨



دیزەبەدەرخۆنەکردنی گێچەڵە سێکسییەکان لە ئێراندا /١٠



وەهمی پیلان؛ چەکی شۆڤینیزمی زمانی فارسی بۆ سەر زمانی گەلان/١١

درێژەی:

## کوردستان و ستراتژیی ئەمنیەتیی ناوەند

کوردستان چ پێناسەیەکی مەترسیداری لێ کراوە!

لە نموونەیەکی بەرچاوتری نیزیکدا دەرکەوت کە تەنانەت ئەم دەسەڵاتە چۆن دەڕوانێتە مەوقعییەتێک کە سنوورەکانی کوردستان دەتوانن ببنە هۆکاری باشتربوونی دۆخی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵە خەڵکێکی بێدەرەتان کە بە هۆی سیاسەتی هەڵە و دووچاوەگیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ناچار بە کارکردنی سەخت لەم سنوورانە بوون.

داخستنی ئەم دەروازە سنوورییانە تەنیا بۆ ئەوە نەبوو کە پێش بە کارکردنی چەند سەد کۆڵبەرێکی بێدەرەتان بگرن، بەڵکوو ڕاوەستان بەرانبەر بەو دەرفەتانە بوو کە ئەم سنوورانە بۆ بەشێکی زۆر لە کوردستانیان لە ڕووی گەشتوگوزار و سەودای بازرگانییەوە پێکی هێنابوو. بۆ نموونە شارەکانی بانە و مەریوان لەم چەند ساڵانەی دواییدا زۆرترین خەڵکی هەموو شوێن و بەشەکانی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو کە جیا لە دەرفەتی «بازاڕ»، کۆمەڵێک دەرفەتی دیکەی بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخساندبوو کە بەتەواوەتی دژ بە ئیدیعا و تەبلیغاتە دەیان ساڵەکانی ڕێژیم لە سەر کوردستان و خەڵکەکەی بوون. ساڵانە بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شوێن و ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆ گەشتوگوزار و بازرگانی سەردانی کوردستانیان دەکرد و هاوکات لەگەڵ بینینی جوانییەکانی، لە نیزیکەوە دەیاندی کە خەڵکی کوردستان خاوەنی چ ڕەفتار و فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بە لەخۆگرتن، ئاشتیخواز و مەدەنین.

بۆ تێکدانی ئەم مەوقعییەت و دەرفەتەی کە بە هۆی ئەم سنوورانەوە بۆ کوردستان ڕەخسابوو، بینیمان کە هەر لە بەهاری ئەمساڵدا بە داخستنی سنوورەکان بە بیانووی پێشگری لە سەودا و هێنان و بردنی شت و مەکی قاچاخ! زۆر نامەسئولانە بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ویست و داخوازیی ئەو خەڵکەی کە بۆ ماوەی نزیک لە یەک مانگ لە شاری بانە مانیان گرتبوو، سنوورەکانیان داخست و بەم جۆرە و لە سەر بنەمای خوێندنەوە و ڕوانینی لەمێژینەی ئەمنیەتیی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران، دوژمنایەتیی خۆیان بە نیسبەت کورد و کوردستانەوە نیشان دایەوە.

ئەم تێفکرین و ڕوانینەی نیزامە دەسەڵاتدارەکانی تاران بۆ پرسی کورد و جوغرافیا و ژینگەی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا هەرکامە و بەشێوەیەک لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەڕێوەچووە و تا ئێستاش بە بەردەوامی درێژەی هەیە. هەرچەند ئەوان هەمیشە هەوڵیان داوە حاشای لێ بکەن و ڕەفتاری خۆیان لە چوارچێوەی چالاکیی حیزبەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا پاساو بدەن و ڕەوایی دروێین بە هەموو سیاسەتە دژیگەلییەکانی خۆیان بدەن. دەنا ئەوەی دەسەڵاتدارانی تاران لە هەر دوو نیزامی پاشایەتی و ئیسلامی لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوودا دژ بە زمان، فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی سیاسەتی سیستماتیکی ئاسمیلاسیوندا کردوویانە، دەتوانن چ پاساوێکی بۆ بهێننەوە جیا لە دوژمنایەتییەکی بێئەملاوئەولایان لەگەڵ ئەم میللەتە؟

لێرەدایە کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەرکێکی درووست لە سیاسەت و تێڕوانینی سیستەمی سیاسیی تاران بۆ پرسی کورد و کوردستان و هەروەها بە تێگەیشتن لە زەرفییەتەکانی ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان و گرتنەپێشی ڕێکار و سیاسەتی گونجاو لە قازانجی پرسە گەورە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە و خۆپاراستن لە جووڵە و سیاسەتی تەتەڵەنەکراوی ئێحساسی، دەبێ هەوڵی پووچەڵکردنەوەی ئەم تێڕوانین و پاساوانەی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بدەن.

بەرانبەر بەم تێڕوانینە ئیستراتێژییە ئەمنیەتییەی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بۆ سەر کوردستان، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە کار لە سەر گشتگیرکردنی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی بکاتەوە. بەو مانایە کە چیدیکە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان تەنیا لە کار و تێکۆشانی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵات و جووڵەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا کورت نەکرێتەوە. بۆ ئەم ئەرکە پێویستە کورد لە بازنەیەکی بەرفراوانی خەباتی فرەڕەهەندا کە بە خۆشییەوە لەم چەند ساڵانەی دواییدا چ بە گوتار و چ بە کردوە هەنگاوی بۆ هەڵێنراوەتەوە، پێناسەیەکی نوێ و ئەمڕۆیی لە خەبات و جۆرەکانی خەباتی بکا. بەشێوەیەک کە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بە ئەرکی خۆی بزانێ کە بە هەر شێوەیەک و لە هەر مەجالێکدا کە دەکرێ لە چوارچێوەی پرسە گەورە نەتەوەییەکەدا خۆی بە ئەرکدار بزانێ. لەوەها حاڵەتێک دایە کە دەتوانین بە گژ خوێندنەوە و سیاسەتە دژیگەلییەکانی نیزام و دەسەڵاتی سیاسی لە تاراندا بچینەوە و ناچار بە پاشەکشەیان بکەین.

### کەماڵ کەریمی:

# دروستبوونی هیچ جەمسەربەندییەکی حیزبی ناتوانێ خزمەت بە داهاتووی بزووتنەوەی کورد لە ئێران بکا

دیمانە: مەنسوور مروەتی



**[لە کەس شاراوانە نیە کە ئێران لەبەردەم گۆڕانێکی بنەڕەتی دایە. لەو ماوەیەدا هەم لەنێوخۆ نارەزایەتییەکان پەرەیان سەندوە، هەم لە دەرەوەی وڵاتیش فشاری زیاتر خراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی. داهاتووی ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟ ئایا شۆڕشێکی دی لە ئێران بەڕێوەیە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی ناچار بە هەندێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەکرێ؟ کورد لە ئێران لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدا جێی گرتووە؟ ئەم باسە و چەند بابەتێکی دی تەوەری وتووێژێکی تایبەتیی «کوردستان»ن لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان]**

**کاک کەماڵ زۆر کەس وەزعی ئێستای ئێران بە ساڵی ٥٦ و ڕۆژانی پێش ئینقلاب دەشوبهێنن. زۆر کەس هەن باس لەوە دەکەن کە حەتمەن کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ و زۆر کەسیش هەن کە پێیان وایە کە نەخێر کۆماری ئیسلامی تەنیا لەبەردەمی ڕووخان دایە. جەنابت لەگەڵ کام لەو بۆچوونانەی؟ ئایا کۆماری ئیسلامی بەڕاستی دەڕووخێ، یا لە بەرامبەر فشارەکانی دەرەکی بە تایبەت ئەمریکا لە بەرەبەری گۆڕانێکی جیددی دایە؟**

ڕاستییەکەی موقایسەی بەینی ساڵەکانی ٥٦ _٥٧ لەگەڵ ٩٦_٩٧ بە لایەنێک دەتوانێ دروست بێ هەرچەند لە هێندێک شتدا جیاوازییان زۆرە. دروستبوونەکەی لەوە دایە کە لە ساڵی ٥٦دا ئێعترازەکان بەرەبەرە دەستیان پێکرد و دوایی ئیدامەی پەیدا کرد و لەم شار بۆ ئەو شار گواسترایەوە هەتا هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە. لە لایەکیتریش ئێعترازەکان هەرچەند بە قەولێک یەک هۆکاری تایبەتیی هەبوو بەڵام دواتر دیتمان بوو بە ئێعترازێکی گشتی لەنێو سێنفەکان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران. لە نێو زانستگاکان، مەدرەسەکان، بازار و بەرەبەرە مانگرتنی گشتی لە نێو مامۆستایان، کارمەندان، کرێکاران بە تایبەت کرێکارانی سەنعەتی نەوت کە گەورەترین زەبری ئابووریی لە ڕێژیمی شا دا. بەمجۆرە ئێران بەرەبەرە بەرەو قۆناغێک ڕۆیشت کە دەبوو ئینقلاب ڕوو بدا. ئەوەی ئێستا لێرە دەیبینین هۆکاری دیکەشی هەیە وەک نارەزایەتی بەرامبەر بە وەزعی خراپی ئابووری، فەساد، ڕانتخۆری و بە گشتی نەبوونی ئەمنییەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و... . ئەگەر بڵێین هۆکارەکان جیاواز بن بەڵام شێوەی دەسپێکردنەکەی بە تایبەت لە سەرەتای بەفرانباری ٩٦، هەمان شێوازی دەسپێکردنی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٥٦ دەبینین. بەڵام دوو جیاوازی لە بەینی ساڵەکانی ٥٦ و ٩٦دا دەبیندرێ. ئەویش ئەوەیە کە ساڵی ٥٦ کە ئەم نارەزایەتییانە دەستیان پێکرد سەرەتا دیار نەبوو کە ڕێبەرییەک لە پشت ئەم بزاوتەیە و هاتووە بۆ ئەوەی ڕێبەری بکا و لە ڕاستیدا خۆی بەسەر ئینقلابدا سەپاند و خۆی کردە خاوەنی ئینقلاب. بەرەبەرە کە خۆپیشاندانەکان پەرەیان گرت ئەمانە زیاتر هاتنە نێو ڕیزەکانی نارازییان و مزگەوتەکانیان کردە مینبەری ئینقلاب، ئەویش لایەنی مەزهەبیی حەرەکەتەکەبوو؛ لەگەڵ ئەوەی ڕێکخراوی چەپی بەهێز لە ئێراندا هەبوون و لە دوای ئینقلاب لە تاران دەماندی کە خۆپیشاندانی چەندسەد هەزار کەسییان وەڕێ دەخست. بۆیە بوونی ڕێبەرییەک بۆ ڕێکخستن و ڕێبەریکردن و تەنانەت ڕێکخستنی دروشمەکان و خستنە سەر زاری خەڵک، هۆکاری سەرەکیی گەیشتن بە ئینقلاب بوو. ئەمە ئێستا لەم قۆناغەی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێراندا نابیندرێ. ئەوە جیاوازییەکی گەورەیە لە نێوان ئەو کات و ئێستادا.

**هەروەک باست کرد نە ڕێبەرییەکی دیار و گشتی هەیە و نە ئۆپۆزیسیۆنێکی جیددی لە ئاستی ئێراندا و نە ئالترناتیڤێک بۆ کۆماری ئیسلامی و ئەم ڕێژیمە زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی. ئەوە ئەم فکرە بەقووەت ناکا کە نەخێر کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان جارێ دوورە؟**

مەسەلەی ڕووخان یا گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا لە هێندێک لایەنەوە دەکرێ وەک یەکی ببینین. گرینگ ئەوەیە کە ئایا گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا، لە ئاستی ئەو دروشمانە دایە کە ساڵانێکە میانڕەوەکان و ئیسڵاح تەڵەبەکان باسی دەکەن؟ یا نا گۆڕان دەگاتە ئاستێک کە بتوانێ خەڵک ڕازی بکا و دڵنیابن کە ئەو گۆڕانە دەتوانێ ژیانی ئەوانیش بگۆڕێ. من پێموایە هۆکارێکی گرینگ جیا لە وەزعییەتی خراپی نێوخۆیی لە ئارادایە، ئەویش هۆکاری دەرەکییە و دەوری ئەمریکا بە تایبەت لەو مەسەلەدا. فشارەکانی ئەمریکا لە یەک ساڵی ڕابردوودا کەموێنە بووە لەو چل ساڵەی ڕابردوو کە بەردەوام شەڕەدەندووکەیان بووە. ئەم فشارانە وەک زۆرجار لە زمان بەرپرسانی ئەمریکاوە گوێمان لێدەبێ کە مەبەست ڕووخانی ڕێژیم نیە، ڕەنگبێ لە نێوخۆ هێزێکی وا دروست بکا کە ببێتە ئەهرومی فشار بۆ سەر دەسەڵات و ناچار بە گۆڕانکاریی بکا. ئەگەر باس لە پێویستیی نەمانی ڕێژیم بکەین لە ڕاستیدا ئێران گەیشتووەتە ئەو ئاستە کە پێویستە نیزام یا سیستمێکی نوێ لەو وڵاتەدا دابمەزرێ. ئەم حکوومەتە نە لە باری ئابوورییەوە توانیویەتی کارێکی وا بکا، نە لەباری سیاسی و دیپلۆماسییەوە توانیویەتی ئێعتباری وڵاتێکی وەک ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بپارێزێ و نە لە ناوچەدا توانیویەتی لەگەڵ دراوسێکانی پێوەندییەکانی ڕابگرێ کە جێی متمانە بێ. لە نێوخۆی وڵاتیش ئەوەی کە دەیبینین جگە لە نێو کۆمەڵێک چەکدارانی سپا و بەسیج و ئەو دەزگایانەی کە سەر بە بەیتی ڕێبەرین، لە نێو خەڵکی ئێرانیشدا ئێعتبارێکی ئەوجۆرەی نەماوە. بەڵام ئەو ڕاستییە هەیە کە بۆ ئەوەی نیزامێک بگۆڕی دەبێ هێزێکی دیکەت هەبێ کە جێگەی ئەو بگرێتەوە. لە ئێراندا دەبینین ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرشوبڵاو هەیە لە چەپەکان، کۆماریخوازەکان، شاپەرستەکان و موجاهیدین کە بە زۆری لە دەرەوە تێکۆشانیان هەیە و لە ڕاستیدا هەتا ئێستا هەست بەوە ناکرێ کە هیچکام لەم لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆن، توانیبێتیان لەنێو خەڵکی ئێراندا پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆیان دروست بکەن و بتوانن مەسیری ئینقلاب دیاری بکەن. بەو مانا کە ئەگەر ئینقلاب پێ دەگرێ دەبێ ڕێبەرییەکی هەبێ مەسیرەکەی دیاری بکا و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ببیاتە پێش. لەولاشەوە ئەگەر سەیر کەین ڕێژیم هەتا ئێستاش بە هۆی پاڵپشتیی هێزە سەرکوتکەرەکانی درێژە بە سەرکوت و ترساندنی خەڵک دەدا. هەروەها هەتا ئێستا فشارە نێودەوڵەتییەکان وا نەکەوتوونەتە پاڵ یەک کە نیشان بدا وڵاتانی زلهێز و بڕیاردەر ڕووخانی ڕێژیمیان مەبەستە و زۆرجار پێچەوانەکەی لە ئورووپاییەکان و تەنانەت لە ئەمریکاییەکانەوە دەبیسین. بۆیە ئێستا مەسەلەی گۆڕان زۆرتر دێتە بەرباس بەڵام، گۆڕانێک کە زۆرکەس پێیانوایە کۆماری ئیسلامی بەو نێوەرۆکەی خۆی ناهێڵێتەوە. ئەمە لەوانەیە گۆڕانێک بێ کە خەڵکی ئێران پێی ڕازی بن. ئەویش گۆڕانێکە کە لە سەرەتاوە دەبێ لە قانوونی ئەساسییەوە دەست پێبکا. ئەو قانوونەی کە بۆخۆی سەرچاوەی تەواوی ئەو نابەرابەری و جیاکاری لەنێو خەڵک و دوورخستنەوەی خەڵکە لە هاوبەشبوونیان لە ئیدارەی وڵاتدا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە هەموو ئەو شوێنانەی لەو قانوونەدا باسی سەڵاحییەت و مافی خەڵکە بەستراوەتەوە بە پاراستنی ئەسڵی نیزامی ئیسلامی و ڕێکبوونی لەگەڵ ئەحکامی ئیسلامی و تەفسیری ئەمەش دراوەتە دەست شووڕای نیگەهبان.

**کاک کەمال هێندێک وردتر هاتیە نێو کێشەکانی قانوونی ئەساسی و ئەو شتانە کە ئەگەر گۆڕانێک دەست پێبکا لە کوێوە بێ. بەڵام لە سەر کوردستان. ئێستا چ کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و نەمێنێ یا گۆڕانێکی دڵخوازی خەڵک ڕوو بدا، وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی یا حیزبەکانی کوردستانی ئێران زۆرجار باس کراوە و ئیتر بووەتە پرسیارێکی کلێشەیی کە وەزعیان چۆنە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا هەیە، سبەینێ هەر تەحەولێک هەبێ؛ ڕووخان بێ یا گۆڕان وەڵامدەری ئەوەیە کە لەقەدەر داخوازی و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران بن؟**

بە سەراحەت بڵێم زۆر بەداخەوە نا. هەرچەند کوردستان بۆخۆی وەک واحیدێکی جیاواز لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەبێ چاوی لێبکرێ، لەبەر ئەوەی کە خاوەنی خەباتێکی جیاوازە لەو خەباتەی خەڵکی تاران، مەشهەد یا شیراز دەیکەن. ئەویش بەو مانایە کە جگە لە شتە هاوبەشەکانیان کورد بە دوای مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیەوەیەتی. ڕەنگە بڵێین لەهەر هەلومەرجێکدا کە ڕێژیم ئەگەر بەرەو ڕووخان بڕوا ئەو بۆشاییەی کە لە نەبوونی دەسەڵات لە ئێراندا دروست دەبێ کوردستانێکی ئازاد بەدوای خۆیدا دێنێ. ئەمەیان تا ئێرە دەکرێ پێی دڵخۆش بین بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕەنگە کافی نەبێ کە بڵێین حکوومەت دەڕووخێ و....

⟵

کوردستان
ژمارە:٧٢٨
٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٧ _ ٢١ی ژوئەن ٢٠١٨

کوردستان ئازاد دەبێ، بە هۆی تێکشکانی هێزەکانی ڕێژیم و کۆنترۆڵی لەلایەن خەڵک و هێزی پێشمەرگەوە کە دەبێ خاوەنداریەتی کوردستانی ئازاد بکەن. کێشەکە لەوێوە دەست پێدەکا کە ئەم هێزە کوردییانە دەبێ پێشتر بۆ ئەو قۆناغە ئامادەکاری و هاوئاهەنگیی تەواویان کردبێ بە یەکەوە بۆ یارمەتیدان بە ڕووخانی ڕێژیم ئەگەر بەرەو ڕووخانی ڕویشتین و تەنانەت لە ئەگەری گۆڕانیشدا کە ئەگەر فاکتەرەکانی ڕووخان تەواو بەدەستەوە نەبن و ڕێژیم ناچار بە قبووڵی گۆڕانێکی جیدی بێ ئەو جۆرەی خەڵک دەیانەوێ. لێرەشدا دەبینین ئەو بۆشاییە هەر هەیە. هەتا ئێستاش هێزەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی پێوەندییەکانیان باشە بەڵام نەبوونەتە خاوەن بەرنامە و ستراتیژییەکی پێویست کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو قۆناغانە دەبنەوە. بە بڕوای من ئەمە گەورەترین کێشەیە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ بەرەو ڕووخانی ڕێژیم بڕۆین چ بەرەو مەسیری ئەو ئاڵووگۆڕە ئیحتمالیانەی دیکە. لە شەرایتێکی وادا زۆر کێشەی چاوەڕوانکراو هەیە کە هیچیان یارمەتیدەر نابن بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

> هەتا ئێستاش هێزەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی پێوەندییەکانیان باشە بەڵام نەبوونەتە خاوەن بەرنامە و ستراتیژییەکی پێویست کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو قۆناغانە دەبنەوە و ئەمە گەورەترین کێشەیە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ بەرەو ڕووخانی ڕێژیم بڕۆین چ بەرەو مەسیری ئەو ئاڵووگۆڕە ئیحتمالییانەی دیکە. لە هەلومەرجێکی وادا زۆر کێشەی چاوەڕوانکراو هەیە کە هیچیان یارمەتیدەر نابن بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان

**پێشتر باسمان لە وێکچوونەکانی ئێستا و سەرەتای ئینقلاب کرد. ئەودەم لە کوردستان تەنیا دوو حیزب هەبوون کۆمەڵە و دێموکرات. ئێستا هەر ئەم حیزبانە بوونە پێنج شەش حیزب و بۆ خۆیان ناوەندێکی هاوکارییان پێک هێناوە. زۆر کەس دەڵێن ئەوە بۆ ڕوتیناتە هیچ شتێکی جیدی نیە و هیچ ئیلزامێکی تێدا نیە. وەک نموونە باس لەوە دەکرێ کە ئەم ناوەندە بۆ کاری دیپلۆماسیی خۆیان ناوەندێکی هاوبەشیان نیە و هەر حیزبێک دەچێ بە ناوی خەڵکی کوردەوە قسە دەکا و پێشنیاری سەیروسەمەرە دەدا. ئەم کێشانە چۆن چارەسەر دەبێ؟**

دیارە ئەوەی باسی پێوەندیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی هاوکاریی ئەو حیزبانەیە دەبێ بڵێین ئەو ناوەندی هاوکارییە ئێستا لە سەرەتای کاری خۆی دایە. تا ئێستا لەو ناوەندەدا کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەک کە جۆری هاوکاریی هەمەلایەنەی ئەو حیزبانە لەو ناوەندەدا تەعریف بکا پەسەند نەکراوە. بۆیە سەیر نیە کە هەر حیزبێک کە لەو ناوەندەشدا بێ بۆخۆی کار و تێکۆشانی دیپلۆماسیی خۆی هەبێ و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکا. ئەمە ڕەنگبێ بۆ هەمووان ڕەوا بێ. بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەگەر قەراربێ ئێمە گرینگی بدەین بەو داهاتووەی کە لێی نیگەرانین و گرینگی بدەین بەوەی کە چۆن ئەم نیگەرانییانە دوور بخەینەوە لە خۆمان، و زەمینەی هاوکارییەکی باشتر لە داهاتوودا خۆش بکەین و وا بەرەو پێشەوە بڕۆین کە دڵنیا بین لە داهاتوودا کەمتر تووشی ئەو گیروگرفتانە دەبین؛ پێویستە هەموو لایەک بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن دەتوانن هاوکاریی باشتریان هەبێ لە داهاتوودا. ئەزموونی هەموو ساڵانی ڕابردووی ڕۆژهەڵات و هەموو ئەحزابی کوردی نیشان دەدا کە دنیای دەرەوە کەمتر گوێ لە حیزبێک دەگرێ. ئەوان شناختیان هەیە بە نیسبەت حیزبەکان و مەسەلەی کوردەوە، زۆرجار بە نوێنەرانی ئێمە و حیزبەکانی دیکەش گوتراوە ئەگەر بکرێ بە یەکەوە قسە بکەن لەگەڵ دەوڵەتان و ئەو لایەنانەی کە پێیان وایە کاریگەرییان دەبێ لەسەر بابەتەکانیان. هۆکارەکەش ئەوەیە هەر حیزبێک دەچێ قسەی خۆی دەکا ڕاستە بەناوی کوردەوە قسە دەکا. بەڵام ئەو تەنیا قسەی خۆی لە ڕوانینی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە. ئەو شوێنانەش کە دەیانبینین هەموو حیزبەکان دەستیان پێڕادەگا و دەتوانن بیانبینن. بۆ وێنە هەر ئەو ماوەیە لە ئەمریکا کە دوو حیزبی کوردی سەردانی ئەوێیان کردبوو، ناوەندێکی فکریی ناحکوومییان دیوە کە تەبلیغاتی زۆریشی پێوە کرا، کە هەشت مانگ لەمەوبەر نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و جێگری سکرتێری حیزب دانیشتنی لەگەڵیان هەبووە و هەر ئەو باسانەیان لەگەڵ کردوون. لەوانەیە هەموو قسەکان وەک یەک نەچن چون هەرکام لە ڕوانگەی حیزبی خۆیەوە قسە دەکا. بە بڕوای من لە جیاتی ئەوەی لە یەکتری بشارنەوە کە خەریکی چین و زیاتر لەوەی کە هەیە گەورەی بکەنەوە باشتر وایە کە لەگەڵ یەکتر باسەکانیان بکەن بۆ ئەوەی کە دەچنە ئەو شوێنانە قسەی هەموو لایەنەکانیان پێ بێ و بتوانن نوێنەرایەتیی هەموو لایەنەکان بکەن. ئەمە یەکێک لە کێشەکانی نێو ئەو حیزبانەیە و زۆرتر کێشەیەکی ڕەوانییە بە مەبەستی تەبلیغات و خۆنیشاندان. هێندێک دەیانەوێ بەمجۆرە وانیشان بدەن کە ئەوا مەترەحن لە حاڵێکدا ئەو شوێنانە گرینگییەکی ئەوتۆیان لە وەزعییەتی ئێستای ئێمەی کورددا نیە. ئەم بابەتە جیا لەو تەبلیغاتە حیزبییەی کە بە جۆرێک لەڕادەبەدەر گەورە پیشان دەدرێ خاڵێکی گرینگە و ئەگەر ئێستا بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمەی کورد لە داهاتوودا بەرەو چ مەسیرێک لە گۆڕانکارییەکان بە ڕووخانی ڕێژیمیشەوە دەڕۆین و بۆ ئەوەی دڵنیابین کە نیازەکانی داهاتووی خەڵکی کوردستانمان دابین کردوە، پێویستە گرینگی بدەین بە هاوفکری و هاوئاهەنگیی زیاتر لەگەڵ یەکتر لە هەر زەمینەیەکدا؛ چونکی تەنیا کاری دیپلۆماسی نیە، لە زەمینەی کاری پێشمەرگایەتی، ڕاگەیاندن و هەر کارێک کە بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوە پێویستە هەنگاوی باشتر بنێین بۆ ئەوەی لەهەر شێوازی گۆڕانێکدا بتوانین دەوری خۆمان بە باشی بگێڕین.

**ئەوەی کە باست کرد دوو حیزبی کوردستانی ئێران سەردانی ئەمریکایان کردووە من بیستوومە کە ئەو دوو حیزبە داوایان کردووە کە جگە لەوان با حیزبەکانی دیکە نەیەنە ئەوێ، یانی مەرجیان داناوە. واتە گوتویانە ئێمە دێین بە مەرجێک بۆ وێنە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبێ یا فلانە کۆمەڵە نەبێ. ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

ئەو قسە بۆ ئەو دیدارانە نەبوو. لە ڕاستیدا سمینارێک کە لەلایەن لایەنگرانی حکوومەتی پاشایەتی لەوێ پێکهاتبوو و لە ڕێگەی ئاغای نووریزادەوە حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەعوەت کرابوون، کە وەک کورد تەنیا کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بەشدار بووە و لەوێ ئەو قسەیەی کردوە کە گرینگییەکی نیە؛ لەبەر ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سیاسەتی ئێران بۆ داهاتوو لە بازنەی شاپەرەستەکاندا نیە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوان باوەڕیان بە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەن مێژوو و خواستی خۆیەتی نیە.

**یانی هەم حدکا هەم کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ وایان گوتووە؟**

بەڵێ ئێمەش وامان بیستووە.

> حیزبەکانی کوردستان کە دەچنە شوێنێک لە جیاتی ئەوەی لە یەکتری بشارنەوە کە خەریکی چین و زیاتر لەوەی کە هەیە گەورەی بکەنەوە، باشتر وایە کە لەگەڵ یەکتر باسەکانیان بکەن بۆ ئەوەی کە دەچنە ئەو شوێنانە قسەی هەموو لایەنەکانیان پێ بێ و بتوانن نوێنەرایەتیی هەموو لایەنەکان بکەن. ئەمە یەکێک لە کێشەکانی نێو ئەو حیزبانەیە و زۆرتر کێشەیەکی ڕەوانییە بە مەبەستی تەبلیغات و خۆنیشاندان

**باشە ئەمجۆرە پێوەندییە مەترسیی ئەوە دروست ناکا ئەم حیزبانە کە هێزی چەکداریان هەیە سبەینێ لەبەر ئەوجۆرە ڕوانینەیان بۆ یەکتر قبووڵنەکردن کێشە بخوڵقێنن؟ چ زەمانەتێک هەیە کە سبەینێ کە لە سنوورەکان چووینە ئەودیوو ئەوەی بە شەڕی براکوژی ناودەبرێ دەست پێنەکاتەوە؟**

بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێمە لە دە ساڵی ڕابردوودا بە سەردانی بەردەوامان لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ڕێکخستنی پێوەندییەکی ساڵم لەگەڵ هەموویان هاندەر بووین بۆ ئەوەی بتوانین بەیەکەوە کار بکەین. دەزانین کۆسپەکان کەم نەبوون لەسەر ڕێگەمان. ئێستا ئەم کۆسپانە ناڵێم نەماون بەڵام کەم بوونەتەوە. هەربۆیە توانیمان ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دروست بکەین. هەرچەند ئەوەش بۆخۆی بێ کێشە نەبوو لەلایەن هێندێک لە حیزبەکانەوە. ئەمە ڕاستییەکە لەبەردەم حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا کە نە هیچ حیزبێک بە تەنیا، نە دوو دوو بە یەکەوە و تەنانەت دروستبوونی هیچ جەمسەربەندییەکی حیزبی ناتوانێ خزمەت بە داهاتووی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بکا. ئەمە ئەزموونێکی گشتی بزووتنەوەی کوردە، ئەزموونی چل ساڵ بەیەکەوە نەبوونمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەزموونی زیاتر لە ٥٠ ساڵ خەباتی باشوور، تەنانەت باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش لەم چەند ساڵەدا، پێمان دەڵێ بەیەکەوە نەبوونمان هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەمدا ناهێڵێتەوە جگە لە یەکترکوژی. بۆیە دروستکردنی ناوەندی هاوکاری شتێکی پێویست بوو، پەرەپێدانی جۆری هاوکارییەکانی ئەو حیزبانە زۆر گرینگە و هەوڵدان بۆ ئەوەی سنووری هاوکارییەکانمان لە چوارچێوەی ناوەند بگوازینەوە بۆ ڕێکخستنی بەرەیەکی کوردستانی ئەرکێکی زەرووریە. بۆ ئەو کارەش ئێمە بەرنامەی خۆمان ئامادە کردوە هەرچەند بەداخەوە ئێستا بە تەواوی زەمینەی ئەو کارە لە نێو هەموو حیزبەکاندا ئامادە نیە. بۆیە ئێستا باشتر وایە لە چوارچێوەی ناوەنددا چۆنیەتیی هاوکارییەکانمان دیاری بکەین و ئەمەش کارێکی قورس نیە. دەتوانین بۆ هەموو ئەو کارانەی لەبەر دەستمان دایە کۆمیتەی هاوبەش دروست بکەین و ئەرکەکان بە یەکەوە ڕاپەڕێنین. ئێمە ئەم باسانەمان لە ناوەندی هاوکاریدا بووە. ئێمە هەمیشە پێداگریمان کردوە لەسەر بەیەکەوەبوونمان و ئێستاش پێمان وایە کاری یەک یا دوو حیزبیش بەیەکەوە ناتوانێ ئەو کەلێنانە پڕبکاتەوە و لەوانەیە ئەگەر هەروا بڕوا لە جیاتی بەرەیەک دوو بەرە دروست ببێ. دروستبوونی ئەم دوو جەمسەرییە لە نێو حیزبەکاندا لە باشووری کوردستان لە دەیەی ٦٠ی میلادیدا ئەزموونێکی تاڵی لێ کەوتەوە و ئەوجا لە جیاتی دوو حیزب بەشەڕبێن دوو گرووپ لە حیزبەکان بوونە دوژمنی یەکتر.

**لە قسەکانتاندا وادەردەکەوێ کە مەترسییەکان هەست پێدەکەن. باشە جیا لەو واقعە، ئێستا کە تێکنۆلۆژیی پێوەندییەکان گەشەی کردوە و لە بەردەستی حیزبەکانیشدا هەیە، ئەو دەرفەتە چۆن کەلکی لێوەرگیراوە؟ یان پێتان وانیە کە خراپ کەلکی لێوەرگیراوە و ململانێی نێوان حیزبەکان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە خراپ ڕەنگی داوەتەوە؟ چ بکرێ بۆ ئەوەی ئەمە کار نەکاتە سەر پێوەندیی حیزبەکان؟**

ڕاستییەکەی هیچ شتێک تەزمینی ئەوە ناکا جگە لەوەی حیزبەکان ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە هەوڵ بدەن بەرنامەیەکی عەمەلی بۆ هاوکاریی هەمەلایەنە دیاری بکەن. بۆ ئەوەی هەمووان بەیەکەوە لە کارەکاندا بەشدار بن. ئێمە نابێ بڵێین حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی ٥٠ لەسەدی خەڵکی کوردستانە و فلانە حیزب ٥ لەسەدی خەڵکی لەگەڵە. دیارە ئەو هاوسەنگییە هەر ناکرێ و هەر حیزبێک بەپێی نفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی پێگەی بەهێزتر و دیارتر بێ و زۆریش ئاساییە کە شوێندانەریی زیاتری هەبێ لە نێو کۆمەڵگە و دەورووبەریش. بەڵام ئەگەر بێینە سەر بیرکردنەوە لە هاوکاری دەبێ ئەو شتانە وەلابنێین. بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمە چۆن دەتوانین وەها بەیەکەوە بین کە وەکوو واحیدێک عەمەل بکەین، ئەمەش تەنیا ڕێگەیە کە دەتوانێ دوورمان خاتەوە لەو داهاتووەی کە لێی دەترسێین. ئەگینا هیچ تەعەهودێکی یەک یا دوولایەنە ناتوانێ پێشی ئەوە بگرێ. ئەگەر ئێمە تەعەهودی ئەخلاقیمان نەبێ بەرامبەر خوێندنەوەمان بۆ داهاتووی کوردستان و هاوکاری هەموو حیزبەکان لەگەڵ خۆمان بە زەروور نەزانین ڕەنگە سبەینێ زۆر شت بخەینە ژێر پێ. گرینگ ئەوەیە کە ئێمە بتوانین لەگەڵ هەموو حیزبەکان بەبیرکردنەوەی هاوبەش بەرنامەیەکی ئەوتۆ دابڕێژین کە هەموومان وەک ئەوی دیکە کارەکە بکەین. لەوێدا ئیتر دیار نیە بن کێم و ئەوی دیکە کێیە. چونکە کورد بەیەکەوە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە.

> گۆڕان لە ئێران لە سەرەتاوە دەبێ لە قانوونی ئەساسییەوە دەست پێبکا. ئەو قانوونەی کە بۆخۆی سەرچاوەی تەواوی ئەو نابەرابەری و جیاکاری لەنێو خەڵک و دوورخستنەوەی خەڵکە لە هاوبەشبوونیان لە ئیدارەی وڵاتدا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە هەموو ئەو شوێنانەی لەو قانوونەدا باسی سەڵاحییەت و مافی خەڵکە بەستراوەتەوە بە پاراستنی ئەسڵی نیزامی ئیسلامیی و ڕێکبوونی لەگەڵ ئەحکامی ئیسلامی و تەفسیری ئەمەش دراوەتە دەست شووڕای نیگەهبان

**هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نیگەرانییانە و کار و بەرنامەکانی داهاتووی ئەو ناوەندە هاوکارییە، بفەرموون کە پێشنیاری ڕوونتان چیە؟**

ئێمە ئێستا ناوەندێکی هاوکاریمان هەیە و وەک ئەرک دەبێ هەرچی زووتر ئاییننامەیەکی تێدا پەسەند بکرێ و بە پێی ئەو ئاییننامەیە جۆری پێوەندییەکانمان دیار بێ و ئەرکەکانمان دیاری بکرێ. هەروەها بۆ کاری هاوبەش گرووپی هاوبەش دروست بکەین، بۆ هەر کارێک چ کاری دیپلۆماسی بێ یا پێشمەرگانە یا ڕاگەیاندن و هەر ئەرکێکی دیکە. ئەوە جیاواز لەوەی هەر حیزبێک کاری تایبەتیی خۆی هەیە. ئەو جۆرە لە هاوکاری دەتوانێ یارمەتیمان بدا بە بەرینتر کردنەوەی بازنەی هاوکاری هەموو حیزبەکان و بێگومان کاریگەریی باشی دەبێ لەسەر قوناغەکانی خەباتی داهاتوومان. وەک پێشتر باسم کرد بۆ ئەو کارە ئێمە شتی ئامادەمان هەیە و هیوادارم کە بتوانین لە ڕێکخستنی باشتری هاوکارییەکانمان لە چوارچێوەی ناوەند و تەنانەت بەرەیەکی بەرینتریشدا سەرکەوتوو بین.

# سپای پاسداران خرایە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی جیهانەوە



ڕۆژی سێشەممە، ٢٢ی جۆزەردان پەرلەمانی کەنەدا پڕۆژەبڕیاری ڕاگرتنی هەموو چەشنە وتووێژێک بۆ گرێدانەوەی پێوەندیی دیپلۆماسیی نێوان کەنەدا و ڕێژیمی ئیسلامیی تارانی پەسند کرد. هەر بە گوێرەی ئەو پڕۆژەبڕیارە سپای پاسدارانی ڕێژیمی تاران خرایە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی دنیاوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکان، سەرباری ئەوەی کە ئەو پڕۆژەبڕیارە لە لایەن گارنێت جێنێس، نوێنەری پارێزکاری پەرلەمانی کەنەداوە پێشنیار کرابوو، بەڵام لە لایەن ئەندامانی لیبراڵیشەوە پەسند کرا و دەنگی پێ درا، لەوانە جاستین ترۆدۆ، کە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، ئەوکاتەی سەرۆکوەزیرانی کەنەدا بوو، پاش ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران و وڵاتانی ١+٥ لە ساڵی ١٣٩٤دا، کە ئەم دواییانە سەرکۆماری ئەمریکا لێی هاتەدەرێ، بەڵێنی دابوو پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان کەنەدا و ئێران، کە لە ساڵی ١٣٩١ەوە پچڕابوون، ڕێک بخاتەوە.

مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی، دەوڵەتی کەنەدا ڕێژیمی ئێرانی بە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی دنیا وەسف کرد و باڵیۆزخانەکەی لە تاران داخست. وەزیری کاروباری دەرەوەی کەنەدا ئەوکاتە ڕایگەیاند کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران ناڕوونە، هەوەرها ئێران بە ناردنی چەک بۆ سووریە هەڕەشە لە ئەمنیەتی دنیا دەکا و «ڕێژیمی ئێران گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی لە دنیادا».

گارنێت جێنێس بۆ ڕوونکردنەوەی پێشنیارەکەی، لیستێکی دوورودرێژی لەو هۆکارانە خستووەتە ڕوو، کە بە پێی ئەو هۆکارانە پیویستە ڕێژیمی ئێران بە «ئەکتەرێکی ناپەسند»ی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان لەقەڵەم بدرێ و دەوڵەتی کەنەدا نەک هەر پێوەندییەکانی لەگەڵ تاران بپچڕێنێ، بگرە هیچ چەشنە وتووێژێکیش لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا نەکا.

گارنێت جێنێس گوتوویەتی: «٨٠ میلیۆن ئێرانی لە نەبوونی ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی یاسادا ئازار دەچێژن و ئێمە پێویستە لەسەر ئەو بابەتانە بۆ خەڵکی ئێران پێداگری بکەین.»

ڕۆژی هەینی ٢٥ی جۆزەردان مایک پۆمپیو، وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی ئەمریکا لە تویتێکدا پێشوازیی لەو بڕیارەی پەرلەمانی کەنەدا کردووە کە سپای پاسدارانی ڕێژیمی تارانی خستووەتە لیستی تیرۆرە.

پۆمپیو لە تویتەکەیدا نووسیویەتی: «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشوازی لە بڕیارەکەی کەنەدا دەکا، کە بەتوندی ئێرانی مەحکووم کردووە و سپای پاسدارانی خستووەتە لیستی تیرۆریزمەوە، بە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی تاران بەردەوامە لە پشتیوانیکردن لە تیرۆریزم.»

پۆمپیو نووسیویەتی: «گەلانی ئێران لە بەرانبەر ئەو هەنگاوانەی ئەو ڕێژیمە گەندەڵەدا ڕاپەڕیون و ئێمەش پشتیوانییان لێ دەکەین و لە هەموو وڵاتانیش دەخوازین کاربەدەستانی ئێران ناچار بکەن مل بۆ وەڵامدانەوە کەچ بکەن.»

لە بەرانبەر ئەو هەنگاوەی پەرلەمانی کەنەدادا پاسدار ئەبوولفەزل شکارچی، وتەبێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی تاران بڕیارەکەی پەرلەمانی کەنەدای بە «دنەدەر» وەسف کردووە. وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕێژیمیش بۆ ئەو هەنگاوەی کەنەدا پێناخۆشبوونی خۆی دەربڕیوە و گوتویەتی: «ئەوە بە تەواوی بە زیانی کەنەدا دەشکێتەوە.» وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمیش داوای لە دەوڵەتی کەنەدا کردووە، نەهێڵن ئەو پڕۆژەبڕیارە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و «بە هەڵەی ستراتیژی» ناوی بردوە، کە «دەرهاویشتەی وێرانکەر»ی لێ دەکەوێتەوە.

ڕێژیمی تاران نەک هەر بە لای گەلانی ئێرانەوە هەموو شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە، کە لە بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران لە دژی ئەو ڕێژیمە ڕاپەڕین و هەتا ئێستاش ڕۆژانە خۆپێشاندانی نارەزایەتیی گرووپە پیشەییەکان و ماڵخوراوان لە لایەن بانکەکانی ڕێژیمەوە و ستەملێکراوانی ئایینی و نەتەوەیی بەردەوامە، خەریکە بەرەبەرە فێڵ و تەڵەکە نیودەوڵەتییەکانیشی دەدۆڕێنێ. جودا لە دەوڵەتی کەنەدا زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی بواری ئابووری و سەرمایەگوزاری و تەنانەت بانکە نێودەوڵەتییەکان و تۆڕی بانکیی نێودەوڵەتیی سویفت و کۆمپانیاکانی فڕۆکەسازی و پاپۆڕەوانیش لە مانگی ڕابردوودا ڕایگەیاندووە، کە هاوکارییەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی تاران ڕادەگرن. ئەوەش وای کردووە، کە بە وتەی وەحید شقاقی، پسپۆڕ و مامۆستای ئابووری لە زانستگەی خوارەزمی، کە بۆ هەواڵدەریی «ئیسنا» قسەی کردووە، «لە ٨ مانگی ڕابردوودا، بە هۆی گرانبوونی نرخی دۆلار لە بەرانبەر ڕیاڵی ئێراندا لەسەدا ٨٠ی توانایی دابینکردن و کڕینی پێداویستییەکانی ژیان لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە دابەزیوە.»

ئەو ئابووریزانەی زانستگەی خوارەزمی دابەزینی نرخی پارەی نیشتمانیی ئێرانی بە «شەپڵەی ئابووری» لەقەڵەم داوە و گوتوویەتی: «هەتا ئێستا نیشانە گورچووبڕەکانی لە ئابووریی ئێراندا وەدیار نەکەوتوون» و پێشبینی کردووە: «تا کۆتایی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی نرخی هەڵاوسانی ئابووری لە ئێران ڕێژی لەسەدا ٣٠ تێپەڕ بکا.»

کوردستان
ژمارە ٧٢٨
٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٧ _ ٢١ی ژوئەن ٢٠١٨

# هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان له ڕۆچنەی ئامارەوە

## ( پارێزگای سنه)

«کوردستان»

کوردستان وەک بەشێک لە ئێران لە ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ناوچەیەکی گەشەنەسەندوو بووە، یان بە واتایەکی دی ناوچەیەک بووە کە بە شێوەی سیستماتیک لە هەژاریدا و لە دواکەوتووییدا ڕاگیراوە، هۆکارەکەشی بۆ زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنیەتیی کاربەدەستان لە کوردستان دەگەڕێتەوە.

هەندێ داتا و ئامار کە لەم ساڵ و لە زمانی خودی کاربەدەستان بڵاوبوونەوەتەوە، دیمەنێکی گشتی لە ئابووری و لە دۆخی ئیداریی کوردستانمان بۆ دەردەخەن. لە بەشی یەکەمی ئەو مژارەدا باس لە پارێزگای سنە، وەک یەکێک لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

پارێزگای سنە ماوەی دە ساڵ زیاترە هەموو ساڵێک ئەگەر لە سەرووی بێکارترینی پارێزگاکانی ئێران نەبووبێ، حەتمەن دووهەم یان سێهەمە.

نوێنەری سنە، دیواندەرە و کامیاران لە مەجلیسی شورای ئیسلامی دەڵێ، نرخی بێکاری لە پارێزگای سنە لە سەدی ٤٥ زیاترە. سەید ئەحسەن عەلەوی هەروەها دەڵێ، لە بەشی داهاتی سەرانە، پارێزگای سنە لە ئاستی پارێزگاکانی ئێراندا لە پلەی ٢٩، لە نرخی زیادە لە پلەی ٢٤ و لە بەشی سەرچاوە بانکی و ئاسانکاریش لە پلەی ٢٧ی ئێراندا بووە و هەروەها ئەم پارێزگایە لە پێوەرەکانی گەشەش لە بارودۆخێکی باشدا نیە.

ناوبراو هەروەها دەڵێ لە بواری پێوەری هەژاریی چەند لایە نێونجیی ئێران سەدی ١٧یە، بەڵام هەژاری لە پارێزگای سنە سەدی ٤٣یە و بەوەش لە ئاستی ئێراندا و لە ڕووی هەژاری یەکەم پارێزگایە.

لە حاڵێکدا ٥ هەزار مەهەندیسی کەشاوەرزی لە پارێزگای سنەدا بێکارن، تەنیا زیاتر لە ١٠٠ کەس بۆ دامەزراندن ناسێندراون کە لەم ڕێژەیەش تەنیا ١٦ کەسیان تاقیکردنەوەی دامەزرانیان داوە.

لەتیف شیردل، سەرۆکی ئاموزشکەدەی فەننی و حیرفەیی پەزدانپەنای سنەش وێڕای ئاماژە بە بوودجەی ئاوەدانکردنەوە بۆ ناوەندەکانی فەننی و حیرفەیی ئەم پارێزگایە گوتی، لە بواری بودجەی ئاوەدانکردنەوە لە ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی ڕێکخراوی بەڕێوەبەریی و پلاندانانی پارێزگا ٥ میلیارد و ٢٠٠ میلیۆن تمەن پەسند کرا کە دواجار تەنیا یەک میلیارد تمەنیان پێدرا.

سەرۆکی ڕێکخراوی پیشەسازی، سامانەکان و بازرگانیی سنە نایشارێتەوە کە لەم پارێزگایە هیچ سەرمایەگوزارییەک نەکراوە. محەممەد دەرەوزمی وێڕای ئاماژە بەوەی کە لەم پارێزگایەدا ٧٥٨ یەکەی بەرهەمهێنانی لە بەشی پیشەسازیدا هەیە و گوتی لەم ڕێژەیە ١٢٨ یەکە وەستاو و ٢٤٢ یەکە نیوە چالاک و ٣٨٨ یەکەی دیکەی چالاکی دەکەن.

سەرۆکی ڕێکخراوی پیشەسازی، سامانەکان و بازرگانیی سنە وێڕای ئاماژە بەبوونی ١٨ جۆری مادەی کانزایی لەم پارێزگایە گوتی ئەم پارێزگایە بەهۆی لێهاتوویی باش لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە دەتوانرێ بکرێتە سەنەعەتیترین پارێزگا؛ کەچی هەموو کانزاکانی خاوفرۆش دەکرێن.

خوێندەواری پێوەرێکی دیکەی گەشەکردنی هەر وڵات و ناوچەیەکە.

ڕەمەزان یوسفی، جێگری بەشی خوێندەوارکردن لە ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی پارێزگای سنە دەڵێ پارێزگای سنە لە ڕووی زۆربوونی کەسانی نەخوێندەوار دووهەمین پارێزگا لە هەموو ئێرانە.

ئەو دەڵێ بەپێی سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٣٩٠، ئاماری سەرجەم نەخوێندەوارەکانی وڵات سەدی ١٥ بووە کە ٩ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار کەسیان بە تەواوی نەخوێندەوار بوون و ١١ میلیۆن کەسیشیان خوێندەواریی سەرەتاییان بووە.

یۆسفی بە ئاماژە بەوەی پارێزگای سنە دوای سیستان و بەلوچستان پلەی دووهەمی نەخوێندەواریی لە ئاستی ئێراندا هەیە، گوتی: هەر بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ٩٠، پارێزگای سنە زیاتر لە ٢٨٦ هەزار نەخوێندەواری بەتەواو مانا و ٢٦٢ هەزار کەسی کەمسەوادی بووە.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە لە پارێزگای سنە ٢٩٠٠ پرۆژەی نیوەچڵ هەیە. بۆ نموونە پرۆژەی فرۆکەخانەی سەقز، پرۆژەیەکی نیوەکارە کە ١٣ ساڵە دەستی پێکردوە، بەڵام تا ئێستا تەنیا سەدی ٥٠ی پێش کەوتووە و بۆ تەواوبوونی ٦٠ میلیارد تمەنی دیکە بودجە پێویستە.

هەر لەو شارە و پرۆژەیەکی دی نەخۆشخانەی ناوەندیی شارەکەیە کە لە ساڵی ٨٦ ەوە بە ڕواڵەت کاری لەسەر دەکرێ و هێشتا پاش ١١ ساڵ پێویستی بە ٩ میلیارد تمەن بودجەی نوێ هەیە، تاکوو بگاتە قۆناغی کارپێکردن.

بینای نەخۆشخانەی کەوسەری سنە نموونەیەکی دیکەیە کە پاش ٥ ساڵ لە دەسپێکی دروستکردنەکەی بەهۆی تەرخاننەکرانی بودجە بە نیوەچڵ ماوەتەوەو کاربەدستان دەڵێن وەرێخستنەکەی ٧٠ میلیارد تمەنی دیکەی پێویستە.

خراپبوونی ڕێگەوبانەکانی پارێزگای سنە بابەتێکی دیکەی گرینگی ئەم پارێزگایەیە و جگە لە خراپیی ڕێگەوبان و جادەکان، ناستانداربوونی ماشێنەکانی ئێران ڕۆژ نیە بە ڕووداوی هاتوچۆ کەس یان کەسانێک نەبنە قوربانی، لە لایەکی دیکەشەوە زیان و خەسارە ماڵییەکانی لەوێ بوەستن.

محەممەد سادق وەجدی، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبان و شارسازیی پارێزگای سنەش ڕایگەیاندوە کە تەکمیلکردنی پرۆژەی ڕێگای نێوان سنە - مەریوان پێویستیی بە ١٥٠ میلیارد تمەن بودجە هەیە. لە بواری ئاسمانیش پارێزگای سنە بارودۆخی نە چەندان باشی هەیە و تەنیا فرۆکەخانەیەکی کۆنی هەیە کە ڕۆژانە یەک جار مسافیر دەگوازێتەوە و زۆربەی کاتەکان بە بیانووی جۆراوجۆر سەفەرەکان هەڵدەوەشێننەوە. لە لایەکی دیکەوە چیرۆکی فرۆکەخانەیەکی دیکە کە قەراربوو لە شاری سەقز دروست بکرێ، بەڵام ئەم پرۆژەیە هەر لەسەر کاغەز مایەوە و تەنیا قسە بوو.

هەروەها لە دە شاری پارێزگای سنە هەشت شاریان لە ساڵۆنی سینەما بێبەشن. پارێزگای سنە کە حەشیمەتەکەی سەروو یەک میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسە، تەنیا سێ سینەمای چالاکی هەیە، لە حاڵێکدا ستانداردی جیهانی بۆ هەر ٢٠ هەزار کەس ساڵۆنێکی سینەمایە، بەڵام لە ئێران ئەو نێونجە نیزیک بە ٢٠٠ هەزار کەسە.

کەمیی ساڵۆنی سینەما لە کوردستان لە حاڵێک دایە کە پارێزگای سنە جەمسەری سەرەکیی بەرهەمهێنانی کورتەفیلم لە ئێرانە و ئیسلامئابادی ڕۆژاوا، کامیاران، گەیلانی ڕۆژاوا، هەرسین، تیکاب، سائینقەڵا، بانە، پیرانشار، دێولان، ئیلام، ئابدانان، پاوە، سەڵماس، سەرپێڵی زەهاو، نەغەدە، دێهلۆران، بۆکان و سەردەشت چەند شارێکی کوردستانن کە هەر سینەمایان نیە.

چاوەدێرانی سیاسی دەڵێن بە هۆی بارودۆخی تەپیوی ئابووریی ئێران و گەمارۆکانەوە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەش تووشی گیروگرفت هاتوون و لەم نێوەدا خەسارەکە زیاتر بەر ناوچەکانی کوردستان کەوتووە کە ئەگەر لەلایەک کەمترین پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی تێدا جێبەجێ دەکرێ، ئێستا بەهۆی ئەو بارودۆخەوە ئەو کەمە پرۆژەیەش ناگەنە ئاکامو زۆربەیان بە نیوەچڵ ماونەتەوە.

دیارە پشتگوێخرانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە نێوخۆی وڵات لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا بە دەیان میلیارد دۆلاری لە چوارچێوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ وڵاتانی عێراق، سووریە، لوبنان و بەشێک لە وڵاتانی ئافریقایی خەرج کردوە.

# ئەشکی تیمساح و ناشتنی خۆر

## (له پەراوێزی وتاری خامنەیی لەسەر پرسی ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین)



عومەر باڵەکی

له نوێژی هەینیی ئەمجارەی تاراندا کە هاوکات بوو لەگەڵ جێژنی ڕەمەزان، عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشنوێژ و وتارخوێن بوو. ئەو لە بەشێک لە قسەکانیدا جارێکی دی کۆمەڵێک کێشە و پرسی خستە پێش کە هیچ گرینگییەکیان بۆ خەڵکی ئێران نیە و وەک هەموو جاران هاتە سەر کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین. خامنەیی لە قسەکانیدا بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل باسەکەی هێنایە سەر ئەوە کە ڕاپرسییەک لە فەلەستین و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بکرێ و ئەنجامەکەی ببێتە سەنگی مەحەک و بەوە کێشەی دەیان ساڵەی نێوانیان ببڕدرێتەوە.

لە ڕاستیدا و لە یەکەم سەرنجدا ئەو قسەیە دووپاتە و چەند پاتەی باسێکە کە خامنەیی سەرەتا ١٦ ساڵ پێش ئێستا و لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەسیجییەکاندا کردی و لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەگەڵ هەموو هەوڵێکی دەسەڵاتدارانی تاران هیچ کەس و لایەنێک ئەو پێشنیارەی وەک ڕێکار بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل وەرنەگرتووە. هۆکارەکەش ڕوونە، چونکی ئەو شێوە ڕیفراندۆمەی کە ئاغای خامنەیی مەبەستیەتی، ئەگەر بکرێ ئاکامەکەی نەمان و لەنێوچوونی دەوڵەتی ئیسرائیلە و هەموو لایەک و ئاغای خامنەیی و داروودەستەکەشی باش دەزانن کە شتی وا مەحاڵە؛ لە بەر ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل ٧٠ ساڵ پێش ئێستا (لە ساڵی ١٩٤٨) دوای ڕاگەیاندنی وەک دەوڵەت لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە ڕەسمی ناسراوە و دانی پێدا نراوە. ئێستا ئەوە حەق یا ناحەق بووەتە ئەمری واقع و نەک زەحمەت، بگرە مەحاڵە کۆمەڵگەی جیهانی قەبوولی ئەوە بکا جارێکی دیکە لە هەموو ئەو ناوچەیەدا کە ئێستاکە بە فەلەستین و ئیسرائیل ناسراون ڕیفراندۆم بکرێ.

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی یا نازانی یا خۆی لە گێلی دەدا و یان بە ئانقەست دەیهەوێ بە هێنانەبەرباسی پرسی ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین خۆی لە ئاستی بەرپرسایەتیی لە قەیران و کێشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای وڵاتەکەی بدزێتەوە کە ئەو کۆمەڵە قەیرانەی بەهۆی سیاسەتی هەڵە و چەوتی ئەو لە ناوچە و جیهاندا بەرۆکی گەلانی ئێرانی گرتووە. خامنەیی بەو قسانەی ویستی وا نیشان بدا کە ئەو لە بەر خەمخواردن لە کێشەکانی دنیای ئیسلام ناپڕژێتە سەر بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆی ئێران _کە لە ڕوانگەی جەنابیانەوە وادیارە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی نیە_ و چارەسەری قەیرانەکانی نێوخۆی وڵات تەنیا ئەوکاتە دێتە دی کە دەوڵەتی فەڵەستین بەو جۆرەی کە ئەو دیهەوێ پێک بێ و بەو بیرۆکەیە بیروڕای گشتیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بۆ لای ئەو قەیرانانە ڕابکێشێ کە خۆیان _کۆماری ئیسلامی_ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران یان خولقاندوویانە، یان دەنا ڕێگریان کردوە لە چارەسەرکردنیان.

بەڵام ئەوەی خامنەیی ناتوانێ خۆی لێ لابدا ئەو حەقیقەتەیە کە لە ئێستادا خەڵکی ئێران کەمتر گوێ دەدەنە ئەو جۆرە قسانە و وەها باسگەلێک لای ئەوان نە بایەخی هەیە و نە لە بنەڕەتدا بۆیان گرینگە. خەڵکی ئێران لە ئێستادا خەمی گەورەیان ئەوەیە کە چۆن درمانی دەردی خۆیان بکەن و چۆن دەکرێ کە سەرەتا ڕێگاچارەیەک بۆ قەیرانەکانی نێوخۆی وڵات بدۆزرێتەوە و دوایە بەپێی پێویست بەدوای پرسە سیاسییەکانی ناوچە و جیهاندا بچن.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا، ئاغای خامنەیی باش دەزانی و بە ئاگایە کە مێژووی دروستبوونی ئەو کێشەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە و، چارەسەی ئەو مەسەلەیەش بێجگە لە شەڕی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و ڕاپەڕینی فەڵەستینییەکان، کۆمەڵگەی جیهانیش چەندەی هەوڵ داوە بۆ چارەسەرکردنی. بەڵام بە داخەوە هەتا ئیستا نەتوانراوە ڕێگایەکی گونجاو کە هەردوو لایەن پێی رازی بن، بدۆزرێتەوە. ئەوەی گرینگ و جێی باسە ئەوەیە کە لە ماوەی ٤٠ سالی ڕابردوودا سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و خودی ئاغای خامنەیی یەک لە هۆکارە سەرەکی و هەرە بەهێزەکان بوون کە ڕێگریان کردووە لە وەدیهاتنی ئاشتی و ئارامی لە نێوان فەڵەستینیەکان ودەوڵەتی ئیسرائیلدا.

نیزامی کۆماری ئیسلامی چ لە سەردەمی خومەینی و چ لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی خامنەییدا سوور بوون لە سەر هەناردەکردنی شۆڕش و قەیرانخولقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینیشدا ستراتیژییان ئەوە بووە کە هاندەری بەناو بەربەرەکانیی ئیسلامی بن کە ئامانجی لەنێوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیلە.





کارکردی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە هەر گوتارێکی سیاسیی ڕووت نەبووە، بەڵکوو بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە میلیاردها دۆلار لە سامانی گەلانی ئێرانیان خەرجی پێکهێنان و دروستکردنی ڕێکخراوی بناژۆخوازی ئیسلامی کردووە و هەمووکات لایەنێکی بنەڕەتی بووە لە تێکدانی ئاشتی و ئارامیی ناوچە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خۆدی فەلەستینییەکان بە دوای چارەسەرێکی ئاشتیانەدا دەگەڕێن کە بتوانن لە سەر خاکی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەی جیهانیش لە ویست و داخوازی فەلەستینیەکان تێ گەیشتووە و هەوڵ دەدا ڕێکاری پێکهێنانی دوو دەوڵەتی فەڵەستین_ ئیسرائیل لە تەنیشت یەکتری بێنێتە دی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و دنیای ئیسلامیش پشتگیری لەو چارەسەرە دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن. بۆ ئەو مەبەستەشە کە حکومەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین لە مێژساڵە وەک ئەندامی چاوەدێر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگیراوە و ئاڵای دەوڵەتی فەلەستین لە بەر دەرگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕیزی ئاڵای وڵاتانی سەربەخۆدا دەشەکێتەوە.

> دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە پرسی فەلەستین و ئیسرائیلدا هەر گوتارێکی سیاسیی ڕووت نەبووە، بەڵکوو بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە میلیاردها دۆلار لە سامانی گەلانی ئێرانیان خەرجی پێکهێنان و دروستکردنی ڕێکخراوی بناژۆخوازی ئیسلامی کردووە و هەمووکات لایەنێکی بنەڕەتی بووە لە تێکدانی ئاشتی و ئارامیی ناوچە؛ ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خۆدی فەلەستینییەکان بە دوای چارەسەرێکی ئاشتیانەدا دەگەڕێن کە بتوانن لە سەر خاکی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن

لێرەدا جێی خۆیەتی و پێویستە ئەو پرسیارە لە ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێ کە ئاخۆ وەک دەڵێ باوەڕی بە ڕیفراندۆم و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک هەیە بە مەبەستی چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان؟ ئەگەر جەنابیان باوەڕیان بە ڕیفراندۆم بە مانای ڕاستیی وشە هەیە کە خەڵک لە ڕێگای دەنگی خۆیانەوە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەی چۆنە دژی هەرچەشنە ڕاپرسییەکە لە نێوخۆی ئێراندا بکرێ، ئەویش لە کاتێکدا کە دەیان قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پرسی جیددیی جێی مشتومڕ بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتووە. نموونەش ئەو کاردانەوە توندە بوو کە لە بەرامبەر حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ڕێژیمەکەیدا نواندی؛ کاتێک ناوبراو لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوودا و لە وتاری ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی ڕووخانی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیدا باسی لەوە کرد کە «ئەگەر لە جێیەک کێشەیەکمان لەگەڵ یەکتر هەیە با بگەڕێینەوە بۆ ئەسلی ٥٩ لە قانوونی بنەڕەتی و لە ڕێگای گشتپرسی و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک چارەسەری کێشەکان بکەین.»

بیجگە لەو بابەتە کە وای دابنێین بابەتێکی نێوخۆییە، بۆچی کاتێک بەشێک لە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق پەنا بۆ گشتپرسی وەک ئامرازێکی سەردەمیانە وپێشکەوتوو دەبا، جەنابیان نەک هەر هەڕەشە و دژایەتیی دەکا؛ بەڵکوو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی دیکە بە داخستنی سنوورە ویشکایی و ئاسمانییەکانی ئابلۆقەیەکی توندی ئابووری و سیاسیان خستە سەر هەرێمی کوردستان و تەنانەت هەڕەشەی دەستێوەردانی نیزامیشیان کرد؟ ئەو سیاسەتە دووفاقەیە بەرهەمی کام دنیابینی و خوێندنەوەیە کە ئاغای خامنەیی ڕەچاوی دەکا؟

ئاغای خامنەیی و دەسەڵاتدارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئەوە باش دەزانن کە لە سەدەی ٢١ دا نەتەوەیەکی زیاتر لە ٤٠ میلیونی بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە و هەمان ئەو زلهێزانە دابەشیان کردووە کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان دروست کردووە. ئەگەر دروستکردنی ئیسرائیل هەڵەیە و غەدرە لە فەلەستینییەکان، دابەشکردنی کوردستانیش هەڵەیەکی مێژوویی و غەدرێکی گەورەیە لە نەتەوەی کورد کراوە؛ ئەدی چۆنە ئاغای خامنەیی ئەو مافە بە فەلەستینیەکان ڕەوا دەبینێ بەڵام بە کوردی ڕەوا نابینێ؛ تەنانەت ئەگەر ئەو ڕیفراندۆمە لە دەرەوی سنوورەکانی ئێرانیش بکرێ و هیچ زیانێک بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەگەیەنێ؟

لە ساڵی ڕابردوودا کە پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان وەک مافی بێ ئەملاوئەولای خەڵکی کوردستان لە ئارادا بوو، هەڵوێستی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و ڕاگەیەنەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی ئێران مان لە بیرە کە بە هەموو توانایانەوە ویستیان وێنەیەکی تۆقێنەر لەو گشتپرسییە نیشانی خەڵکی ئێران بدەن و بە دەستکردی وڵاتانی ڕۆژئاوای دابنێن و ئاکامەکەی بکەنە مەترسی لە سەر ئەمنییەتی نیشتمانی. لە حاڵێکدا ڕاست بە پێچەوانەوە ئەگەر ئاشتیی فەلەستین و ئیسرائیل ئارامیی بۆ ئەو ناوچەیە دەگێڕێتەوە ،چارەسەری مەسەلەی کوردیش دەتوانێ ئاشتی و ئارامی لەو بەشەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مسۆگەر بکا.

دوا قسە ئەمەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین و خەبات و مافەکانیان ڕاستگۆ نین، هەروەک لەگەڵ خەڵکی خۆیان و نەتەوەی کورد و باقی گەلانی دیکەی ناوچەکەش ڕاستگۆ نەبوون و نین. ئەوان تەنیا بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان و مانەوەیان لە دەسەڵاتدا دەگەڕێن و لە کاتی تەنگانەدا ئامادەن گەلی فەلەستین و هەموو گەلانی دیکەش بکەنە قوربانیی مانەوەی خۆیان، بۆیە لە بەرابەر هەموو ئەو نیازپیسییەدا، وشیاری و کاردانەوە پێویستە.



ئالان بەهرامی

# لەبارەی گرینگیی کاری ڕۆشنگەرانەی فەرهەنگییەوە

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوانین کە ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری ڕاسپێردراوێکی گۆڕانکاریخوازانەیە و لە پێناوی داهاتوویەکی گەشاوە و پێشکەوتووانەدا تێدەکۆشێ، بێگومان دەبێ وێنایەکی نوێتر و گشتگیرتر لە ئامانج و ڕاسپاردەکانی ئەم بزووتنەوەیە و چۆنیەتیی بەشدارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەودا بخەیە بەر چاو. دیارە ئامانج لێرەدا لەلایەک خستنە ژێر ڕەخنەی کەموکووڕی و دەرفەتسووتێنییەکانی تا ئێستایە و لەلایەکی دیکەوە تیشک هاوێشتنە سەر ئەم دەرفەتە زێڕینانەیە کە لەم سەردەمەدا و لە سایەی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان و سۆسیالمیدیادا خولقاوە و دەکرێ بە شێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو و پلانمەند لە پێناوی داهاتوویەکی گەشاوەدا بۆ کۆمەڵگە کەلکی لێوەرگیرێ.

کاتێک کە باس لە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەکرێ، ناکرێ و نابێ لە چوارچێوەی ئەو پێناسەکردنە کلاسیکەدا قەتیس بمێنینەوە کە ئەم بزووتنەوەیە، لانیکەم لە قۆناخی ڕزگاریی نەتەوەییدا، تەنیا بزووتنەوەیەکی سیاسییە و دەورگێڕەکانی تەنیا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانن. ئەزموونەکانی تا ئێستا نیشانیان داوە کە ئەم پێناسەیە تاکڕەهەندییانە و بەرتەسککەرە. لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا جێگایەک بۆ ڕەهەندێکی گرینگ و بنەڕەتیی خەبات لەبەرچاو نەگیراوە. واتە دەکرێ بگوترێ تێکۆشان لە پێناوی پێکهێنانی گۆڕانکاریی فەرهەنگی، دنیابینیی تاکەکان و بە گشتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و جێگیرکردنی کولتووری دێموکراسی پشتگوێ خراوە. هەرچەند ڕەنگە پاساوی ئەم کەمتەرخەمییە ئەوە بێ کە پرسی سیاسی و ڕزگاریی نەتەوەیی سەرێتیی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە لە بێ پلانییەکی بێ ئەملاوئەولاوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ وێنە ئەم ململانە نێوخۆییانەی لەنێوان و لەنێو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدی دەکرێ _کە لە بەرنامەی هەموویاندا دێموکراسی و پێشکەوتن ئانجی سەرەکییە و ڕۆژانە زیانی گەورە بە یەکگرتوویی نێو ماڵی کورد دەگەیەنێ_ نیشانەی هەرە زەقی کەمتەرخەمی لەم بەستێنە دایە. ئەوەش نیشانەیەکی بەرچاوی ئەوەیە کە سیستمی پەروەردەی فکری و سیاسیی ئەوان لەوپەڕی لاوازی دایە.

ئەزموونە هاوشێوەکان لەلایەک و دوورەدیمەنێک لەو کێشە و ئاسەنگانە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا تەنانەت لە داهاتووی دوای گۆڕانی سیاسییشدا بەرۆکی ڕۆژهەڵات دەگرن، دەتوانن یارمەتیدەری بیچمگرتنی پێناسەیەکی نوێ لە بزووتنەوەیەکی فرەڕەهەند بن. پێناسەیەکی واقعگەرایانە و دووربینانە لەم بزووتنەوەیە دەبێ بە چەشنێک بێ کە یەکەم؛ ئامانج و ڕاسپاردەگەلێکی فرەلایەنتر لە خۆ بگرێ و دووەم؛ خاوەنی پلانی داڕێژراوی فەرهەنگی و ڕۆشنگەریی فرەلایەنە بێ.

ڕاستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی سیاسەتەکانی ڕێژیمە داگیرکەرەکاندا هەم ڕووبەڕووی ئاسمیلاسیۆنی زمانی و فەرهەنگی بۆتەوە و هەم دەرەتانی گەشەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی لێ بەرتەسک کراوەتەوە. لەم دەورانە دوور و درێژ و ڕەشەدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زمانی بالادەست لەگەڵ زمانی کوردی ئاوێتە بووە و نۆرم و بەها فەرهەنگییە باڵادەستەکان بە هەموو لایەنە نەرێنییەکانی خۆیانەوە وردە وردە بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی کوردی. لە ئاکامی ئەم هۆکارانە و هۆکاری دێرینەی ئاییندا شوناسی نەتەوەیی کورد تووشی شێواوییەکی فرەلایەنە بۆتەوە و ڕێگاکانی گەشەی فەرهەنگیی تاک و کۆمەڵگەی کوردستان کۆسپ و تەگەرەی فرەچەشنیان خراوەتە سەر.

هەرچەند بەخۆشییەوە لانیکەم لە پازدە ساڵی ڕابردوودا ڕەوتێکی جێگای هیوای تێکۆشانی فەرهەنگی و جڤاکی وەک وڵامدانەوەیەک بە پێویستیی پێکهێنانی گۆڕانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵداوە، بەڵام ئەوەندە تێکۆشانە سەرەڕای بەنرخییەکەی لە بەرانبەر ژمارەی زۆری هۆکارە دژەکاندا ناتوانێ وڵامدەر بێ. ئەوەندە تێکۆشانەش کە بەدی دەکرێ لە سایەی ئازایەتی و هەست بە بەرپرسایەتیکردن و مایەدانانی ئەم بەستێنەدا توانیویەتی بەردەوام بێ.

کەواتە ناکرێ نکۆڵی لەم ڕاستییە بکرێ کە لەم بەستێنەدا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی زەمەنیی گەورەی لە دەست داوە. بەم هۆیەشەوە دەبینین دواکەوتوویەکی فرەلایەن باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە. لە سایەی ئەم دواکەوتوویەوە مافەکانی ژنان، منداڵان و هەموو چین و توێژەکان پێشێل دەکرێ، فەرهەنگی سروشت و ژینگەپارێزی لەوپەڕی لاوازی دایە، ڕێژەی خۆکوژیی فەرهەنگهۆکار و گیرۆدەیی بە مادده هۆشبەرەکان لە زیادبوون دایە، ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان جیاواز لە دەسەڵات لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بەرتەسک دەکرێنەوە و زۆر نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی و پڕوپووچگەرایی درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن و....

ئەگەر هۆکارە سەرەکییەکانی دواکەوتوویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەک بریتی بێ لە دەسەڵاتی سیاسی، باری ئابووری، ئایین و سیستمی پەروەردەوفێرکردن، لە پەنا ئەوانیشدا نەبوونی بزووتنەوەیەکی ڕۆشنگەرانە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانە. لەم سۆنگەیەوە بزووتنەوەیەکی گۆڕانخوازانە و پێشکەوتنخوازی سیاسی لە چەشنی بزووتنەوەی کورد دەبێ شانبەشانی خەباتی سیاسی، بە شێوەیەکی پلانمەند خەباتی ڕۆشنگەرانە لە نێو کۆمەڵگەدا بەرەوپێش ببا. چونکە دەسکەوتەکانی ئەم بوارە لە خەبات لە ڕاستیدا دەسمایەی داهاتوون. بەم واتایە کە لە ئەگەری گۆڕانی سیاسیدا کۆمەڵگەی کوردستان خاوەنی دەسمایەیەک لە کولتووری دیمۆکراتیک و پێکەوەهەڵکردن بێ تا لە سایەی ئەودا بە یەکگرتوویییەوە لە هاوکێشە ئاڵۆزە سیاسییەکاندا دەربکەوێ، ڕێگا بۆ پراکتیزەکردنی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان لەبار بێ، میراتی ڕیشەداری گەندەڵیی ئابووری و بەڕێوەبەری لاواز بکرێ، یەکسانیی ڕەگەزی و پەروەردەی سەردەمیانە جێگیر بکرێن و....

ئێستا لە سەردەمێکدا دەژین کە تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن، پێوەندییەکان و سۆسیال میدیا دەرفەتی زۆر دەگمەن و بێ وێنەیان ڕەخساندوە تا تێکۆشەرانی بەستێنە جۆراوجۆرەکان یان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پێناوی ئامانجی گرنگی گەشەی فەرهەنگیی کۆمەڵگەدا کەلکی لێوەرگرن. بۆ وێنە دنیای سۆسیال میدیا یان میدیای کۆمەڵایەتی دەرفەتی بێوێنەی ئەوتۆی خولقاندەوە کە دەکرێ لە ڕێگای ئەوەوە لە درێژ ماوەدا گۆڕانکاریی گەورەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێک بهێنرێ. کەچی ڕاست بە پێچەوانە، ئەم بەستێنە بەرفراوان و بێسنوورە کەمترین کەلکی پێویستی لێوەردەگیرێ. کورتە هەڵسەنگاندنێک لە میدیای کۆمەڵایەتیی کوردی دەری دەخا کە ڕۆژانە سەدان هەزار و ڕەنگە بە میلیۆن بەکارهێنەر کاتەکانی خۆیان بە شتی بێسوود و تەنانەت زیانبار تێدەپەڕێنن، یان سیاسەت و شرۆڤەی سیاسی بۆتە کەڵکەڵەی سەرەکییان. ئەوە لە حاڵێک دایە کە دەرفەت و بەستێنی زۆر کەم تێچوو و دەکرێ بڵێین زێڕین هاتۆتە ئاراوە کە دەکرێ بە کەلکوەرگرتن لەم کاری فەرهەنگی و ڕۆشنگەریی گەورە لەسەر تاک و کۆمەڵگە بکرێ و لەم ڕێگایەوە تاڕادەیەک قەرەبووی ئەو زیانە مەزنانە بکرێتەوە کە لە ئاکامی سیاسەت و پیلانە جۆراوجۆرەکانی داگیرکەران و کەمکاریی خۆمان لە شوناس، فەرهەنگ و کۆمەڵگەکەمان کەوتوە.

لەم پێوەندییەدا بۆ وێنە دەکرێ شارەزایان و ئۆگرانی بوارە جۆراوجۆرەکان فێرگە و ناوەندی فێرکاریی تایبەت دامەزرێنن و لە دەوری کۆ ببنەوە. ئەم بەستێنە گرنگانە و لەم پێوەندییەدا ئەم جۆرە ناوەندانە دەتوانن بە شێوەی تایبەتمەند کاری لەسەر بکەن دەکرێ زۆر بەربڵاو بێ بۆ وێنە مافی مرۆڤ، مافەکانی منداڵان، ژنان، ژینگە، فەرهەنگی بەکارهێنان، پاراستنی سامانی گشتی، فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی و ...

لەم پێناوەدا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش کە خاوەنی میدیا و ئەندامی خاوەن توانان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە داڕشتنی پلانی تایبەت دەتوانن هەم پێویستە پەروەردە و فێرکردن لە نێو ئەندامانیاندا لە بەستێنە جۆراوجۆرەکان دا ئۆرگانیزەتر و ئامانجدارتر بکەن و هەمیش لە ڕێگای دامەزراندنی ناوەندگەلی لەم چەشنە ڕادەی شوێندانەریی خۆیان لەسەر کۆمەڵگە بەرەوژوورتر بەرن.





لە ئەگەری گۆڕانی سیاسیدا کۆمەڵگەی کوردستان دەبێ خاوەنی دەسمایەیەک لە کولتووری دیمۆکراتیک و پێکەوەهەڵکردن بێ تا لە سایەی ئەودا بە یەکگرتوویییەوە لە هاوکێشە ئاڵۆزە سیاسییەکاندا دەربکەوێ، ڕێگا بۆ پراکتیزەکردنی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان لەبار بێ، میراتی ڕیشەداری گەندەڵیی ئابووری و بەڕێوەبەری لاواز بکرێ، یەکسانیی ڕەگەزی و پەروەردەی سەردەمیانە جێگیر بکرێن

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی سیاسەتەکانی ڕێژیمە داگیرکەرەکاندا هەم ڕووبەڕووی ئاسمیلاسیۆنی زمانی و فەرهەنگی بۆتەوە و هەم دەرەتانی گەشەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی لێ بەرتەسک کراوەتەوە. لە ئاکامی ئەم هۆکارانە و هۆکاری دێرینەی ئاییندا شوناسی نەتەوەیی کورد تووشی شێواوییەکی فرەلایەنە بۆتەوە و ڕێگاکانی گەشەی فەرهەنگیی تاک و کۆمەڵگەی کوردستان کۆسپ و تەگەرەی فرەچەشنیان خراوەتە سەر

# پشێوی و ئاژاوە لە ڕوانگەی ڕێژیمی ئێرانەوە

هەرمان بۆکانی

عەلی خامنەیی و بەرپرسەکانی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام باسی فیتنە و پشێوی و ئاڵۆزی و تێکەولێکە دەکەن و دەڵێن ئێمە وڵاتمان لەو بەڵایانە پاراستووە و ڕێگە بە هیچ کەس نادەین لە وڵاتدا پشێوی بنێتەوە.

ئەو وڵاتە ئەمن و ئەمانەی خامنەیی باسی دەکا و بە خۆڕانانەوە دەڵێ ڕێگە نادەین کەس تێیدا بشێوی بنێتەوە، با بزانین چ وڵاتێکە و لە چ دۆخێک دایە؟

لە وڵاتە بندەستەکەی خامنەییدا بە چرکە نرخی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەرەو ژوور دەکشێ و وای لێ هاتووە خەڵکێکی زۆر تەنانەت توانای کڕینی کیلۆیەک گۆشتیان نەماوە.

نرخی خانووبەرە بەتایبەتی پاش کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام تا ئێستا ئەگەر بە دەستەواژەی خەڵکی شەقامی تاران پێناسەی بکەین، دەڵێن، نرخەکەی سەر لە هەوران دەسوێ و خەریکە لەوەش تێ دەپەڕێ.

وەبەرهێنەران و کارخانە بیانییەکانی دروستکردنی ترۆمبێل لە ئێران کشاونەتەوە و، «ئێران خودرۆ»ش کە برێندی نێوخۆییە ئێستا ترۆمبێلی خۆی ناخاتە بازاڕەوە بۆ ئەوەی نرخەکەی زۆرتر هەڵکشێ و قازانجی زیاتر بکا.

لە شەقام و لاکۆڵانان مەئموورانی سەر بە ئیتلاعات کوڕ و کچی خەڵک ڕادەگرن و سووکایەتییان پێ دەکەن و لەبەرچاوی خەڵکی شار لێیان دەدەن. ڕۆژ نیە کە هەواڵی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان و ژنان لە ئێران بندەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو نەبێتەوە.

ئاوی ژێرزەمینیی وڵات تا ئێستا ٦٠٪ی بەکار هێنراوە و خەریکە ئیتر ئاوی ژێرزەویی ئێران تەواو دەبێ. دەریاچەی ورمێ هەناسەی لێ بڕاوە و کۆمەڵێک وردە دەریاچە و ڕووباری لای کرماشان هەر وشک بوون.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە خەڵکی سیستان و بەلووچستان بەپێی ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی بڵاو کرانەوە، لە مانگی ڕەمەزانەدا بە زمانی بەڕۆژووەوە ناچار بوون گۆشتی پشیلە بخۆن، چونکە هیچ خواردنێکیان دەست نەدەکەوت.

ڕۆژانە لەسەر سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان خەڵکی هەژار و کاسبکار دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللەی پاسدارەکانی خامنەیی، بەڵام لەولا بەرپرسانی ڕێژیم سەروەت و سامانی میلیارد و سەدملیاردیی خۆیانیان لە ئێران بردووەتە دەرەوە.

خەڵکی ئێران لە نێو زبڵدانەکان بە شوێن بەرماوەی خواردندا دەگەڕێن، کەچی بینیمان ڕێژیم بۆ بەربانگ ٣٥٠ هەزار فەلەستینیی نان دەدا.

هەر لە سایەی سیاسەتەکانی خامنەیی و سوپای پاسدارانەوە: ئێستا ئێران وڵاتێکی گۆشەگیرکراوی پەراوێزخراوی دنیایە و تەنیا ئەو وڵاتانەی بەدەورەوە ماون، کە دەیدۆشن. لە هەر چوار کەس لە ئێران نەفەرێک باری دەروونیی شێواوە و تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە. شەش ملیۆن خەمۆک لە ئێراندا ناویان تۆمار کراوە، کە بە دڵنیاییەوە زۆر لەوە زیاترن. لە هەر چوار زەماوەند، یەکێکیان هەڵوەشاوەتەوە. لە سێ ملیۆن بێوەژن ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەیان لە ئەستۆیە و دوو لەسەر سێی ئەوانە بە سەگمەرگی نان و بژیوی ژیانیان دابین دەکەن. پازدە میلیۆن و دوو سەد هەزار دۆسیەی دادوەری لە دادگاکاندا هەن کە هێشتا یەکلا نەکراونەوە. ساڵانە ٤٩٥٦٦٦ کەس تووشی زیندان دەبن. ساڵانە ١٧ هەزار کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ دەمرن. ئاستی تەمەنی لەشفرۆشی هاتووەتە خوار یازدە ساڵ. تازە ئەو ئامارانەی باس کراون، لە ڕۆژنامە و ناوەندە میدیاییەکانی ئێران وەرگیراون و، بە دڵنیاییەوە زۆر کەمتر لەوەن کە لە ڕاستیدا هەن.


ئەو وڵاتەی کە خامنەیی دەڵێ ڕێگە نادەین پشێویی تێدا بندرێتەوە کوێیە؟ ئەوانەی پشێوی دەنێنەوە کێن؟ ئەو چەند دێڕەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، تەنیا ڕووکەشی نەهامەتی و ژیانی تاڵی ئەو خەڵکەیە بە دەست ئەم ڕێژیمەوە و سەرلەبەریشی بەرهەمی سیاسەتەکانی خامنەیی و ناوەندە سەربازی و ئەمنیەتییەکانی وەک سپای پاسدارانن.

ئەوەی لە ئێراندا سیاسەت دەکا و جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، خامنەی و سوپای پاسدارانی بندەستی ئەو ڕێبەرەی ڕێژیمی ئیسلامییە. باقی ئۆرگانەکانی ڕێژیم هەر کامە و لەلایەکەوە بەو دوو دەسەڵاتەوە گرێ دراونەتەوە. سوپای پاسدارانیش شادەماری ئابووریی ئەو وڵاتەی بەدەستەوەیە و لەو بوودجە زەبەلاحەی کە بۆی تەرخان دەکرێ و لە خێروبێری نەوت و بەندەرگەکان و ناوەندە گەورگەورەکانی بازرگانی و داهاتی ئەو هەمووە پرۆژە و کارخانەیەی لەبەر دەستیەتی، تاقم و گرووپە ئاژاوەگێڕ و خوێنڕێژەکانی دەرەوەی وڵاتیان پێ دابین دەکا و لە سووریە و ئێراق و یەمەن و لوبنان و ئەفغانستان شەڕی بەرژەوەندییەکان سوپا و دەسەڵاتەکەی خامنەییان پێ دەکا.

قسە ئەوەیە کە چارەنووسی ئەم ڕێژیمە تەنیا ڕووخانە و خەڵکی ئێران ئەگەر بە دوای ئازادیدا دەگەڕێن، دەبێ لەو ڕێژیمە تێپەڕن.



# بەدواداچوونێکی مێژوویی لەسەر فێمینیزم



خەدیجە مەعزووری

فێمینیزم لە درێژایی سەدەی بیستەمدا پڕهەڵلاترین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهاندا بووە. زۆربەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، سیاسی و حقووقییەکان کە لە وەزعی ژنان لە کۆمەڵگەدا پێک هاتووە، دەتوانین لەهەنگاوی یەکەمدا لە چالاکیی بزووتنەوەی ژنان بزانین.(١) بوونی ژنان لە مەیدانە گشتییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر وەک: بەشداریکردن لە شوێنە ئابوورییەکان، کار و چالاکی نواندن لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، مافی دەنگدان و خۆهەڵبژێران و بوون بە ئەندام لە پارلمانەکان و کاری قەزاوەت کردن، وەدەستهێنانی مافی مەدەنی و هی دیکە لەو ئاڵوگۆڕانەن. سەرەڕای ئەوەی فێمینیزم چۆتە نێو زۆر لە چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان و زۆر بواری دیکەشەوە، بەڵام بە داخەوە زۆرشتی نێگاتیڤیشی لێ کەوتۆتەوە. شک و دوودڵی پێکهێنان لە نێوخێزاندا، بێمەیلی بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، زۆر بوونی تەڵاق، سەرهەڵدانی هەڵسووکەوتی دوژمنانە لە نێوان ژنان و پیاواندا و بردنە ژێرپرسیاری هێندێک لە سوننەتەکانی کۆمەڵگە، بە هۆکاری گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی فێمینیزم دادەنرێ(٢). لە درێژەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا «فێمینیزم» زۆر ڕەخنەی لە سەر بووە و لە لایەکی دیکەوە بۆتە جێی باسی مەحافلی ڕووناکبیری و گشتیی کۆمەڵگەی ئێمە. فێمینیزم لەگەڵ دوو دژکردەوە بەرەوڕوویە: هێندێک بێ ئەوەی لێکی دەنەوە و هەڵی سەنگێنن، زۆر تامەزرۆیانە بە ڕێگاچارەسەری پرسی ژنانی دادەنێن، هێندێکی دیکەش یەکسەر و بێ هەوڵدان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ، هیچ کام لە بۆچوونەکانی فێمینیزم قبووڵ ناکەن و ڕەدی دەکەنەوە. پرسیارێک لە سەرەتادا دێتە گۆڕێ، کە ئەوەیە کە فێمینیزم چیە؟ و چ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا هەیە کە لەسەرەتادا باسمان کردن؟ فێمینیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکرییە و بەربڵاوترین مانای ئەو بزووتنەوە، لەهەوڵی بردنە سەرێی جێگە و پێگەی ژنان وەک گرووپێک لە کۆمەڵ دایە، یان بزوتنەوەیەکە کە هەوڵ دەدا ژنان لە بەرامبەر قانوون و ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکسان بن. لێرەدا لە فێمینیزم وەک هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری چاوەڕوان دەکرێ بارودۆخ و وەزعی خراپی ژنان دیاری بکا، هۆکارەکانی ئەو وەزعە دەستنیشان بکا و وێنەیەکی دڵخواز بۆ دیتنەوەی جێگا و بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا بکێشێ و بۆ گەیشتنی ژنان بەو ئامانج و هەدەفانە پرۆژەیەک لە دەستووری کاری خۆیدا دابنێ تا ژنان لەدەوری کۆ ببنەوە. مەسەلەیەکی گرینگ لێرەدا ئەوەیە تا لە فێمنینیزم ورد دەبینەوە و لە پێناسەی گشتیی فێمینیزم دوور دەکەوینەوە و بۆ لای پێناسەیەکی وردتر حەرەکەت دەکەین، دەبینین کە ئێمە لەگەڵ یەک جۆر فێمینیزم بەرەوروو نین. بەسەرهاتی بزووتنەوەی ژنان لەوکاتەوە کە زاراوەی فێمینیزم هاتۆتە گۆڕێ، زیاتر لە سەدەیەکی لێ ڕا دەبرێ. لەو ماوەیەدا بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز لە بارەی بێدەسەڵاتی و ژێردەستەبوونی ژنانەوە هاتۆتە ئاراوە و لقی جۆراوجۆر لە فێمینیزم جیا بوونەوە. لە بۆچوونە فێمینیستییەکاندا زۆرجار ڕیشەی بێدەسەڵاتیی ژنان لە جیاوازیی فیزیۆلۆژیک و سوڵتە و ویستی پیاواندا دەدۆزنەوە(٣) (ڕادیکاڵ). زۆر جار فێمینیزم وەک خەبات بۆ مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاواندا هاتۆتە گۆڕێ (فێمینیزمی ڕادیکاڵ). یا ژنان و پیاوان دەبێ ئەرکی جیاوازیان پێ بسپێردرێ، پێیان وایە ژن بە پێی سروشتی خۆی ناتوانێ کاری پیاوان بکا (محافظه کارەکان). ئەو فێمینیزمەی کە بە شێوەیەکی مودێڕن لە ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی زایینییەوە لە وڵاتانی ئورووپایی سەری هەڵ داوە، بە ڕەدکردنەوەی تیئۆرییە مارکسیستییەکان، تێ دەکۆشێ ڕێگا چارەیەکی دیکە بۆ ئازادیی ژنان بدۆزێتەوە، هەوڵ دەدا هاوکات، بۆ لە نێو بردنی ستەمی چینایەتی و جینسی خەبات بکەن(٤) (سۆسیال فێمینیستەکان). ژنان لەگەڵ کەموکووڕیی زۆر بەرەوڕوون، بەڵام ئەم کەموکووڕییانە بە قانوونی سروشت نازانن، بەڵکوو لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەم تایبەتمەندییانە وەرگیراون و ئاکامی هەلومەرجی ژیانی ئەوانە. ئەگەر هەلومەرج ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، کەموکووڕییەکانیش ڕیشەکێش دەکرێن، کەواتە، پێویستە ژنان توانایی زەینیی خۆیان فراوانتر بکەن، ئەویش تەنیا لە ڕێگای ڕوونکردنەوە بە هۆی عیلم و زانستە(٥). سەرەتاییترین بۆچوونی فێمینیستی لە بەرهەمەکانی ژنانی ئورووپایی بە تایبەتی فەڕانسە و ئینگلستان لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ی زایینیدا دەبیندرێ کە دەورانی «ڕێنێسانس»ە. لەو دەورەیەدا ژنان بە هۆی بەشدارنەبوونیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر لە هونەر و ئەدەبیات دەدوان و دەرد و ئازار و بۆچوونەکانیان لە وێنەکێشان و نووسینەکانیاندا ڕەنگی دەداوە. دیارە ئەوەش هەموو ژنێکی ئاسایی نەیدەتوانی بەم شێوەیە ئازارەکانی دەربڕێ، بەڵکوو ئەوە زیاتر لە نێو ژنانی ئەشراف و چینی خاوەن دەسەڵاتدا باو بوو. ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییەکانی کۆتایی ساڵی ١٧٠٠ی زایینی بوو بە هۆی ئەوەی ژنان جووڵەیەک بە خۆیان بدەن. شۆڕشی سەنعەتی تاڕادەیەک دەستپێکێک بوو بۆ تێکڕووخاندنی بەستراوەیی ئابووریی بنەماڵەیی و چوونی ژنان بۆ بازاڕی کار. دیارە هەر لە سەرەتاوە بورژوازی وەک چینی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو لە سەر بناخەی فیکریی «ئیرادەی ئیلاهی» پێک هات و چوارچێوەی بنەماڵەی بە شوێنێکی «موقەددەس» دانا کە بە هیچ جۆر نابێ شوێنەواری خراپی لە سەر دابنرێ. «بالزاک» نووسەری ناسراوی فەڕانسەوی دەڵێ: «لە چارەنووسی ژندا تاقە شانازییەک کە ژن هەیەتی، وەلێدان خستنی دڵی پیاوە. ژن ملکێکە کە مرۆڤ بە پێی ڕێکەوتن وەدەستی دێنێ و جۆرە داراییەکی ڕەوایە. سەرەنجام باشترە بڵێین ژن بەستراوە بە پیاو(٦). ژنی خاوەن مێرد دیلێکە کە پێویستە بزانرێ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ. پێویستە لە هەر هەلومەرجێکدا پیاو خۆی لەسەر ڕێگەی ژن بکێشێتەوە و جێگای خۆی بدا بەو. لە جیاتی ئەوەی وەک کۆمۆنە سەرەتاییەکان کاری قورس بە ژنان بسپێرین، پێویستە کاری سووکیان پێ بدەین. ئەو بۆچوونەی بالزاک تا ماوەیەکی زۆر جێی خۆی کردەوە، کۆمەڵی تازە پێکهاتووی سەنعەتی، ئازادیی ژنانی لەوەدا دەبینێ کە لەو چوارچێوەیەی کە ژن بۆی دیاری دەکری، نەچێتە دەر. بەپەرەگرتنی عیلم و زانست، بۆچوونی بۆرژوازیش کە تێکەڵاوێک لە مەزهەب و فەلسەفە بوو، جێگای خۆی دا بە پەرەگرتنی بۆچوونە زانستییەکان کە بە هۆی «داروین»ەوە هاتنە ئاراوە. داروین دەڵێ: زانستی کۆمەڵایەتی و زیندەوەرزانی ئیدی باوەڕی بەو بۆچوونە کۆنانەی ڕابردوو نیە کە پێی وایە ژن شتێکی تایبەتییە و لەگەڵ پیاو جیاوازیی هەیە. ئەم زانستە تایبەتمەندییەکانی وەک دژکردەوەیەک لە بەرامبەر وەزعێکدا چاو لێ دەکا، کەوابوو ژنیش شتێکە کە قەت بوونی نەبووە. لە دەورانی شۆڕشی سەنعەتیدا هێزی کاری ژنان زیندوو بووە، بەجۆرێک کە لە کۆتاییەکانی ساڵەکانی١٧٠٠ی زاییندا کرێکارانی ژن زیاتر لە ژمارەی کرێکارانی پیاو لە کارگە و کارخانەکانی ڕستن و چنین بووە. بەڵام حەقدەستی ژنان نیوەی حەق دەستی پیاوان بووە یان زۆر لەوەش کەمتر یا هەر بژیوێکی کەم بووە بۆ ژنان . ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ژنان و منداڵان لە کارگە سەنعەتییەکان و کارخانەکاندا ڕەنج و کوێرەوەریی لە ڕادەبەدەر بچێژن و لە ژێر ستەم و چەوساوەییدا بن. لێرەدا کار و چالاکیی زۆری ژنان، بۆ بەرامبەر بوون لەگەڵ پیاوان بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لە بەرامبەر ئەو کارەی کە دەیانکرد، حەقدەستی وەک پیاوانیان وەرنەدەگرت، ئەوەش بۆخۆی بواری ڕەخساند کە ژنان بکەونە بیری خۆڕێکخستن و لە دژی ئەو ناعەداڵەتییانە بەربەرەکانێ بکەن. بە گەشەکردنی سەنعەت لە کارخانەکاندا و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ، گیروگرفت و کێشەی تازە هاتنە ئاراوە، تێکنۆلۆژیی تازە بایەخی کارکردن لەماڵەوەی کەم کردەوە و مەسئوولییەت و پێویستیی پاراستن و ڕاهێنانی منداڵان و هەروەها ئاگاداری کردن لە نەخۆش و پیر و پەک کەوتەکانیان بە عۆدەی کۆمەڵگە سپارد.(٧) هەر بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی کار لە ماڵەوە کەمتر دەبۆوە. «لێرەدا ژنانی سەڵت لەکۆمەڵدا بەهێندێک لە ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی گەیشتن، بەڵام ژنانی خێزاندار لەو ئیمتیازاتە بێبەش بوون. بەم جۆرە پەرەگرتنی زانست و سەنعەت بوون بە هۆی ئەوە کە لە زۆربەی وڵاتە ئورووپاییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە درێژایی ساڵانی ١٧٠٠ و١٨٠٠ی زایینی، گەلێک نووسەر بیر و باوەڕی خۆیان لە بارەی مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان دەربڕن. لە ساڵەکانی ١٨٣٠تا١٨٨٤ داخوازەکانی ژنان لە دەستووری کاردا دانران و بۆ یەکەمجار ژنان لە ڕێکخراوێکی ئۆرگانیزەکراودا لە یەکێک لە ئەیالەتەکانی ئەمریکادا دەبنە خاوەن ئۆرگان(٨). ژنان لە ئەمریکا مافی دەنگدان وەدەست دێنن. لە درێژەی ئەو جموجۆڵانەدا ڕۆژی ٨ی مارسی ١٩٠٨ی زایینی ژنانی کرێکاری کارخانەی چنین و ڕستنی «نیویۆرک» بۆ مافی بەرامبەری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوان دەست دەکەن بە بەربەرەکانێ و لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنان، پێشنیار دەکرێ ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی ژن دیاری بکرێ. بەمجۆرە ئەم جموجۆڵە دەبێتە ئۆلگوویەک بۆ خەبات و بەربەرەکانێی ژنان لە ئورووپاش و ڕێکخراوی ڕێکوپێک و سازماندراو لە وڵاتانی ئینگلیس، ئاڵمان و فەڕانسە پێک دێن. لەو وڵاتانەدا ژنان داوا دەکەن کە دەبێ ژن پێ بنێتە زانستگەکان و بۆ خوێندنی باڵا ڕێگای پێ بدرێ. یەکەم ژن لە وڵاتی «نورویژ» دەچێتە زانکۆ. بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، ژنان لە کارگە سەنعەتی و پیشەییەکاندا دەردەکرێن و تەنیا پیاوان خەریکی کار بوون. بەڵام بە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی، کارگە و کارخانەکان و شوێنە گشتییەکانی دیکە بە ڕووی ژناندا دەکرێنەوە و ئەو دروشمە بێ نێوەرۆکانەی کە باو بوون گوایە ژن توانای کارکردنی نیە و ژن لە عۆدەی کارەکان نایە، وەلا نران. پاش تەواو بوونی شەڕ و ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە و گەڕانەوەی پیاوان لە بەرەکانی شەڕ، دیسان ژنان لەسەر کارەکانیان وەلانرانەوە و بە زۆری ڕوویان کردە کارە نزم و کەم بایەخەکان کە جێگای پەسندیان نەبوون. لەو کات و سەردەمانەدا گەلێک زانا و نووسەر لە سەر ژنان و ئەو ستەمانەی پێیان ڕەوا دەبینران، شتیان نووسی. یەکێک لەو زانایەنە، «سەن سیمۆن» بوو کە ڕاشکاوانە بیر و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە توێژی ژن دەربڕی. ناوبراو دەڵێ: «نابێ لە جیهاندا دیلی و یەخسیری بمێنێ. دیل کرێکار بێ، ڕەش بێ، سوور بێ یا دیل ژن بێ و... فەرق ناکا(٩). «سەن سیمۆن» پێی وابوو ژنیش وەک پیاو بەشێک لەو گیانلەبەرانەیە کە پێی دەڵێن «مرۆڤ». پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر، بە هۆی هەڵبژێرانی ژنێک لە وڵاتێکی گەورەی وەک یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو بە وەزیری کاروباری ژنان بە ناوی «الکساندرا کولنتای»، بزووتنەوەی فێمینیستی لە ئورووپا تەکانێکی گەورەی بۆ خۆی دا و لە مەیدانێکی بەرینتردا خۆی نواند. بە سەرهەڵدانی مەکتەبی «مارکسیزم» و بە تایبەت دامەزرانی سوسیالیزم لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا، کێشەی ژنان لە ئورووپا دەکەوێتە چوارچێوەیەکی نوێترەوە.(١٠) «مارکس» و» ئینگێڵس» لە بەرهەمەکانی خۆیاندا، دەریان بڕیوە کە چارەنووسی ژن بەستراوەتەوە بە مێژووی مالکییەتی خسووسی. ئینگێڵس دەنووسێ: «ژن ناتوانێ ڕزگار بێ، مەگەر ئەوە کە لە بەرهەمهێناندا بەشدار بێ و بەشێکی کەم لە کاتی خۆی بۆ کاری نێوماڵ تەرخان بکا.» دیارە ئەوەش نەدەکرا، مەگەر ڕەوتی سەنعەتی و یان پیشەیی بوون پەرە بگرێ و سەنعەت و پیشەی گەورە دابمەزرێن. دیارە مەکتەبی «مارکسیزم» لەگەڵ ئەوەی تیئۆری بۆ هاتنە مەیدانی ژنان و بەشدارییان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دادەتاشێ، بەڵام باوەڕی بە فێمینیزم بەو مانایە کە ژنان بۆ خۆیان و لە ڕێگەی خۆیانەوە بۆ مافە تایبەتییەکانیان هەوڵ بدەن، نیە. مارکسیستەکان پێیان وابوو کە «ئازادیی ژن لەگەڵ ئازادیی کرێکار پێوەندییەکی نەپساوەی هەیە و هەر بۆیەش ژنان و پیاوانی کرێکار پێویستە بۆ یەک مەبەست تێ بکۆشن.» هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی سەنعەت، خاوەن کارخانەکان بەو هۆیە کە مووچەیەکی کەمتریان دەدا بە ژنان، زیاتر لە هێزی ئەوان کەڵکیان وەردەگرت. ئەوەش لە نێو پیاوانی کرێکاردا نارەزایەتیی پێک هێنابوو و بووە هۆی ئەوە کە تەنانەت کرێکارانی ژن و پیاویش نەتوانن هاودەنگ بن. لەم دەورەیەدا ژن بە شێوەیەکی بەرین و وەحشەتناک لە بواری کاردا بچەوسێتەوە و ناچار بێ ڕۆژانە ٢٠ کاتژمێر کار بکا و هێشتا نەیدەتوانی دیفاع لە خۆی بکا و تەنانەت دەزگا قانوونییە نێودەوڵەتییەکانیش دیفاعیان لێ نەدەکرد. (١١) لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە هۆی خەباتی بەرینی ژنان لە وڵاتانی ئورووپاییدا، ئەوان بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتن. دیارە لەو ساڵانەدا سەرەڕای ئەو خەباتەی ژنان و وێڕای ئەوەی هێندێک مەیدان بۆ ئەوان ئاوەڵا دەبێ، بەو حاڵەش هێشتا خۆ لە کاری سیاسی نادەن و پیاوان هەروا دەسەڵاتداری بێ هاوتان، لە هەموو مەیدانەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هی دیکەدا. لە ڕاستیدا ژنان لەو دەورەدا زیاتر چاوەڕوانن پیاوان بۆ خۆیان مافەکانیان بۆ بە دیاری بێنن، بێ ئەوە کە بە خەباتێکی هەمە لایەنە وەدەستی بێنن. «سیمۆن دوبوار» لەو بارەوە دەڵێ: «ژنان لە درێژایی مێژوودا قەت هیچیان وەدەست نەهێناوە. ئەوان هەمیشە بە شتێک گەیشتوون کە پیاوان پێیان خۆش بووە لەدەستی بدەن(١٢).




سەرەڕای ئەوەی فێمینیزم چۆتە نێو زۆر لە چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان و زۆر بواری دیکەشەوە، بەڵام بە داخەوە زۆرشتی نێگاتیڤیشی لێ کەوتۆتەوە. خولقاندنی شک و دوودڵی لە نێوخێزاندا، بێمەیلی بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، زۆر بوونی تەڵاق، سەرهەڵدانی هەڵسووکەوتی دوژمنانە لە نێوان ژنان و پیاواندا و بردنە ژێرپرسیاری هێندێک لە سوننەتەکانی کۆمەڵگە، بە هۆکاری گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی فێمینیزم دادەنرێ

**پەراوێزەکان**

١) کتێبی «از جنبش تا نظریه اجتماعی: تاریخ دو قرن فمنیسم حمیرا مشیرزاده (مقدمه)
٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو
٣) نظریات فمنیست ڕادیکاڵ_ شولامیت فایرستون
٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو
٥) کتێبی فیلسووفەکانی فەڕانسەوی، وەرگێڕ: اسماعیل کمانی
٦) کتێبی «فیزیولوژی ازدواج –بالزاک
٧) گۆڤاری «آوای زن» ژمارە ٣
٨) گۆڤاری «نیمه دیگر»، ژمارە ١٠
٩) گۆڤاری «تیشک» ژمارە ٣
١٠) کتێبی «فمنیسم» ، نووسەر: «مریلن فرێنچ»، وەرگێڕانی بۆ فارسی «سارا محمودی»
١١) قانوونی کار نووسینی « مهرانگیز کار»
١٢) کتێبی «جنس دوم» نووسینی «سیمۆن دۆبوار»، وەرگێڕانی بۆ فارسی: «نیره وحیدزاده»

# کوردستان

## لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

## (هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد ٣-٣)



د. کامران ئەمین ئاوە

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینان (١٢٦٠_١٢٥٩)، واتە ١٨٨١ _ ١٨٨٠ دژ بە ناسرەدین شای قاجار، پاش ڕاپەڕینی سوڵتانەکانی هەورامان دژ بە فەرهاد میرزا و ڕاپەڕینە خۆجێییەکانی دیکە وەکوو سەرلووتکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە یەک چوارەمی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا پێناسە دەکرێ.

شۆڕشی سوڵتانەکانی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنەیەک لە کاردانەوەی سیاسەتی ناوەندیکردنی دەسەڵات و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حکوومەتە خۆجێییەکانی کوردستان بوو. ناوچەی هەورامان سەر بە میرنشینی ئەردەڵان لە کاتی دەسەڵاتداریی ناسرەدین شادا چەندین شۆڕشی گەورەی بە خۆیەوە بینی. سیاسەتی لابردنی کاربەدەستانی خۆجێی و هەڵبژاردنی حاکمەکان لە دەرەوەی کوردستانەوە، گوشاریماڵیاتی، زوڵم و زۆری بێپسانەوەی حکوومەتی قاجار، نەخشێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی هەوراماندا هەبوو. شۆڕشی هەورامان لە کاتی دەسەڵاتداریی ناسرەدین شا بۆ ماوەی چوار ساڵ (١٢٨٨_ ١٢٨٤ه. ق واتە١٨٧١_ ١٨٦٧ز) ئیدارەی ولایەتی کوردستانی(١) تووشی کێشە کرد، و پاش کۆتاییهاتن بە حکوومەتی ئەردەڵانەکان، ئەم ستەمکارییە نەک هەر کەمی نەکرد بەڵکوو چەند قاتیش زیادی کرد.

لە ساڵی ١٢٨٥ ه. ق (١٨٦٨ز) پاش مردنی غوڵامشا خان ئاخرین میری ئەردەڵان، ناسرەدین شا، مامی خۆی واتە فەرهاد میرزای معتمدالدولەی کرد بە حاکمی ئەم ناوچەیە و ئیدارەی ئەم ویلایەتە ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر کۆنتڕۆڵ و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی. دیاریکردنی فەرهاد میرزا بە مانای کۆتاییهاتنی میرنشینی ئەردەڵان بوو.

کوژرانی حەسەن سوڵتانی هەورامی و گیرانی دوو براکەی _مستەفا سوڵتان و بارام بەگ_ بە فەرمانی فەرهاد میرزا، ڕێخۆشکەری شۆڕشی نوێی هەورامان و هەڵبژاردنی ڕۆستەم سوڵتان، کوڕە گەورەکەی حەسەن سوڵتان وەک حاکمی هەورامان بوو. هێرشی هێزەکانی کورد بۆ سەر سوپای فەرهاد میرزا لە نزیکەی گوندی «هەنجمەنە» و کوژرانی ٣٦ کەس و بە دیلگرتنی ١٨ کەس و دەربازبوونی خودی فەرهاد میرزا بوو بە هۆی سەرشۆڕییەکی گەورە بۆ مامی ناسرەدین شا. نووسەری «حدیقەی ناصری» لە کتێبەکەیدا باسی «تلانەوەی فەرهاد میرزا لە نارەحەتی وەکوو مار بە دەوری خۆیدا» دەکا. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم شکستە فەرهاد میرزا داوای هێزی پشتیوانیی لە ناوەند کرد. ناسرەدین شا سێ فەوجی گەورەی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی هەورامان نارد، ئەوانیش پاش هێرشێکی بەرفراوان گوندی نەوسوود، ناوەندی هەورامانی لهۆن و دزڵی ناوەندی هەورامانی تەختیان داگیر کرد. سوپای ئێران لەسەر ڕێگایان تەواوی حاسڵاتی کشتوکاڵی «شامیان»یان سووتاند و «دزڵی»یان تاڵان کرد و ئاوریان تێبەردا. فەرهاد میرزا لە نامەکانیدا سەرکەوتنی خۆی لە هەورامان وەکوو گرتنی سباستیناپۆل لەقەڵەم دەدا و هەورامانییەکان وەکو «دێونژاد»، «بەدفەڕ» و «دڕندەی دەروون پیس» ناو دەبا.(٢)

لە ساڵەکانی پاش شکستی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدیللادا، کورد لە تەواوی کوردستان درێژەی بە خەباتی خۆی دژ بە دەسەڵاتدارەکانی ئێران و عوسمانی دا؛ وەکوو: شۆڕشی دەرسیم (١٨٩٢_١٨٩٣)، ڕاپەڕینی کورد و عەرەبەکان دژ بە دەسەڵاتی تورکەکان لە باشووری کوردستان (١٩٠٧_١٩٠٨)، شۆڕشی برایم پاشا سەرۆکی کۆنفیدڕاسیۆنی عەشیرەکان و فەرماندەی دوو تابووری (هەنگی) حەمیدیە (١٩٠٨_١٩٠٧)، شۆڕشی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی جەعفەرئاغا، محەمەدئاغا و بە تایبەتی سمایل ئاغای سمکۆ پاش کوژرانی جەعفەرئاغای هەرکی لە هاوینی ١٩٠٥ و هتد. لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨_١٩١٤ی ز دا ڕاپەڕینی کورد بە ڕێبەریی مەلا سەلیم لە بدلیس، شۆڕشی بارزان بە ڕێبەریی عەبدوسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩١٤دا، هەروەها ڕاپەڕینی سلێمانی بە ڕێبەریی شێخ مەحموود لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، جێگایەکی تایبەتییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد هەیە.

ڕاپەڕینی خەڵکی بدلیس بە ڕێبەریی مەلا سەلیم لە نەورۆزی ساڵی ١٩١٤ دا دەستی پێکرد و توانی لە ماوەیەکی کەمدا بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش پەل باوێژێ. مەلا سەلیم کوردێکی زازا و لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا تەمەنی ٦٠ ساڵ بوو. گیرانی شێخ سەلیم لە لایەن سوپای عوسمانییەوە لە مارسی ١٩١٤دا ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەستپێکی پێشوەختی ئەم ڕاپەڕینە هەبوو. بە پێی تێلگرامی نهێنیی میخاییل نیکۆلایویچ گیرس(٣) باڵوێزی ڕووسیە لە ئەستەنبوڵ، ڕێکەوتی ١٢ی مارسی ١٩١٤، تورکەکان شێخ سەلیمیان لە ڕێگای بدلیس گرت، بەڵام نزیک بە ٧٠٠ کوردی چەکدار شێخیان لە دەستی تورکەکان ڕزگار کرد. دەستپێکی پێشوەختی ڕاپەڕینەکە بە باوەڕی یوسف کامیل بەدرخان، ئاکامێکی تاڵی بە دواوە بوو،(٤) بە هۆی هەڵەیەکی تاکتیکی لە شەڕ و نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان هێزەکانی ڕاپەڕیندا، تورکەکان توانیان لە ماوەیەکی کەمدا شاری بدلیس بگرنەوە. شێخ سەلیم و بەشێک لە ڕێبەرانی شۆڕش پەنایان بردە بەر کۆنسوولی ڕووسیە لە بدلیس. سەرکۆنسوولی بریتانیا لەم پێوەندییەدا نەبوونی هاوئاهەنگیی (کۆئۆردیناسیۆن) وەکوو هۆی زەبرخواردن و شکستی کوردەکان پێناسە دەکا.(٥) لە ٢٣_٢٢ی ئاوریلی ١٩١٤دا شێخ شەهابەدین، شێخ سەعید، عەلی و براکەی شێخ محەممەد شیرین و ١٠ کەسی دیکە لە بدلیس لە سێدارە دران. پێنج مانگ پاش شکانی ڕاپەڕینەکە، هێزەکانی عوسمانی بە هۆی دەسپێکی شەڕی ڕووس و ئاڵمان و هاوپەیمانەکانی واتە عوسمانی، هێرشیان کردە سەر کۆنسوولخانەی ڕووسیە، و پاش گرتنی تەها سەلیم و هاوڕێیانی، دەستبەجێ لە سێدارەیان دان.

بەهاری ساڵی ١٩١٤ ڕاپەڕینی کوردەکانی باشووری کوردستانیش بە ڕێبەریی شێخ عەبدوسەلام بارزانی بوو بە هۆی ڕزگارکردنی مووسڵ و بەشێکی بەرچاو لە ویلایەتی بەغدا. ئەم ڕاپەڕینە لە لایەن تورکانەوە سەرکوت کرا و شێخ عبدالسلام بەو هیوایەی کە بتوانێ پشتیوانیی سمکۆ وەدەست بێنێ، چوو بۆ ورمێ و لەوێشەوە ڕەوانەی تفلیس بوو. بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ڕووسیی «قەفقاز» ڕێکەوتی ١٥ی ئاوریلی١٩٠٤، شێخ عەبدوسەلام هەوڵی خۆشاردنەوەی لای مارشیمۆن دابوو.(٦) شێخ کاتی گەڕانەوەی لە پاییزی هەر ئەو ساڵەدا بۆ باکووری کوردستان، بە هۆی خەیانەتی سۆفی عەبدوڵڵای شکاکەوە گیرا و ڕادەستی عوسمانی کرا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٤دا شێخ و دوو هاوڕێی لە مووسڵ لە سێدارە دران.



لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا سمکۆ وەکوو سەرۆک عەشیرەی شکاک بە دەسەڵاتترین کەس لە ناوچەی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ، هەروەها لە درێژایی سنووری ئێران و عوسمانی بوو. شکاکەکان کە نزیکەی ٢هەزار بنەماڵە دەبوون، بەگشتی دانیشتووی ناوچەی سۆما و برادۆست و ڕۆژئاوای سەڵماس و ورمێ بوون. هیچ کام لە تورک و ڕووسەکان بە پێی پێوەندیی ناڕاستەوخۆی سمکۆ لەگەڵ ئەوان، پێش شەڕی یەکەمی جیهانی ناوچەی شکاکەکانیان داگیر نەکرد. بە ڕواڵەت سمکۆ تا پێش ساڵی ١٩١٣ هاوکاری ئازەرییەکانی لایەنگری عوسمانی و دوژمنی ڕووسەکان بووە. لە سەرەتاکانی شەڕی جیهانیی یەکەمدا سمکۆ بە ئاشکرا بۆ سوودی تورک و ئەڵمان و دژی ئێران شەڕی کرد.

ئەو وڵاتانە کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشدار بوون هەوڵیان دەدا کورد بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بێنن، سمکۆ کە سەرۆک عەشیرەی شکاک لە ناوچەی مەرگەوەڕ و برادۆست بوو هەمیشە لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆدا بوو. سمکۆ پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییەکانی نەتەوەیی کورد وەکوو شێخ مەحموود، عەبدوڕزاق بەدرخان و سەید تەها هەبوو، هەروەها بە هۆی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ خوشکی سەید تەها کە نەوە و جێگری شێخ عوبەیدیللا بوو، هاوکاری و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەو پێک هێنابوو. هەر چەند مێژووی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی سمکۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتی پاش کوژرانی جەعفەرئاغای برای لە تەورێز بە دەست کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥ی ز لە کاتی وتووێژدا، بەڵام نەخشی سەرەکیی ئەو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هی ساڵەکانی پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانییە.

لە ساڵانی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە سوپای عوسمانی بەردەوام تووشی شکست دەبوو و هێزەکانی ئینگلیس لە سلێمانی و کەرکووک و مووسڵ نزیک دەبوونەوە، شێخ مەحموودی حەفید پاش زنجیرە وتووێژێک لەگەڵ ڕووس و ئینگیسییەکان بەستێنی ڕاپەڕینی خۆش کرد و بوو بە تەنیا هێزی دەسەڵاتداری ئەم ناوچەیە.

### کۆبەند و کۆتایی

* دابەشکرانی کوردستان لە نێوان دوو ئیمپڕاتووریی عوسمانی و ئێران پاش شەڕی چاڵدران لە ساڵی ١٥١٤ زایینیدا و دیاریکردنی سنووری ئەم دوو وڵاتە بە پێی پەیماننامەی ساڵی ١٦٣٩، واتە ساڵێک پاش گرتنی شاری بەغدا لە لایەن سوڵتان مرادی چوارەمەوە، هەروەها دەوامی کێشەی سنووریی لە نێوان داگیرکەرانی خاکی کوردستاندا هەتا واژۆکردنی گرێبەستی ئەرزەڕۆم لە ساڵی ١٨٤٧دا بە بەشداریی ڕاستەوخۆی بریتانیا و ڕووسیە، بوو بە هۆی دووڵەتبوونی نیشتمانی کوردان.

* سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی بەشێک لە خاکی کوردستان (لە عوسمانی) بە پێی پەیمانی سایکس پیکۆ پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان سێ دەوڵەتی تورکیە، عێراق و سووریەدا کێشەی نەتەوەیی کوردی ئاڵۆزتر کرد و چارەنووسی ئەو خەڵکەی بە چارەنووسی سیاسیی وڵاتە داگیرکەرەکانیەوە بەستەوە، بوو بە هۆی پێکهاتنی بەربەستێکی جیددی لە ڕەوتی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتوو و سەربەخۆی کوردستان.

* سنوور و کەوشەنی نیشتمانی کوردان بە تایبەتی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی تووشی ئاڵوگۆڕێکی گەورە هات. بە تورک و عەرەبکرانی بەشێک لە خاکی کوردستان، کۆچ و جێگۆڕکەپێکردنی بە زۆر، شەڕی بێ پسانەوە، کۆمەڵکوژی و سەرکوتکردنی بزووتنەکانی کورد و هتد، بوون بە هۆی زۆرتر شێواندنی سنوورەکانی کوردستان، تەنانەت لە چوارچێوەی وڵاتە داگیرکەرەکانیشدا.

* کوردستان بە هۆی جێگە و پێگەی جوغرافیایی _ سیاسی کە دەگەڕێتەوە سەر سنووری بوونی ئەم وڵاتە لە نێوان چەندین دەوڵەتدا، هەبوونی نەوت و سامانی ژێرزەوی و کانزایی، شیاوبوونی بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بازاڕی باش بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی وڵاتە بیانییەکان و هتد لە سەدەی ١٩ بەملاوە سەرنجی وڵاتە زلهێزەکانی بەرەو خۆی ڕاکێشا، بە تایبەتی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کەوتە نێو بازنەی مامەڵە سیاسییە جیهانییەکانەوە.

* گەلی کورد پاش فارس، عەرەب و تورک، چوارەمین گەلی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و دەستپێکی سەدەی بیستەمدا وێڕای گۆڕان لە جۆغرافیایی سیاسیی جیهان و ناوچەدا، هەروەها سەرهەڵدانی دەیان دەوڵەتی نوێ لەسەر نەخشەی جیهان، گەلی کورد سەرەڕای خەباتێکی بێوچان و خوێناوی نەیتوانی بە مافی نەتەوەیی خۆی واتە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بگا.

* نەبوونی یەکیەتیی نەتەوەیی لە کوردستان، پێکنەهاتنی فدراسیۆنێکی بەهێز لە میرنشینە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان لە ژێر ڕێبەرییەکی بەتوانا و کارزاندا بۆ هاوئاهەنگی و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە تەواوی کوردستان، شکڵنەگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بە هێزی فیئۆداڵی، قەتیس مانەوە لە بەرژوەندیی تەسکی تاکەکەسی_ عەشیرەییدا، شەڕی نیوخۆیی، کوشتن و تاڵانکردنی یەکتری، و بە قەوڵی میرشەرەفخان و سەیدای خانی، «ملهوڕی و لاساری و دەمارگرژی و مل_ئەستووری»،(٧) هەروەها لەبار نەبوونی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی، بوونە هۆی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد. بە قەولی مامۆستا هەژار لە پێشەکیی شەرفنامەدا، لەوە دەچێ قسەکەی مامۆستاکەی سوڵتان مراد دوور لە ڕاستی نەبووبێ کە دەڵێ: «کورد ئەوەتەی هەیە _لە وتەی شادە و ئیماندا نەبێ_ یەکتریان نەگرتوە!».(٨)

* لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینیدا نفووزی ڕوو لە گەشەی سیستمی سەرمایەداری و هەڵوەشانەوەی سیستمی باوکسالار_ عەشیرەیی لە کوردستان، کۆتاییهاتن بە حکوومەتە سەربەخۆ و نیوەسەربەخۆیەکان (میرنشینەکانی کورد)، هەروەها بە ناوەندیکردنی دەسەڵات، جیاوازیدانان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیدا، بوون بە هۆی سەرهەڵدانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرەنگاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی «نەتەوەیی» لە کوردستان.

**پەراوێزەکان:**

١) ویلایەتی کوردستان بە پانتایی ٢٢٥٠ فرسەخی چوارگۆشە (١٣٥٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە)، لە سەردەمی ناسری بەولاوە بوو بە بەشێک لە بیست مەملەکەتی ئێران و ناوەندەکەی سنە بوو. لە سەردەمی ناسرەدین شادا بە کۆی کوردستان، کرماشان و هەمدان «ئەیالەتی مرکزیە» دەگوترا. لە کاتی قاجاردا بەشێک لە خاکی کوردستانی ئێران لە لایەن عوسمانییەکانەوە داگیر کرا و دوو ناوچەی لۆرستان و هەمدانیش لێ جیاکرایەوە. هەروەها لە کۆتایی دەسەڵاتداریی قاجاردا ولایەتی گڕوس لە کوردستان جیاکرایەوە و حاکمێکی سەربەخۆ لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی بۆی دیاریکرا.

٢) عبدالله عطایی، افراسیاب جمالی، کامران حمانی، واکاوی زمینەها و علل شورش اورامان در عصر ناصری، ص ٩٥، ، تاریخ‌های محلی ایران، مقاله ٥، دوره ٣، سال سوم- شماره دوم-پیاپی ٦ بهار و تابستان ٩٤، پاییز ١٣٩٤، صفحه ٨٤-٩٧، دانشگاه پیام نور

٣) Mikhail Nikolayevich Giers - Михаил Николаевич Гирс

٤) ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی کورد، مێژوو و نوێخوازی، لاپەڕەی ١٣٥

٥) ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی ... لاپەڕەی ١٣٩

٦) ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی ... لاپەڕەی ١٣٣

٧) مامۆستا هەژار، پێشەکی وەرگێڕ بۆ شەرەفنامە، مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان، میرشەرەف خانی بدلیسی لاپەڕەی ٣٨، چاپی هەشتەم. پەخشانگای پاییز، تاران ١٣٩٣ی هەتاویی

٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٣٩

# هەڵگیرانی شیرەمەنی لە سەر سفرەی خەڵکی هەژاری ئێران

«کوردستان»

بارودۆخی ئابووریی ئێران تا دێ شپرزەتر و سفرەی خەڵکی ئەم وڵاتەش تا دێ چووکەتر دەبێتەوە. هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە وردە وردە گۆشت و شیرەمەنی لە سەر سفرەی خەڵکی هەژار بار دەکا و نامێنێ.

نرخی گۆشتی سوور و گۆشتی مریشک لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا سەدا ٦٠ چۆتە سەرێ و ئاماژەکان دەڵێن لەوەش زیاتر گرانتر دەبێ، ئەوەش لە کاتێک دایە کە کاربەدەستێکی وەزارەتی بێهداشت باس لە فەقر و نەبوونی کەلسیۆم لە سۆنگەی لە کەمیدانی خواردنی شیرەمەنی دەکا. هۆکارەکەشی بۆ هەژاریی زیاتری خەڵک و بێتواناییان لە کڕینی شیرمەنی دەگەڕێتەوە.

ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن خواردن و کڕینی شیرەمەنی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا سەدا ٣٧ لە کەمی داوە، ئەوەش پێچەوانەی بەرنامەی پێنجەمی گەشەپێدانی وڵات بوو کە پێشبینیی کردبوو بەکارهێنانی سەرانەی ماددە شیرەمەنییەکان هەتا ١٥٢ کیلۆ لە ساڵدا زیاد بکا. لە ئێستادا ناوەندی ئامار و بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامی دەڵێن بڕی سەرانەی خواردنی مادە شیرەمەنییەکان نیزیک ٧٠ کیلۆیە و، ڕەوتی کەمبوونەوەی خواردنی شیرەمەنییەکان لە نێو بنەماڵەکانی ئێران بە تایبەت هەژارەکاندا لە دە ساڵ لەمەوبەر و لەگەڵ قانوونی ئامانجدارکردنی یارانەکان خێراتر و زیاتر بووە.

ئاکامی توێژینەوەیەکی ئابووری کە تاوتوێی کاریگەریی «ئامانجدارکردنی یارانەکان» لەسەر تێچووی بنەماڵەکانی کردوە، دەری خستووە کە دوای جێبەجێکردنی ئەو قانوونە بنەماڵەکان تێچووی زیاتریان بۆ ماددە خۆراکییەکان داوە و ئامانجدارکردنی یارانەکان ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی خەڵک و بەڕێچوونیان شوێنی داناوە. ئەو شوێندانەرییە لە گرووپی ماددە خۆراکییەکاندا زیاتر بووە و پشکی گرووپی خواردەمەنییەکان هەتا سەدا ٤٤ی سەرجەم تێچووەکانی بنەماڵەی بردووتە سەرێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ناوەندی ئامار و بانکی ناوەندی پشکی ماددە خۆراکییەکان لە سفرەی تێچووی بنەماڵەکانی سەدا ٢٥ ڕاگەیاندوە.

بەپێی ئەو توێژینەوەیە پێکهاتەی قەرتاڵەی بنەماڵەکان لە «کاڵای کەمتر زەرووری و ناپێویست» بەرەو «کاڵای زەرووری و پێویست» گۆڕاوە. لەلایەکی دیکەوە چوونەسەرێی تێچووی ژیان لە ساڵەکانی رابردوودا هاوکات بووە لەگەڵ دابەزینی بەردەوامی نرخی دراو و کەمیی پێدانی مووچە و حەقدەستەکان؛ ئەوەش توانای کڕینی بنەماڵەکانی دابەزاندووە.

ئاکامی ڕاپۆرتی ناوەندە دەوڵەتییەکان لە داهات و تێچووی بنەماڵەکان لە ساڵی ١٣٩٥ دەری دەخا کە بنەماڵەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسریی بودجەی ژیانیان لە تێچووی فێرکردن و پەروەردە، تەفریح و تەنانەت جلوبەرگیان لێ داوە هەتا بتوانن دەرقەتی دابینکردنی تێچووە سەرەکییەکانی ژیانیان بن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەی چەند ساڵە هێڵی هەژاری و ئاماری حەشیمەتی ژێر هێڵی هەژاری دەشارێتەوە. کارناسانی ئابووری دەڵێن زیاتر لە ٤٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. حوسێن ڕاغفەر، مامۆستای زانکۆ خاکەلێوەی ئەمساڵ گوتبووی کە سەدا ٣٣ی خەڵکی ئێران، واتە نیزیک بە ٢٦ میلیون کەس لە ژێر هێڵی هەژاریی ڕەهادا دەژین، واتە بۆ دابینکردنی نانی شەوانەیان ئاتاج و داماون.

قەیرانی دراو کە لە نیوەی دووهەمی ساڵی پارەوە دەستی پێکردوە، لەگەڵ چوونەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا قووڵتر بۆوە و کاریگەریی زۆری لە چوونەسەرێی نرخەکان دانا؛ تا ئەو ڕادەیەی کە وەزارەتی بێهداشت داوای تەرخانکردنی یارانەی بۆ کاڵا زەرووریەکان و یەک لەوان شیرەمەنی کردوە.

کارناسانی ئابووری دەڵێن خەڵکی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا باشترین هەل و دەرفەتیان لە دەست داوە بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەیان، لە کاتێکدا بە پێچەوانەی ئێستاکە هەم وڵاتەکەیان پارەی زۆری بوو، هەمیش جەماوەری وڵات گەنجتر بوون، بەڵام دەوڵەتەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هیچکات گەڵاڵەو پلانی تۆکمەیان بۆ گەشەی ئابووری نەبووە و، ڕێگربوون لە گەشەی ئابووریی ئێران. هەروەها سیاسەتی دەرەکیی قەیرانخوڵقێنی ئێران بووەتە هۆی ئەوەی ئابووریی ئەم وڵاتە بەرە دارمانی یەکجارەکی بچێ.

پەرەسەندنی هەژاری لە ئێران و چووکەبوونەوەی سفرەی خەڵکی هەژار لە حاڵێکدایە کە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران٣٠٠ هەزار کەس لە غەزە نان دەدا. ئەو سیاسەتە تەبلیغییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدایە کە لە مێژساڵە خەڵکی ئێران لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕینەکاندا دژی یارمەتییە ماڵییەکانی ئێران بە لوبنان و غەزە و سووریە و عێراق دروشم دەدەن. چالاکانی تۆڕە کۆڵایەتییەکان دەڵێن خەڵک لە ئێران بۆ نان و دەواودەرمان گورچیلەیان دەفرۆشن و لە نیو زبڵوزاڵدا بەدوای پاشماوەکانی خواردندا دەگەڕێن، بەڵام ڕێژیم بە سامانی گشتیی خەڵکی ئێران خەڵکی فەلەستین بەخێو دەکا. خەڵک لە دژکردەوە بەو کارەی ڕێژیمی ئێران باسیان لەوە کردووە، خەرجکردنی میلیاردها تمەن پارەی خەڵکی ئێران لە غەززە ئەویش لە کاتێکدا کە بوومەلەرزەلێدروانی کوردستان بێماڵ و حاڵن، جیا لە دوژمنکاری ڕێژیمی داگیرکەری ئێران هیچ مانایەکی دیکەی نیە.

## ئیسلامی سیاسی [و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



حەسەن حاتەمی

# یاسای بنچینەیی و موجاهیدینی خەڵق

موجاهیدینی خەڵق، بە پێی سێ قسەکەی ئا. تاڵقانی یانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی، کۆلۆنیالیستی و چەوسانەوە (ئیستیسماری)، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران و قوم دەکرد. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خیبرەگانی یاسای بنچینەیی و ئیزن نەدان بە دەنگهێنانەوەی زۆربەی بەربژێرەکانی موجاهیدینی خەڵق، بەدیل دروستکردنی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی لە بەرانبەریاندا، گرتن و ئازاردانی لایەنگرانی موجاهیدینی خەڵق لە گرتوخانەکانی ئێراندا، گوێنەدان بە بەرنامەی ئەو ڕێکخراوە بۆ ئیدارەی وڵات، نەخوێندنەوەی تێکۆشانی نزیک ١٤ ساڵەی ئەوان (٥٧_٤٤)، بەپێچەوانەی بەڵێنیەکانی خومەینی و کاربەدەستەکانی دیکەی نیزامی نوێ، بوون بە هۆ گەلێک کە موجاهیدینی خەڵق، تا ڕادەیەک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، دڵسارد ببنەوە.

ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە یاسای بنچینەیی بۆ ئیدارەی وڵات لەژێر چاوەدێری ویلایەتی فەقیە و شیعەی مەهدەوی لەبەرابنەر شیعەی عەلەویدا، – کە موجاهیدین خوازیاری بوو– فێڵ و تەڵەکەی حیزبی جمهووری ئیسلامی _تازە دامەزراو و رووحانییەتی هاوکاری_ لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنچینەیی و گۆڕینی چەند ماددەی گرینگی پێشنووسی ئەو یاسایە، موجاهیدینی هێنا سەر ئەو بڕوایە کە، دەنگی ئەرێنی(بەڵێ) بە یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی نەدا.

موجاهیدین لەوبارەوە دەنووسێ: سەبارەت بە ڕێفراندۆمی یاسای بنچینەیی و بەتایبەتی کاتێک بەناوی ئیسلام _کە مەسەلەکە لەبواری ئیدئۆلۆژیکی ئێمەی زۆر حەساس کرد_ ئەسڵە پەسندکراوەکانی بەهۆی ناتەواوییەکانی ئیدئۆلۆژیکی کە تێماندا دی، نەمانتوانی دەنگی موسبەتی پێ بدین و ئەوجار زەرووڕەتە سیاسییەکانمان وەلا نا. لەمبارەیەدا، چەند جار تێبینییەکانی خۆمان چ بەشێوەی تێلگراف بۆ خزمەت ئیمام و چ بۆ شووڕای ئینقلاب نارد و پێشنیاریشمان بە مەجلیسی خیبرەگان کرد کە بۆچوونە «مکتبی»یەکانی ئێمە لە یاسای بنەڕەتیدا بگونجێنن. بەڵام وڵامیان نەداینەوە. (١)

د. حەسەن ئایەت _هەیئەتی دامەزرێنەر، ئەندامی شووڕای ناوەندی و دەبیری سیاسیی حیزبی جمهووری ئیسلامی_ لە دوو کاسێتدا، باسی بەرنامەڕێژی بۆ خولقاندنی ڕووداوە تاڵەکانی گۆڕینی یاسای بنەڕەتی و هۆی هێرش بۆ سەر زانستگاکان و کەسایەتییەکانی نێهزەتی ئازادی و موجاهیدینی خەڵق دەکا، کە جێی سەرنجە.

ناوبراو لەبارەی پێشنووسی یاسای بنچینەیی دەڵێ: ئەگەر ئەو پێشنووسەی د. سحابی، [د. حەسەنی حەبیبی، د. کاتوزیان، لاهیجی] و... نووسیبوویان پەسند کرابا، ئەسڵەن شۆڕش لەنێو دەچوو. ئێستا بەنی سەدر سەرکۆمار و هەمەکارە بوو. هەم دەیتوانی مەجلیس هەڵوەشێنێ، هەم قازییەکانی دادگوستەری دەستنیشان بکا و ئەرتەشیشی لەژێر فەرماندا بێ. هەموو شتێک لەژێر چاوەدێریی ئەو دا دەبوو.– دیارە ئەو قسانە پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماری کراون.–

ئایەت دەڵێ: ئێمە چووینە نێو یاساکە. فەرماندەریی هێزە نیزامییەکانمان دا بە ڕێبەر. ئەگەر ڕێبەر سەرکۆماریش بکاتە نوێنەری خۆی، ئەسڵ نیە. هەرکات بیهەوێ دەتوانێ لێی وەرگرێتەوە. دەسەڵاتی تەواومان داوە بە مەجلیس. سەرکۆمار تەنیا دەتوانێ میداڵان بدا و وەریانگرێتەوە، باڵوێزی وڵاتان ببینی؛ ئەگینا هیچ دەسەڵاتێکی نیە.(٢)

### بەربژێریی ئاغای ڕەجەوی بۆ سەرکۆماری

لە بەرەبەری هەڵبژاردنی یەکەمین سەرکۆماریدا، موجاهیدین، ئا. خومەینیی بۆ ئەو پۆستە کاندید کرد. بڵاوکراوەی موجاهید نووسی: موجاهیدینی خەڵقی ئێران، بە پێی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرایی و لەبەرچاوگرتنی مەسەلە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانی وڵاتەکەمان، ڕێبەری شۆڕش «امام خمینی»، بە شایستەترین کەس بۆ هەڵبژاردنی پۆستی سەرکۆماری دەزانین و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، دەنگی خۆمانی دەدەینێ.(٣)

هەروەها لە لاپەڕەی ١٢ی موجاهید و لە درێژەدا، ئاماژە بەو دەکا کە :هەتا پێش مەرگی باوکە تاڵەقانی، هیوای ئێمە ئەو بوو کە بە قبووڵی ئەو بەرپرسایەتییە لەلایەن ئەو، زەحمەتەکانی ئیمام کەمتر دەبێتەوە. بۆیە لەهەلومەرجی ئێستادا، ناچارین بۆ یەکیەتیی دژی ئیمپریالیستی خەڵکەکەمان و پێشگیری لە گەشەی دووبارەی سەرمایەداری بەستراوە و پێگە لیبراڵییەکەی و بۆ پێداگریی لەسەر مافی هەموو ناوچەکان و میلییەتەکانی نیشتیمانەکەمان (کە بەتایبەتی لە پەیامی ٢٦ ی گەلاڕێزانی ١٣٥٨، لەسەر بنچینەی دیاری کردنی شێوەیەک مافی چارەنووس و ئیدارەی نێوخۆیی، بۆ خوشک و برایانی کوردمان بەڕوونی هاتوە)، زەحمەت و فشارەکانی دووقات قبووڵ بکا و بەرپرسایەتیی سەرکۆماریش وەئەستۆ بگرە.

بە بڕوای ئێمە، قبووڵی ئەو بەرپرسایەتییە و کۆبوونەوەی ڕێبەری و سەرکۆماری لەلایەن ئێوە، یەکێک لە کەمایەسییەکانی یاسای بنچینەیی کەم دەکاتەوە و... بەڵام چوونکە خومەینی ئەوکات، پێی وابوو ڕووحانی (مەلا)، نابێ لە پۆستی سەرکۆماریدا بێ. نە بۆخۆی وڵامی داوای موجاهیدین و ڕێکخراوە هاوبیرەکانی داوە و نە ئیزنی بە کەسێکی دیکەی ڕووحانییش دا، خۆ بۆ ئەو پۆستە بەربژێر بکا.

دوای ماوەیەک چاوەڕوانی لە سەر بڕیاری خومەینی کە تەئیدی سەلاحییەتی بەربژێرەکانی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بە خەڵک سپاردبوو، مەسعوودی ڕەجەوی بۆ یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە لایەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران کاندید کرا.

مووسا خەیابانی لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیی لەوبارەیەوە گوتی: ئێمە چاوەڕوان بوین هەتا بەتەواوی لە بڕیاری قبوولکردن و نەکردنی ئیمام یا ئەوەی کە، ئەو سەبارەت بە کەسێک بیروڕایەکی تایبەتی هەیە، ئاگادار بین. هەتا ئەوەی ئەمڕۆ بە فەرمی ڕاگەیاندرا کە ئیمام کاندیدای سەرکۆماری نیە و مافی تەئیدی سەلاحییەتی بەربژێرەکان لە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، بە خەڵک سپارد.

هەروەها، بەو پێیەی کە دوای ڕاپرسی یاسای بنچینەیی لەبواری بڕیاردانی سیاسیدا، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییە؛ دوای باسێکی زۆر لەنێو خۆماندا، بەو ئاکامە گەیشتوین کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگە و خۆشمان چ ئەوانەی لە ڕاپرسییەکەدا، بەشدارییان کردوە و چ ئەوانەی نەیانکردوە و هەر بیروڕایەکی هەیانە یا بوویانە، هەوڵ بدەین لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری چالاکانە هەڵسوکەوت بکەن.(٤)

مەسعوود ڕەجەویش لە ناساندنی خۆی بۆ بەربژێریی یەکەمین خولی سەرکۆماریدا، گوتی: بە بڕوا و بیروبۆچوونی ئاڕمانی و سیاسیمان لە چوارچێوەی یاسای بنچینەیی پەسند کراودا، بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بەتایبەت بۆ نەهێشتنی کەمایەسییەکانی ئەو یاسایە و پێویستی بیروڕای گشتی و تەدوینی موتەمیمی پەسند کراو؛ و.... ئامادەیی خۆم ڕادەگەیەنم.(٥)

### سەرچاوەکان

١– مجاهد شماره ١٩ ، سال اول، سەشنبه ٢٥ دیماه ١٣٥٨، ص٦
٢– روزنامهء مجاهد شماره ٩٣، سال اول، شنبه ٣١ خرداد، ص ٤
٣ – مجاهد، شماره ١٨، سال اول، ص٢
٤– مجاهد، شماره ١٦، سال اول، صفحهء اول، سەشنبه ٤ دیماه ١٣٥٨
٥– مجاهد شماره ١٨

# هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە



ڕێبوار کەریمی

هونەری بانەییەکان هەر لەوەدا نەبوو کە بۆ چەسپاندنی داوای خۆیان دەستیان بۆ توندوتیژی نەبرد، لەوەشدا بوو کە بەرامبەرەکەیان لە دەرفەتی دەستبردن بۆ توندوتیژی چەک کرد.



سالانێکی زۆر بوو شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببووە دیاردەیەکی بازرگانی لە ڕۆژاوای ئێراندا. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا چوار ڕووداوی یەک لەدوای یەک، ئەو شارەیان لە دیاردەیەکی بازرگانییەوە کردووەتە نوێنگەیەکی سەرنجڕاکێشی خەباتی ناتوندوتیژانە.

**یەکەم ڕووداو؛** کاتی ڕێفراندۆمە مێژووییەکەی باشووری کوردستان بوو کە بانە (وێڕای بەشێکی زۆری شارەکانی ڕۆژهەڵات)، ڕێفراندۆمیان کردە بۆنەیەک بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی یەکدەستی نیشتمانی سەبارەت بە ویستە سیاسییەکانی خۆیان. خەڵکی ئەو شارە بەبێ ئەوەی خۆیان تووشی پێکهەڵپڕژان لەگەڵ هێزەکانی حکومەت بکەن، تەنانەت بەبێ ئەوەی شتێکی ڕاستەوخۆش لەسەر ویستەکانی خۆیان بڵێن، تەنیا لەڕێی فۆڕمی دەربڕینی هەڵوێستیان لە ئاست پەرەسەندنە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژانەی باشوور، بەهێزترین پەیامی سیاسییان گەیاندە گوێی کاربەدەستانی ئێران، بگرە لەبەرزترین ئاستدا ناچار بە هەڵوێست و دژکردەوەشیان کردن! حکومەت لە شێوەی چالاکییەکانی خەڵک کێچ کەوتبووە کەوڵی، بەڵام هیچ بیانوویەکیشی شک نەدەبرد تا دەست لەخەڵک بوەشێنێ. خەڵکیش بەچاوکراوەییەوە ئۆتۆریتەی ئەخلاقی و سیاسیی دەسەڵاتدارێتییان دەخستە ژێر پرسیار. ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین بەشی پانۆرامای ئەو ڕۆژانە، کە لەڕاستیدا فۆڕمێکی کاریکاتێریشی بە دۆخی دەستوپێسپیلکانەی حکومەت بەخشیبوو، ئەو کاتە بووبێ کە لە هەڕەتی شایی و هەڵپەڕینی خەڵکدا، فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران بە نزمی بەسەر شاری بانەدا دەسووڕانەوە و، بە هاڕە و شریخەی خۆیان هێزی ڕەقی حاکمانیان لە ئاسمانەوە نیشانی خەڵک دەدا. کەچی خەڵک، بێباک لەو ترسباراندنە، لەسەر شایی و دیلانی خۆیان بەردەوام بوون. هەرمێشێکیشیان میوان نەبوو.

**ڕووداوی دووەم؛** شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتی بومەلەرزەکەی ناوچەی کرماشان بوو. شێوەی خاوەندەرکەوتنی ڕۆژهەڵات لە کارەساتی ٢١ی خەزەڵوەری ساڵی پار، گەورەترین شانۆی هەستانەوەی نەتەوەیی دوایی ١٦ی ئۆکتۆبری باشوور بوو. لەشێوەی ئیدارەدانی ئاسەوارەکانی کارەساتی بومەلەرزەدا بانە وەک نموونەیەکی باڵای ڕۆژهەڵات، پێڕەوی لە ئەزموونی جۆرێک لە دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆ کرد؛ پڕۆڤەیەکی ئاسۆیی دەسەڵاتدارێتییەکی خودموختار بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی ئیرادەی میللەتێک. لەو ئەزموونە مێژووییەدا، بانە ئەخلاقیاتی شارەوارە سەربەخۆکانی (autonomous citizen) لە بەستێنی پشتبەخۆبەستنێکی هاوپشتانەدا (coherent self-sufficiency) بەرجەستە کرد: لەڕاستیدا، متمانەبەخۆیی و ئیرادەی پشبەخۆبەستن، کلیلی تێگەیشتن لەو ئەزموونە جەماوەرییە بەرینەی ئەو ڕۆژانە بوون. لەو ئەزموونەدا، هاوکاری و هاوپشتیی لیقەوماوان، لە سۆڵیدارێتییەکی عەفەوی و سەرەتاییەوە بەرزبووەوە بۆ ئەکت و خەباتێکی ئۆرگانیک، سیستماتیک، شارستانی و مۆدێرن. هەموو ئەمانەش، پێش هەموو شتێک، ژێرپرسیارنانی ئۆتوریتەی دەسەڵاتدارێتییەکی سەنتەرگەرا و نابەرپرس بوو.

**ڕووداوی سێیەم؛** شێوەی بەدەنگهاتن لەو هۆڤینییەی هێزە بەناو سنوورپارێزەکانی ئێران دەرهەق بە کۆڵبەرانی هەژار بوو. ١٣ی خەرمانانی ساڵی پار، بۆ بەدەنگهاتن لەسەر مافی خوراوی کۆڵبەرانی بێدەسەڵات، سزادانی بکوژان و بڕیاردەرانی تەقەکردن لە کۆڵبەران، خەڵکی بانە جاڕی مانگرتن و کۆبوونەوەی گەورەی جەماوەریی چەندین ڕۆژەیان لەبەردەم فەرمانداریی شارەکەیاندا دا. لەدەسپێکدا حکومەت، بە پەلکێشکردنی هێزە سەرکوتکەرەکان، گرتن و ڕشتنی گازی فرمێسکرێژ هەوڵی بڵاوەپێکردنی خەڵکی دا. بەڵام خەڵکی شارەکە نەک هەر چۆکیان نەدا، بەڵکوو خۆڕاگری و پێداگریی ناتوندوتیژانەی بێپسانەوەیان بووە هۆی ئەوەی بەشێک لە شارەکانی دیکەش بێنە دەنگ، بۆ وێنە لە ١٥ی خەرماناندا، خەڵکی مەریوانیش بۆ نارەزایەتیدەربڕین لە کوشتاری کۆڵبەران و پشتیوانی لە داواکانی خەڵکی بانە، دەستیان دایە مانگرتنی گشتی. لێکتوندبوونی زنجیری هاوپشتیی جەماوەری، دوای چەندین ڕۆژ بەربەرەکانێی بێپسانەوە، دەسەڵاتدارانی هێنایە دەنگ و دواجار ناچاری کردن بەشێوەی سەرزارەکیش بووبێ، لەبەردەم ئیرادەی خەڵکدا پاشەکشە بکەن و بەڵێنی جێبەجێکردنی داوا ڕەواکانیان بدەن.

لووتکەی ملنەدانی مەدەنی (civil disobedience) ی خەڵکی بانە، مانگرتنی نزیک یەک مانگەی ئەو شارە بوو بۆ دژایەتی لەگەڵ بڕیاری داخرانی خاڵە سنوورییەکان و هەڵکشانی تەعریفە گومرگییەکان کە مانای دەستنانە بیناقاقای ژیانی ئابووریی ئەو شارەی دەگەیاند. ماوەی درێژ و مەودای بەرینی ئەو مانگرتنە سەراسەرییەی ١٢ی بانەمەڕی ئەمساڵ دەستی پێکرد، لاپەڕەیەکی نوێ و بێوێنە بوو لە مێژووی خەباتی ناتوندوتیژانەی کوردستاندا. هونەری بانەییەکان هەر لەوەدا نەبوو کە بۆ چەسپاندنی داوای خۆیان دەستیان بۆ توندوتیژی نەبرد، لەوەشدا بوو کە بەرامبەرەکەیان لە دەرفەتی دەستبردن بۆ توندوتیژی چەک کرد. لەڕاستیدا، دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لەلایەک و، بەگەڕخستنی بەشێکی گرینگ لە توخمەکانی خەباتێکی ناتوندوتیژیانەی شێلگیر لەلایەکی دیکەوە، وایکرد کە حکومەت لەبەکارهێنانی ئاشناترین چەکی خۆی، واتە سەرکوتی توندوتیژانە، بسڵەمێتەوە. هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش نەبوونە هۆی پاشەکشەی خەڵک. بگرە بەپێچەوانەوە؛ ئەگەر لە خەباتی توندوتیژانەی نەریتیدا تەنیا بەشێک لە خەڵک کورد گوتەنی؛ مل لەچەقۆ هەڵدەسوون و ڕیسک دەکەن، لەم ئەزموونە ناتوندوتیژانەیەدا، ئەوە بەشدارینەکردن بوو کە بۆ وێنە ڕیسکی ئابڕووچوونی بەدواوەبوو (لەخۆوە نەبوو تەنانەت ئەو دووکانداراانەش کە سپای پاسداران خاوەن موڵکیان بوو، مانگرتنەکەیان نەدەشکاند.)

لەڕاستیدا مانگرتنی مێژوویی بانە، شەڕێک بوو لە سێ ئاستدا: یەکەم؛ ئاستی ئابووری. دووەم؛ ئاستی حەیسیەتی و، سێیەم؛ ئاستێکی پاڕادیگماتیک. ئاستی یەکەم پێوەندی بە بەرژەوەندیی پێکدژی حکومەت و شارێکەوە بوو کە دۆخی ئابووریی هیچیان لە هی ئەوی دیکەیان باشتر نییە! ئاستی دووەم پێوەندیی بە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکێکەوە هەبوو کە کەرامەتی دەستەجەمعیی خۆی نابووە گرێوی مسۆگەرکردنەوەی قووتی ژیانی (لەبەرامبەر زێهنییەتی نادیمۆکراتیکی دەسەڵاتدارانێکدا، کە پێیانوایە کۆتاهاتن لەبەرامبەر خەڵکدا هەیمەنەی ئەوان دەڕووشێنێ.) ئاستی پاڕادیگماتیکی ململانێش تەعبیر لە ئیشکالیەتی بڕیارسازیی ناوەندگەرایانەی حاکمییەتێکی ناپەرەسەندوو دەکا لەبەرامبەر خەڵکانێکدا کە داوای مافی بەشداری لە بڕیارسازی و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی هەلومەرجی هەستیاری ناوچە پەراوێزکەوتووەکانیان دەکەن.

لەهەرحاڵدا، مانگرتنی یەک مانگەی بانە تەنیا کاتێک دوایی هات کە خەڵک ئیرادەی خۆی سەپاند و، بەڵێنی پاشەکشە و پێداچوونەوەی بڕیارەکانی پێشووی، لە حاکمییەت وەرگرت. ئەوەی کە بەڵێنەکانی حکومەت چەندە سەرزارەکی بوونە یان چەندیان دێنەدی، نابێ تێکەڵ بەو ڕاستییە بکرێ کە ماوەی درێژ و مەودای بەرینی ئەو مانگرتنە، خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ئەزموونی خەباتی ناتوندوتیژانەی کوردستاندا بوو. ڕەنگە بۆ ئەو خەڵکە تەنگەزارەی پەلەی هاتنەدیی ئامانجە کورتخایەنەکانی مانگرتنیان هەیە، مەحەک دابینبوونی نانی سەر سفرەیان بێ، بەڵام ئەگەر لە ئاسۆیەکی فراوانترەوە بڕوانین، ئەزموونی ئەو مانگرتنە بەرینە، دەرووی جۆرێکی دی لە خەباتی درێژخایەنی بۆ کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵات کردووەتەوە. دەمەوێ بڵێم ڕەهەندی مێتۆدۆلۆژیکی ئەو مانگرتنە بگرە زۆر لە ئامانجە کورتمەوداکانی خۆی زیاتر، شیاوی هەڵوێستەلەسەرکردنە.

پێدەچێ خاڵێکی هاوبەشی ئەو چوار ئاکسیۆنە بەکۆمەڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، ئاستی بەرزی هۆشیاریی سیاسیی خەڵک بووبێ. وشیارییەکی سیاسی کە لە فۆڕمی خەباتێکی ناتوندوتیژانەی پشوودرێژانەی کۆڵنەدەرانەدا خۆی بەرجەستە کردووە. هەڵبەت ئاکسیۆنی ناتوندوتیژانەی خەڵکی بانە، تەنیا لە بەستێنی ئەو بزووتنەوە مەدەنی_فەرهەنگییە بەرفراوانەدا شیاوی تێگەیشتنە، کە مۆرکی خۆی لە مێژووی بیست ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە. فەزیلەتێکی ئەم خەباتە ناتوندویژانەیە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە هاوکاتە لەگەڵ دیاردەی دوورەپەرێزی و بەدگومانی لە سیاسەت لە تێکڕای ئێراندا: بەبڕوای زۆر لە خاوەنڕایان، بێزاری لە ئەزموونە شکستخواردووە سیاسییە توندوتیژەکان، خەڵکی ئێرانی بەگشتی بەرەو دەستەوەستانی و دوورەپەرێزی لە کردەی سیاسی ڕاکێشاوە. ئەوە لە کاتێکدا ئەزموونی ئەم دواییانەی ئاکسیۆنەکانی ڕۆژهەڵات، ئاشتکردنەوەی خەڵکە لەگەڵ سیاسەتکردن، ئەویش لە بنیاتنەرانترین و بەشداریدەرانەترین فۆڕمە مۆدێرنەکانی خۆیدا.

کاتی خۆی هۆزان و ئەدیبی فینلاندی، پاڤۆ هاڤیکۆ، گوتبووی: «سیاسەت تەنیا هونەری ئەو شتانە نییە کە ڕێیان تێدەچێ، هونەری ڕەخنەگرتن لەو شتانەشە کە ڕێیان تێناچێ». ئێستا کە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی کلاسیک، لەنێو تەوقی ناموممکیناتی خۆیدا لەمێژساڵە لەدەسپێشخەریکردن چۆتەوە، ئەزموونی ئاکسیۆنە ناتوندوتیژانەکانی ڕۆژهەڵات، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پانتاییەکانی کایەی سیاسی، بارتەقای هەموو چرکەکانی ژیانی مەدەنیی کۆمەڵگە بەربەرینن و، دەکرێ واوەتر لە پاڕادایمە نەریتییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانە، سیاسەت چ لە ئاستە ڕێتێچووەکەیدا و چ لە ئاستە ڕێتێنەچووەکانیشیدا، دەروویەک بەرەو سبەینانێکی باشتر بکاتەوە.

# دووباره داڕشتنەوەی هاوپەیمانی لە نێوان متمانە پێنەکراوەکاندا



واشینگتۆن تایمز_ هەربەرت لەندەن
و: کەماڵ حەسەنپوور

سوریيه بۆته «پیاوی نەخۆشی» خۆرهەلاتی ناڤین، وڵاتێکی پڕ لە مەرگ و ئاوارەیی. سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا، باراک ئۆباما ڕووسیەی بانگهێشتی ناوچەکە کرد تا کۆنترۆڵی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە لایەن بەکرێگیراوەکەی بەشار ئەسەد بکا. لە ٢٠١٥، کاتێک کە دەستێوەردانی ڕووسەکان بەربڵاوتر بوو، ئاغای ئۆباما گوتی ئەمە «تەنیا دەبێتە هۆی گیرخواردنیان لە باتلاقدا.» سێناتۆر جان ماککەین لە ئەنجومەنی پیران وەڵامی دایەوە: سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما «ڕیسکی هەڵوێستگرتنی بە مەترسیی بێهەڵوێستیی گۆڕیوەتەوە.»

ئەمڕۆ دەبینین کە مەترسییەکانی بێهەڵوێستی ئاشکرا دەبن. دەسەڵاتی ڕووسیە بەسەر تەقریبەن نیوەی خاکی سورییە لە ماوەی تەنیا چەند مانگ دوای دەستێوەردانەکەی و بوونی ڕووسیە لەوێ کۆتایی بە گشت هەوڵێکی جیددی لە لایەن پشتیوانەکانی نەیارەکان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئەسەد هێنا.

جگە لەمە، ڕێبەری ڕووسیە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ تورکیە کرد کە هەوڵی ناسەقامگیر کردنی ڕێژیمی دابوو و لە جیاتان هاوپەیمانییەکی بناخەداندراو لەسەر دوژمنایەتیی چالاکی [تورکیە] لەگەڵ کوردانی پێک هێنا. ئێستا دەکرێ بڵێین کە بەم ئاڵوگۆڕە لە سیاسەتدا، نزیکەی سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە سەردەمێک پشتیوانییان لە ئۆپۆزیسیۆن دەکرد پێویستیان بە ڕووسیەیە تا لە سووریە فریایان بکەوێ. ڕووسیە ڕێگای پێدراوە کە ببێتە «ئەسپی بەهێزی ڕۆژهەڵاتی مەدیتەرانە.»

ئەم بیرۆکەیە کە ڕووسیە دەتوانێ وەک تایەری باڵانس لە دژی ئێران بەکەڵک بێ لە کاتێکدا کە هاوپەیمانییەکی لاوازی لەگەڵیدا هەیە، دەرخەری ئەم باوەڕەیە کە ئەو دەتوانێ زامنێکی باشتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ سەقامگیری بێ. بەڵام، ڕووسەکان هێشتا سیاسەتێکیان نیشان نەداوە کە هەمان دەرەنجامی لێ بکەوێتەوە. ئۆردۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکان و لوبنان هیوادار بوون ڕووسیە لە هاوپەیمانەتیی لەگەڵ ئێران دەست هەڵگرێ و ڕێگا بە داهاتوویەکی جێگای ئومێد بدا. ئەمە تا هێشتا وەڕاست نەگەڕاوە. بەڵام وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەسەر ئەم بڕوایەیە کە دەکرێ ڕووسیە لە ئێران و حیزبوڵڵا جیا بکرێتەوە. ئەم دەستپێشخەرییە پاڵنەری دانوستانە هەنووکەییەکانی ڕووسیە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم بارەوەیە.

سێ فاکتەری بەرایی تێگەیشتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لەبارەی سورییە گۆڕیوە: هیچ هەوڵێکی دەرەکی بۆ بە چالشکێشانی ئاغای ئەسەد وەک پێشوو بوونی نیە، نەیارەکان هیچ هەڕەشەیەک ناخەنە سەر ناوەندە پڕ حەشیمەتەکان و هەموو نەتەوەکانی خاوەن گرەو لە ناچەکەدا ڕێککەوتنیان لەگەڵ ڕووسیە هەیە، نەوەک هەر ئێران. لاوازکردنی پەیوەندیی نێوان ئێران و سورییە لەوانەیە ئامانجی ڕوسەکان بێ، ئەمە ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکانیشە. لە ڕاستییدا، ڕووسیە تەنیا خاوەن دەسەڵاتێکە کە بتوانێ پێش بە دەست بەسەرداگرتنی گشت وڵاتەکە لە لایەن ئێران بگرێ.

لە ڕوانگەی ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئیسرائیلەوە، هیچ ناکۆکییەک لەوەدا نیە کە حیزبوڵڵا دەبێ سنووردار بکرێ، لانیکەم لە بەرزاییەکانی گولان بکشێتەوە. ئەمە تاقیکاریی جێی متمانەبوونی ڕووسەکانە. لە ناوچەکە کۆتر نافڕن، بەڵام شێوەیەک لە سەقامگیریی مومکینە. ڤلادیمیر پوتین نیشانی داوە کە خوازیاری هێڵێکی پارێزەر لەگەڵ ئیسرائیلە.

سەرەڕای ئاکارە بێبەزەییەکانی حیزبوڵڵا کە پتر لە ١٢٠٠٠٠ موشەکی لە لوبنان کۆکردۆتەوە، مۆسکۆ ئیددیعا دەکا کە تێ دەکۆشی هەوڵەکانی شەڕ نەزۆک بکا. لە چەند کۆبوونەوەدا کە بێنیامین نەتانیاهوو لەگەڵ ئاغای پوتین هەیبووە، گەیشتوونە لێکتێگەیشتنێک کە [لە کاتی هێرشی ئیسرائیل] هێزەکانی ئاغای پوتین ئاگادار بکرێنەوە تا تووشی مەترسی نەبن.

شتێکی ئاشکرایە کە ڕێبەریی ڕووسیە هەردوو لای دەوێ: پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران درێژە پێ بدا کە هێز لەوێ پیادە دەکا و توانایی ئەوەی هەبێ کە پێش بە حیزبوڵڵا بگرێ کە حزووری خۆی لە بەرزاییەکانی گولان بسەپێنێ. ئاغای پوتین دەیهەوێ دۆخی هەنووکەیی لە ناوچەکەدا بپارێزێ، بەڵام خولیا ئیمپێریالیستییەکانی ئێران و ئامانجەکانی حیزبوڵڵا لەوانەیە ویستە دیپلۆماتیکەکانی ئەو پووچەڵ بکەنەوە.

ئایا دەتوانن ڕووسەکان خۆیان وەک دەسەڵاتێکی ناوچەیی خاوەن بەرپرسیارەتیی ڕەفتار بکەن؟ ئاخۆ ئێران بە دەورێکی لاوازی شیعە لە ناوچەکە ڕازی دەبێ؟ ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگای دەستێوەردانی هەیە؟ و ئاخۆ ئاغای ترامپ بەتەمایە لە ناوچەکە بکشێتەوە کە پێی وایە باتلاقە؟

ئەمانە پرسیارێکن کە لەسەر مێزی وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێۆن. ئێستا ئەمانە شتەهایەک نین کە پەلەیان لێ بکرێ، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەرگیز دڵنیا نی کەنگێ ئەمانە لەبەر داوەریی پڕجۆش و بڕیاری ناخۆش ئاگر دەگرن.

# کۆبوونەوەی ترامپ_کیم دەتوانێ زانیاریی سەرەکی لەبارەی بەرنامەی ناوکیی ئێران ئاشکرا بکا

بە گوێرەی توێژەرێکی بەناوبانگی ئێران، ڕێبەرایەتیی توندئاژۆی ئێران دەڕوانێتە کۆبوونەوە مێژووییەکەی نێوان سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ و ڕێبەری کۆرەی باکوور کیم یونگ ئون لە سەنگاپور تا نیشانەکانی پێدانی زانیاری لە لایەن پیونگ یانگ بە واشینگتۆن لە بارەی مامەڵەکانی لەگەڵ تاران بدۆزێتەوە.

چاوپێکەوتنی ئاغای ترامپ و ئاغای کیم، کە تەوەرەکەی داوای ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆرەی باکوورە کە دەبێ بە شەفافی و بێگەڕانەوە دوورگەی کۆرە لە چەکی ئەتۆمیی ڕامالێ، لە کاتێکدایە کە تەنیا مانگێک پێشتر ئاغای ترامپ لە ڕێککەوتنی ناوەکیی لەگەڵ ئێران، کە بەرنامەی ناوەکیی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر سووککردنی ئابلۆقەکان سنووردار کرد، هاتەدەر.

ڕۆژی دووشەممە کاربەدەستانی ئێران ئەگەری سەرکەوتنی وتووێژەکانیان ڕەت کردەوە و هۆشدارییان دایە پیونگ یانگ کە بەرامبەر بە بەڵێنییەکانی واشینگتۆن بە تەواوی بە گومان بێ.

وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، بەهرام قاسمی لە تاران گوتی «لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕەفتار، هەڵوێست و مەبەستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئێمە زۆر بەگومانین و بە ڕەشبینییەکی زۆرەوە دەڕوانینە ئاکارەکانی.»

بەڵام، لە شەڕەدندووکە هەمیشەییەکان بەولاوە ڕێبەرایەتیی ئێران بە پەرۆشەوە دەڕوانێ کە ئاخۆ واشینگتۆن و کۆرەی باکوور دەگەنە چ جۆرە ڕێککەوتنێک. جگە لەمە بە گوێرەی عەلی ئالفۆنێ، هاوکارێکی پایەبەرزی ناوەندی ئەنجومەنی ئاتلانتیکی ڕەفیق حەریری بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناڤین، [ئێران] لە نیشانەکانی ئامادەیی پیونگ یانگ «بۆ دانی زانیاریی بە واشینگتۆن لە بارەی مامەڵەکانی لەگەڵ تاران» دەکۆڵێتەوە.

ئاغای ئالفۆنێ کە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندییە مەدەنی و سەربازییەکانی ئێران، بە جەختکردنی تایبەتی لەسەر سپای پاسداران دەگرێتەوە، لەم دواییانەدا وتارێکی لە گۆڤاری «عەرەب ویکلی»دا بڵاو کردۆتەوە کە تیایدا دەڵێ ئامریکا بە پێشنیاری واشینگتۆن بە کۆرەی باکوور»ی بەکردەوە خاوەن هێزی ئەتۆمیی»، بەخشینی پرێستیژە لە ڕێگای چاوپێکەوتن لە بەرزترین ئاستی سیاسی، لە کاتێکدا کە ئێرانی «دەوڵەتێکی لە لێواری وەدەستهێنانی هێزی ئەتۆمیی» بە جێهێشتنی ڕێککەوتنەکە وەلانا.

ئەو نووسی «بە واتایەکی دیکە، واشینگتۆن لەگەڵ خاوەن هێزی ئەتۆمی بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت دەکا بەڵام بێڕێزیی بەوانە دەکا کە بەدوای هێزی ئەتۆمییەوەن.»

ئەو ئەمەشی زیاد کرد کە، ئەمە دوو پرسی سەرەکی دەوروژێنێ: ١) ئاخۆ ڕێبەرایەتیی ئێران توانای وەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمیی



هەیە بۆ ئەوەی کە بگاتە ڕیزی کۆرەی باکوور؟ ٢) ئەگەر پیونگ یانگ لەگەڵ واشینگتۆن ڕێک بکەوێ، لە سەر تاران سازش دەکا؟

ئاغای ئالفۆنێ دەنووسێ کە ئاغای ترامپ و وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێۆ پێداگرییان کردووە کە تاران دەبێ چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئاشکرا بکا. بە گوێرەی بۆچوونەکانی ئاغای ئالفۆنێ، کۆرەی باکوور دەتوانێ زانیاریی بەرچاو لە بارەی ئەم چالاکییانە بداتە بەردەست، بە تایبەتیی لە بارەی پەیوەندییەکانی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی لەگەڵ پیونگ یانگ.

لە بیرەوەرییەکانیدا ئاغای ڕەفسەنجانی بە ئاشکرا باسی کڕینی چەکوچۆڵ و مووشەک لە کۆرەی باکوور لە ماوەی شەڕی ئێران_ عێراق (٨٨-١٩٨٠) دەکا. بەڵام زانیارییەکان لە بارەی کۆرەی باکوور لە نەوەدەکانی زاییندا، «لیلترە»؛ ئەگەرچی ئاغای ڕەفسەنجانی باسی بانگکردنی مەجید عەبباسپور، کە ئەو کات ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری ئێران لە بواری پیشەسازییەکانی شیمیایی، بیۆلۆژیکی، ڕادیۆلۆژیکی و ئەتۆمیی بوو بۆ کڕینی «کەرەستەی خاوی تایبەتی» و «لێزانیی تەکنیکی» دیارینەکراو لە کۆرەی باکوور لە بەرامبەر دابین کردنی نەوت بۆ پیونگ یانگ دەکا.

سەرۆککۆماری کۆچکردووی ئێران بە ئاشکرا نیگەرانیی خۆی لە بارەی ئەوە دەربڕیوە کە «کەرەستە خاوە تایبەتیەکە» لە لایەن هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ئاشکرا بکرێ، بەڵام دوایە خۆشحالی لەڕاددەبەدەری خۆی لە بارەی گەیشتنی سەرکەوتووانەی دەربڕیوە چونکە هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان پاپۆڕێکی هەڵەیان لە کۆرەی باکوورەوە خستبوو ژێر چاودێریی.

ئاغای ئالفۆنێ دەنووسێ: «ئەگەر لە بەرامبەر خزمەتەکانی واشینگتۆن، کۆرەی باکوور نێوەرۆکی مامەڵەکانی تاران لە نەوەدەکاندا ئاشکرا بکەن، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بۆ سەلماندنی خولیا و ویستە ئەتۆمییەکانی ئێران کەڵکی لێوەردەگرێ.»

ئەو ئەوەش زیاد دەکا، «هەڵبەت، ئەمە بەستراوەتەوە بە ئاکامی کۆبوونەوەی سەنگاپور.»

**واشینگتۆن تایمز – دان بۆیلان**
**و: کەماڵ حەسەنپوور**



عادڵ مەحموودی

# له حوجره‌وه

## مەلا محەممەد مەفاخیری

ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی لە گوندی «حاجی پەمۆخ»ی ناوچەی لەیلاخ هەڵکەوتوو لە پارێزگای سنە، لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ و ڕەنجکێش منداڵێکی چاوگەش چاوی بۆ ژیان کردەوە. دوای بەسەرچوونی حەوتوویەک بەسەر لە دایکبوونیدا بە بەشداریی پیاوماقووڵانی گوند ئێوارە خوانێکیان گرت و ناویان نا محەممەد.

بێگومان منداڵێ کەشاوەرزێکی بەشمەینەتی سەردەمی ئاغا و دەرەبەگایەتی وڵاتێکی داگیرکراوی وەکوو کوردستان، زۆر لەوە ڕەش و ڕووتتر و بێمافتر بووە کە بتوانی بە چەند دێڕی سەدەیەک پاش ئەو سەردەمە بیناسێنی بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی ئەمڕۆیی، بەڵام دەکرێ لەو دەلاقەیەدا کورتەباسێکی لێ بکەین.

باوکی محەممەد ناوی ئەسەدوڵلایە و دایکیشی خاتوو خۆرشید. محەممەد وەکوو هەموو منداڵی وەرزێڕێکی ئەو سەردەمە دەبوو لەگەڵ باوک و براکانی دیکەیدا لە نێو زەوییە کشتوکاڵییەکاندا لەبەر خۆر و گەرما کاری تاقەتپڕوکێن بکا و سەمەری ئەو ڕەنجەش زۆربەی دەچووە گیرفانی ماڵێک و ئاغاکان و ئەوانیش بە ڕەش و ڕووتی ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری ببەنە سەر، ئەم نابەرابەرییانە لەسەر دڵی محەممەد ببوونە مەراق و گرێکوێرەیەک و ڕۆژانە ئازاریان دەدا.



محەممەد هەتا تەمەنی گەیشتە ٨-٩ساڵی بەو شێوەیە ژیا، دواتر باوکی محەممەد بڕیار دەدا بینێرێتە بەر خوێندن هەتا بەدەردە بێدەرمانەکەی خۆی نەڕوا. قوتابخانەش لەو سەردەمدا بۆ توێژی هەژار هەر حوجرە بوو.

محەممەد سەرەتا لە خزمەتی «مەلا محەممەدی عالیجانی»دا فێری خوێندن و نووسین بوو و بڕێک لە پەرتووکە سەرەتاییەکانیشی خوێندن، دواتر بەرەو گوندی باشماخ کە ناوەندێکی دیاری زانست بوو لەو سەردەمدا بارگەی پێچایەوە و لە خزمەتی مەلا عەبدوڵڵای مەفاخێری بە فەرمی بوو بە فەقێ.

فەقێ محەممەد دواتر بۆ بەدەستهێنانی زانستی زیاتر بەرەو باشووری کوردستان وەڕێکەوت و لە گوندی نەرگسەجاری شارەزووردا گیرسایەوە و لە خزمەتی مامۆستا شێخ عابد بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک مایەوە؛ دواتر ڕووی لە ناوچەی قەرەداغ کرد و لە خزمەتی «مامۆستا مەلا ساحێب»دا بۆ ماوەی دوو سال مایەوە و پاشان گەڕایەوە ڕۆژهەڵات و لە شاری سنە لە خزمەتی مەلا محەممەدی گورجیدا درێژەی بە خوێندن دا و دواجار لە خزمەتی مامۆستا مەلا مەحموودی موفتی دوایین پلەکانی بڕی و بروا نامەی مەلایی وەرگرت.

مامۆستا مەلا محەممەدی مفاخێری دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی لە زانکۆی ئیلاهیاتی تاران داوای لێکرا وەکوو مامۆستای ئەو زانکۆیە کار بکا، هەروەها لەبەر لێهاتوویی و ئاستی بەرزی زانیاری دەیتوانی لە زۆر ئیدارە و شوێنی دیکەدا دابمەزرێ؛ بەڵام مامۆستا چوونکە خۆی کوڕە وەرزێڕێکی چەوساوە بوو، خزمەت بە گەلە چەوساوە و ستەملێکراوەکەی خۆی بە باشتر زانی و وشیارکردنەوە و ڕێنوێنیکردنی کۆمەڵگەکەی کردە ئەرکێکی سەرەکیی سەرشانی خۆی. بۆیە هەر لە ناوچەی لەیلاخدا مایەوە و بەرەنگاری سیستەمی دەرەبەگایەتی بوویەوە و بوو بە پشت و پەنایەکی ڕاستەقینەی چینی وەرزێڕ و زەحمەتکێشی ئەو ناوچەیە کە لەو سەردەمەدا خەڵکانێکی زۆر لەسەر ئەرک و ڕەنجی شانی خەڵکی ڕەنجکێش دەژیان و خوێنی چینی هەژاریان هەڵدەمژی.

مامۆستا یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بە دەیان نامەی بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژێمی پاشایەتی وەکوو سەرۆکوەزیران و هەروەها بۆ موفتی گەلێکی وەکوو ئاتوڵڵا لەواسانی و تاڵەقانی و کەسانێکی دیکەش نارد و لە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیشدا بابەتگەلی لەو شێوەیەی بڵاو دەکردەوە و دنیای دەرەوەی لەو ستەم و پێشێلکارییانە ئاگادار دەکردەوە و لەملایشەوە چینی زەحمەتکێشی هان دەدا کە نارەزایەتی دەرببڕن و دژی ئەو ستەم و کۆیلایەتیە ڕاپەڕن. ئەو هەر چەند کە دەیزانی ئەو ڕێگایەی هەڵیبژاردوە زۆر مەترسیدار و پڕ لە کێشەیە و ئاکامێکی ترسناکی هەیە، بەڵام هیچکات و لە پیناو هیچ شتێکدا کۆڵی نەدا و یەکێک بوو لە پشتیوانە بێ ئەملاولاکانی شۆڕشی مەشروتە، هەتا لە ئاکامدا گوشاری زاناگەلێکی وەکوو مامۆستا چۆکیان بە ڕێژێمی سەرەڕۆی پاشایەتی دادا و ناچار بە پرۆسەی ئیسلاحاتی ئەرزی کرا.

مامۆستا لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیانەوە کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کاریان دەکرد دەنگی خۆیی بە دەسەڵاتدارانی سەردەم و وڵاتانی دەرەوە دەگەیاند و هەوڵی دەدا سەرنجی ئەو وڵاتانەی کە دژی فئۆدالیزم بوون ڕابکێشێ و هاوڕێکانیشی لەو سۆنگەیەوە هاوکارییان دەکرد و هەتا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو، بۆ نموونە یەکێک لە هاوڕێکانی عەبدوڕەحمان فەرامەرزی کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەوکاتی کەیهان بوو، هاوکاریی دەکرد.

دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێران هەوڵی زۆریان دا کە مامۆستا لەنێو بەرن و چەندین جاریش لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکانیانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد و تەنانەت لە تەسادوفێکی دەسکرد لە شاری کرماشاندا هەتا ئاستی مردن بردیان و لە نەخۆشخانەشدا بەرتیلیان بە پزیشکەکە دا کە لێی نەپرسێتەوە هەتا بمرێ، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو پیلان و بەربەستانەش هەر زیندوو مایەوە.

دوای ئەوەیکە مامۆستا لەو پیلانانە ڕزگاری بوو، ئەوجار لە ڕێگەی ساواکەوە دەستیان کرد بە داتاشینی تۆمەت و تاوان و خۆی و کوڕەگەورەکەی کە تەمەنی ١٨ساڵ بوو قۆڵبەست کران و ڕەوانەی زیندانیان کردن و دوای بەربوونیشی دووری دەخەنەوە بۆ مەراغە. مامۆستاش ئەو دوور خستنەوەیە بە هەل دەزانێ و لە گەڵ زانا و یەکسانیخوازانی ئەو شارە پێوەندی دروست دەکا و سەرنجی ئەوانیش بۆ لای ئەو ستەم و نابەرابەرییانەی ڕژێمی پاشایەتی ڕادەکێشێ و ئەو کۆمەڵگەیەش دەبێتە هاودەنگی خەڵکی نارازی شارەکانی دی.

دەسەڵاتداران، کاتێک زانییان کە بەڕاستی مامۆستا بووەتە چەقڵی چاویان و ناشتوانن لەنێوی بەرن، هاتن لە ڕێگەی سەروەت و سامانەوە بۆی چوون و بەڵێنیان پێدا کە ئەگەر واز لە دژبەرییان بهێنێ هەزاران دونم زەوی و زاری پێ دەدەن، بەڵام ئەو پیلانەش وەکوو پیلانەکانی دی پووچەڵ مایەوە و سەرنەکەوت و مامۆستا هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران هەر درێژەی بە خەبات دا.

مامۆستا مەلا محەممەد مەفاخێری، لە ڕۆژی ٢٣ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە ئاپۆڕای زانایان و قوتابی و لایەنگرانیدا لە گۆڕستانی شاری قوڕوە ئەسپەردەی خاک کرا.

ڕۆحی شاد بێت.



هەگبەی شاخ و شۆڕش

# شەڕەفی مردن بەسەر خەیانەتدا

برایم چووکەڵی

هەموو ڕاپەرینێک یا بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی، یا کۆمەڵایەتی لە پێناو قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکدا دروست دەبێ یا بڵێین ڕوو دەدا. بەو پێیە و بۆیەش ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوە بەشخوراوە بە هی خۆیانی دەزانن و لە هەموولایەکەوە یارمەتی بۆ بەهێزبوونی دەدەن. ئەوە لە زۆر وڵاتان دیتراوە نەتەوەیەکی زۆڵملێکراو و کەم دەرەتان بەگژ حکومەتێکی زۆردار و تەیار لە هەموو بارێکەوەدا دەچێتەوە و پاش بەرەنگارییەکی زۆر لەئاکامدا یا بە چۆکی دادێنێ و سەرکەوتن مسۆگەر دەکا، یا بەهۆی ئەو فشارانەی لەسەری دروست دەکا، لە ڕێگای دیکەوە چارەسەری پرسەکەی دەکا. بۆ ئەوەش دوو هۆکاری گرینگ هەیە. یەکەم؛ ئەوەی داخوازیی ئەو گەلە ئەوەندە بەرحەق و ڕەوایە کە لەگەڵ دادپەروەری گونجاوە و ڕێک دەکەوێ. دووهەم؛ هێزی خەڵکە کە پشتیوانی جووڵانەوەیە و، ئەگەر ئەو جووڵانەوەیە لە نێو هەناوی کۆمەڵانی خەڵک هەڵقوڵابێ هێز نیە کە تێکی بشکێنێ و ناتوانێ لە مەیدانیش دەری بکا. لەوانە هێندێک جار پاشەکشەیەکی تاکتیکی بکا بەڵام لەبران نەهاتوویە.

لە شۆڕشی ئەو قۆناغەی نەتەوەی کورد لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانین باس لەوە بکەین کە حیزبی دێموکرات لە چلەپۆپەی ئەو خەباتەدا بووە و جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان ڕیشەی لە نێو دڵ و هەناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایە. ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین ئەو مانایە دەگەیەنێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان داخوازیی ڕەوا و لە مێژینەی نەتەوەکەی لە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیدا گونجاندوە و بۆ وەدیهێنانی خەبات دەکا و لەم ڕوویەوە خەڵکی کوردستانە کە بەرنامەکەی بە ئاوێنەی باڵانوێنی ئاوات و ئارەزووی خۆیان دەزانن و لە دەوری کۆ دەبنەوە.

هەر لەو قوناغەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا حیزبی دێموکرات دەیان ساڵە بە شێوەیەکی فیداکارانە و سەربەرزانە، بەتایبەتی لە دەیەی ٦٠ و٧٠ دا بە شێوەی خەباتی چەکدارانەدا بەرگریی لە گەلەکەی کردوە و بەدژی درەندەترین ڕێژیمی سەردەم وەستاوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا بە هەزاران پێشمەرگە و سەدان کادری لێهاتوو، دەیان فەرماندەی بە توانا و چەندین کادری ڕێبەری تەنانەت سەرکردەکانی گیانی خۆیان بەخشیوە.

بۆ «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەمان هەنگاو بەرەو دالاهۆی سەربەرز هەڵ دێنینەوە. دالاهۆ ماوەیەک بوو بێ تێکۆشەرانی دیموکرات بوو، خەڵک هەموو تینووی دیتنیان بوون. چوار قارەمانی مەیدانی خەبات وتیکۆشان، حەسەن مەقسوودی ناسراو بە کاکی حەسەن، ئەردەشیر خوسرەوی، فروغ خزری و حەسەن سەلیمی ڕەخت و تفەنگ و کۆڵەباری پێشمەرگانە لە خۆیان دەدەن و چیا و دۆڵ و شیو و بەندەن و گوندەکانی ناوچەی دالاهۆ بەسەر دەکەنەوە و لەگەڵ خەڵکی ئەو دەڤەرە هەناسەکانیان دەگۆڕنەوە تا وزەیەکی بەهێزتر بە خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ خەبات وتیکۆشان ببەخشن. ئەگەر ورد بڕوانینە سەفەری ئەو چوار قارەمانە بۆمان دەردەکەوێ هەر ڕووداوێک و ناوچەیەک و یا دیاردەیەکی مێژوویی خاوەنی هەلومەرجی تایبەتی خۆیەتی. خەبات و تێکۆشانی کادرە خەباتگێرەکانی حیزبی دیموکرات لە ناو خەڵکی خۆیان لە کوردستاندا، بە درێژایی تێکۆشانیان ڕووداوی زۆر دڵهەژێن و تاڵی بە خۆیەوە دیتووە و لەنێو ئەو کار و ئەرکانەی کە ئەوان بە درێژایی ڕۆژ و مانگ و ساڵ لەنێو کۆمەڵانی خەڵک بە ئەنجامیان گەیاندوە، هەر جارێ لە شوێنێک کرمی نێوخۆ، وەک کەڵەی بێستان سەری دەر هێناوە و بۆتە بەربەست لە کار و تێکۆشانیان و تەنانەت گیانیشیان لێ ستاندوون. هەر لەو دیدگایەوەیە کە دوژمنانی کورد لەوە گەیشتوون کە «دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقەڵەشێ». ئەو وتەیەی سەرەوە بۆتە هۆی ئەوە زۆر جار داگیرکەران لە هێندێک خەڵکی کاڵفام و ساویلکە کەلک وەربگرن و ئەوان وەک چاوساغ پێش دوژمن کەوتوون یان خۆیان ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیان لە داو خستووە و شەڕی پێشمەرگەیان کردوە و شەهیدیان کردوون. بەڵێ... خۆفرۆشی و جاسووسی زەبری گەورەی لە پەیکەری حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد داوە.


ئەو چوار تێکۆشەرە بێ پسانەوە بۆ بردنی پەیام و سیاسەتی حیزب بۆ نێو خەڵک، بۆ دیدار نوێکردنەوە لەگەڵ هەموو تەیفەکانی نێو کۆمەڵگە لەو ناوچەیە و هەروەها لەقاودانی سیاسەتی پیلانگێریی کۆماری ئیسلامی کاریان دەکرد و شەو و ڕۆژ بێ پسانەوە گوند بە گوند و دووڕ لە چاوی خائینان تێکۆشانی سیاسیی خۆیان بەڕێوە دەبرد.

ئێوارێی ٣٠ی پوشپەری ساڵی ١٣٧٣ بوو. ئەوان پاش پشوودانێک بە نێو تەلان و گاشەبەردەکانی دالاهۆ ڕێگایەکی باریک دەبڕن. بەرە بەرە شەو دەزرینگایەوە کە ڕوویان لە شوێنێک کرد بە ناوی «سیاوانە» بێخەبەر لەوەی پیلانی خائینانە لەو شوێنە خۆی لێ ملاس دابوون. ئاخر ئەوان بۆ کاری حیزبی و بەپێی ئەو متمانەیەی پێشتر بوویان ڕوویان لەو شوێنە کردبوو.

ڕۆڵەکانی نیشتمان ماندوو، و خاوەن ماڵ بەپیلان و مەخابن بۆ پێشمەرگەکان جێگای باوەڕ، کارێک کە بە کەم کەس هەڵدەسەنگێندرا. قسە ئەوەیە کە ڕابردوو و تێکۆشانی ئەو چەند کەسە جێگای شک وگومانی نەهێشتبۆوە. بەرخ سەر بڕا، قاورمە دروست کرا، نان خورا و پاش تەواوکردنی هەموو کارەکانی حیزبی خاوەن ماڵ خۆی و براکەی وێڕای تێکۆشەرانی دێموکرات بەرە شوێنی مانەوەی بەیانی ملی ڕێگایان گرت. لەشوێنی مانەوە کە جێگایەکی زۆر سەخت بوو، ڕەخت وتفەنگ دەکەنەوە تا پشوو بدەن. دوو برای خائین بۆ گەیاندنی مەبەستە گڵاوەکانیان پێشنیار بە ڕۆڵەکانی گەڵ دەکەن کە چونکی ئەوان ماندوون پشوو بدەن تا بەیانی تاو دەردەکەوێ... بەڵام ئەی هات تێکۆشەرانی دێموکرات ئەوەی کە قەت لەبیریان نەدەچوو لە بیریان کرد و بێخەم پاڵیان داوە و دوو برای خائین لە بەرەبەیاندا و لە کاتێکدا پێشمەرگەکان لە خەودابوون بەربوونە گیانی ئەو تێکۆشەرانە و هەر چواریان شەهید کردن. ئەو تێکۆشەرانە سەمبولی خەبات، فیداکاری، خۆماندووکردن و خۆپێگەیاندن بوون. ئەوان بە کاری بەردەوام، بە خۆ لەمەترسی هاویشتن، بە پابەندبوون لەسەر ڕێبازی شەهیدان هەر لەڕاستیشدا ئەوەی پێیان کرا لەو ساڵە سەختانەی خەباتی چەکداریدا کردیان بۆ ئەوەی کورد هەنگاوێک لە ئامانجەکانی نیزیک بێتەوە.

دەڵێن «ئاشی شۆڕش بە خوێن دەگەرێ»، ئەوە زۆر ڕاستە، بەڵام ئەو شۆڕشە لەبەر ئەوەی هێزی سەرەکیی خۆی لە نێو زەریای بێبڕانەوەی کۆمەڵانی خەڵک هەڵێنجاوە توانیویەتی لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەربگرێ و لەسەر پێی خۆی بوەستێ و هەر دڕکی چاوی دوژمنان بێ. هەر ئەوەی کە دوو ساڵ دواتر یەکێک لەو خائینانە بەدەستی تێکۆشەرانی دێموکرات بەسزای خەیانەتی خۆی گەیشت، نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە ئاماژەم پێکرد.

# دیزەبەدەرخۆنەکردنی گێچەڵییە سێکسییەکان لە ئێراندا



د.کوێستان گادانی

بابەتی دەستدرێژیی سێکسی مێژوویەکی دوورودرێژی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە و بێگومان تایبەت بە ناوچە و کۆمەڵگەیەکی تایبەتی نیە لە دنیادا، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم دیاردەیە بە گشتی لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا بەهۆی ڕوانگە و کولتووری داخراو و دواکەوتوو، بەهۆی ڕێژەی زۆری هەژاری و بێکاری و، لە ڕەچاونەکرانی مافی خەڵک و سەربەخۆنەبوونی دامودەزگای قەزایی و ونبوونی عەداڵەتدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە پەرەسەندن دایە. یەکێک لەم کۆمەڵگە و وڵاتانە ئێرانە. ئاماری ئاشکرا و نائاشکرا، ڕاگەیەندراو و ڕانەگەیەندراوی دەستدرێژیی سێکسی لەم وڵاتە لە ماوەی ٤٠ ساڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە زۆرە کە لە گوتن نایەن و، کاتی باس لەو دیاردەیە دەکەین لە ئێراندا؛ ئیدی پێویست بە ئاماژە و نموونە ناکا، چونکی بە داخەوە ڕۆژانە ڕوو دەدەن ودووپات دەبنەوە.

دەستدرێژیی سێکسی لە ماوەی چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە جینایەتەکانیان لە نێو زیندانەکاندا و بە دەستدرێژی بۆ سەر زیندانیانی سیاسیی ژن دەستی پێکرد، دوایەش کە بەردەوام لە نەبوونی پەروەردە و نیزامی فێرکردنی سەردەمیانە و زۆر هۆکاری دیکەدا ئەوە منداڵان بەتایبەت منداڵانی کار بوون کە لە کۆمەڵگەدا دەبوونە قووربانیی ئەم دیاردەیە. لەم ماوەیەشدا کە هەواڵەکانی دەستدرێژی بۆ سەر قوتابییان و فێرخوازان لە خوێندنگە و تەنانەت لە مەکتەبەکانی فێربوونی قورئاندا! بەردەوام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دێ و دەچن و ئێستاش چەند ڕۆژێکە کە هەواڵەکانی دەستدرێژیی سێکسی بە تاک و کۆمەڵ بۆ سەر کچان و ژنان لە شار و شارۆچکەکانی ئێرانە بۆتە مانشێتی ڕۆژنامە و تیتری ڕاگەیەنەکان.

خەسارناسیی ئەم دیاردەیە پێویستە، بەڵام ڕەنگبێ توانای ئەم چەند دێڕە تەنیا گەڕان بە دوای چەند هۆکارێک بێ، کە وایکردووە ڕۆژانە گوێمان لەو ڕووداوانە بن. پرسیارەکان لەو پێوەندییەدا زۆرن کە ڕەنگبێ سەرەکیترینی ئەوە بێ کە ئاخۆ فەقری فەرهەنگی و هەژاریی ئابووری و بێکاری هەوسارپچڕاوە کە ئەم دۆخەی لە کۆمەڵگەدا خوڵقاندوە؟ ئایا هۆکارەکان ڕەگیان لە کولتوور و ئایین و دابونەریتدا داکوتاوە؟ یان هۆکاری بنەڕەتی بۆ نیزامی سیاسیی وڵات دەگەڕێتەوە کە دژی هەموو نۆرمە جێکەوتووە جیهانییەکانە و وڵات بەپێی ئیدۆلۆژیی چەقبەستووی خۆی ئیدارە دەکا؟ یان خۆ هەموو ئەوانە لەتە جیاکانی پازێلێکن و پێکەوە بوار بۆ ئەم کارەساتگەلە خۆش دەکەن؟

هێندێک لەم فاکتۆڕانە لە زۆر وڵاتی دراوسێی ئێرانیشدا بەرچاو دەکەون، بەڵام توندوتیژی دژی ژنان و پەرەسەندنی دیاردەی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و منداڵان لەواندا ئەوەندە زەق و پڕدیار نیە، بۆیە دەکرێ ئەمە ئێمە بباتە سەر گرێی سەرەکیی بابەتەکە، کە نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات، واتە حوکمەتە. وڵات هەیە لە ئێران هەژارتر بە ڕێژەی بێکاریی زیاتر؛ بەڵام نەزمی کۆمەڵایەتیی تێدا جێگیرە و لە ئەگەری هەرچەشنە لادان و تاوانێک دەزگای داد ماف بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنێتەوە و نیزامی پەروەردەییش هەوڵ بۆ بیچمگرتنی بایەخە مرۆڤتەورییەکان دەدا. تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا _کە توندوتیژی تێیاندا پاساوهەڵگرە_ بەڵام دەستدرێژیی سێکسی بە سیستەم نەکراوە و ئەمە یانی ئەوەی ئیسلامیبوونی وڵات و تەنانەت داخراوبوونی بە تەنیا ناتوانێ هۆکاری بنەڕەتی بۆ ئەم دیاردەیە بێ. لەو نێوەدا تەنیا نیزامی سیاسی دەمێنێتەوە کە دەبێتە فۆکووسی بخرێتە سەر، ئەوەش ڕوونە لە ئێراندا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە کۆمەڵگەی نوقمی قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کردووە؛ هەموو کاتێ ویستوویەتی کە دەستدرێژیی سێکسی وەک چەکێک بۆ خوڵقاندنی خۆف و ترس و تۆقاندن لە پێناو بێدەنگکردن بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ.

هەر لە سەرەتاوە لە زیندانەکاندا دەستدرێژیی سێکسی بۆ دەکرایە سەر کچان و ژنانی بەندیی سیاسی و کێ ئەو جینایەتانەی دەکرد؛ سروشتییە هەر کاربەدەستان و بەرپرسانی حکومەتی دەیانکردن و هەر لە زمان بەشێک لە کاربەدەستانی ناسراوی حکومەت _ حوسێنعەلی مونتەزیری لە نامەیەکدا بۆ خومەینی_ لەقاو درا. لە بەردەوامیی ئەو ڕەوتە سیستماتیکەدا و بیست دواتر و دوای ڕووداوەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری دیسانەکەش ئەوە کەڕووبی، یەک لە پاڵێوراوەکان و سەرۆکی پێشووی مەجلیسی ئێران بوو _کە ئێستا بەر غەزەبی ناوکی ئیستبداد کەوتووە_ کە هەواڵی دەستدرێژی بۆ سەر گیراوەکان لە زیندانی کەهریزەکی ئاشکرا کرد. ئێستاش کە بەردەوام بەسەر ڕووداوی لەو چەشنەدا دەکەوین کە تازەترین نموونەیان دەستدرێژیی بەکۆمەڵ بۆ سەر ٤١ ژنە لە شاری ئێرانشەهر. ئەوەی لەو نێوەدا دەمانباتە سەر سەرەداوەکە ئەوەیە کە لە هیچ کام لەوانەدا تاوانبارانی سەرەکی سزا نەدراون و ڕوون دیارە کە ئەوانە _سەعید تووسی، مەداحەکەی سەر بە بەیتی ڕێبەری، وەک نموونە_ مافیای دەسەڵاتیان لە پشتە.

خاڵێکی دیکە بوارەکانی خوڵقانی ئەم تراژیدییانە کە هەمووی بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە سۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە ئەوەیە




لە بەشێکی بەرچاو لەو تاوانگەلە بە بیانووی یارمەتیدان منداڵانی سەرشەقام و کۆکردنەوەیان بە مەبەستی ئاگالێبوون و سەرپەرستی کردنیانە دەکرێ. دوایەش دەبینین کە مافیاکانی سێکس و بازرگانیی منداڵان کە هەموویان بەشێک لە ڕایەڵەی دەسەڵاتن، ئەو منداڵانە وەبەرکار دەنێن، موعتادیان دەکەن و دەستدرێژییان دەکەنە سەر. لەو نێوەشدا لە جیاتی ئەوەی قانوونێک هەبێ پشتیوانییان لێ بکا و دادیان بستێنێ، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و ئیسلامدا!، هەوڵی دیزەبەدەرخۆنەکردنی تاوانەکان دەدرێ؛ بە تایبەت ئەگەر قوربانیش کەسانی بێدەسەڵات و بێئەنوا بن، وەک منداڵانی چین و توێژە هەژارەکان، یان ئاوارە و پەناخوازەکان کە دەستیان لە هیچ بەند نابێ و دەنگیان ناگاتە هیچ کوێ.

**چارەسەر چین؟**

ئایا شاردنەوەی تاوانە بۆ «سەعید تووسی»یەکان، چونکی سەر بە بەیتی ڕێبەرین؟ یان داوای جێبەجێکردنی حەددی شەرعی بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی تاران؟ یان تۆقاندن و ناچارکردنی قوربانییان بە بێدەنگەلێکردن لە ترسی لۆمە و تیروتوانجی کۆمەڵگە؟ یان لەقاودانی کارەساتەکان لە زمانی کەسانی وەک «محەممەد تەیب ملازحی»یەکان یان هاتنە سەرشەقامی ئێرانشەهرییەکان؟

ڕوون و ئاشکرایە کە پەردەپۆشکردن ناتوانێ چارەسەری دیاردەیەکی لەو شێوەیە بێ، پڕدیاریشە کە حکومەت نە ئیرادە و نە توانا و ویستی چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە و خۆی ماکە و سەرچاوەی ئەم کارەساتانەیە. لەولاش دەمێنێتەوە دەزگای قەزایی کە قەت سەربەخۆ نەبووە و دادی خاوەن ماف ئەویش قوربانییانی ئەو ڕووداوانەی نەداوە، پارلمانیش کە تا ئێستا نەیتوانیوە پرۆژەیاسای سەردەمیانە بۆ پشتیوانی لە قوربانییانی ڕووداوی لەو چەشنە پەسند بکا و، نیزامی پەروەردەییش کە ئیدۆلۆژیکە و توندوقایم بە بنەما نەریتی و پاشکەوتووەکان نووساوە و نایهەوێ پێست فڕێ بدا. دوای هەموو ئەوانە دیسان چارەسەر هەر خەڵکە و گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوانە.

خەڵک بەر لە هەموو شتێک پێویستە هەڵوێستیان هەبێ و هان بدرێن کە ئەو حاڵەتانە ئاشکرا بکرێن، تاوانباران بناسێندرێن و هاوکات قوربانییان پشتیان بگیرێ و دالدە بدرێن؛ ئەوەی ئەمڕۆ بە سەر ژن و کچێکی دراوسێ، یان لە شارێکی نیزیک یان دوور لە ئێمە ڕوو دەدا، لەوانەیە سبەی لە خۆمان بێ، بۆیە تاک بە تاکی کۆمەڵگە هەم بۆ پێشگیری، هەم بۆ بەرەنگاربوونەوە و هەم لە داکۆکی لە قوربانییاندا دەبێ خۆیان بە دەرووەست بزانن و هەڵوێستیان هەبێ.

چارەسەری بنەڕەتیش پەروەردەی گونجاو و سەردەمیانە و بردنەسەرێی ئاستی تێگەیشتن لە سەر چەمک و پێوەندییە جینسییەکانە کە ئەو تابۆیە دەبێ بشکێ و هەموو دەبێ لە خۆیان ڕا دەست پێبکەن و بەو وشیارییە بۆشایی نەبوونەکەی لە سیستمی فێرکاری و پەروەردەیی وڵاتدا پڕ بکەنەوە.

با چاومان لەوە نەبێ وڵاتانی دی و خەڵکی دی داوای مافەکانمان بۆ بکەن و لە سەرمان وەجواب بێن، خۆمان دەتوانین بەشی بنەڕەتی لەو پڕۆسەیە بین و هاوکات لاهێزی فشار بین بۆ لێپێچینەوە لە دەوڵەت و حوکمەت و دەزگا پێوەندیدارەکانیان. نابێ ڕێگە بدرێ حوکمەت وەک تا ئێستا کردوویەتی یاری بە عەقڵ و بەها مرۆڤایەتییەکان بکا و بە پاساوی پاراستنی بنەما شەرعی و نەریتییەکانی کۆمەڵگە، بەستێن بۆ خوڵقاندنی تاوانگەلی لەو چەشنە خۆش بکا. حوکمەت لە خۆیدا هێز و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نیە و ئەمە خەڵکە دەبێ بە دەسەڵات و هێزی خۆیان بزانن و بەرەنگاری سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم ببنەوە. ڕێژیم هەتا ئێستاش کەلکی زێڕینی لە بێدەنگیی کۆمەڵگە و بێتەفاوتبوونی خەڵک بە نیسبەت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە، ئەوەش دەزانێ لەگەڵ یەکەم درز کە بکەوێتە ئەم پێکهاتەیە هەر هەموو پێکهاتەکەی دەڕمێ و کۆتایی بە تەمەنی دێ. بۆیە تاکەڕێگا هەر هێز و وشیاریی خەڵکە کە دەتوانێ ئەم پڕۆسەیە و ئەم کرانەوەیە پێش بخا. لە ئەگەری پێچەوانەی ئەمەدا ڕەنگبێ خەڵک پەنا بۆ دادەوەریی سەرشەقام و تۆڵەئەستێنی ببەن، کە ئەمەش خۆی جۆرێکە لە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی و هێشتنەوەی دەمارگرژی و چەقبەستوو مانەوەی نیزامی پەروەردەیی کە ئەم بشێوییە زیاتر لە زیانی خەڵک دەشکێتەوە تا حوکمەت و دەسەڵات.

خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە شیاوی ژیانێکی دیکەی مرۆیین و ئەمەش تەنیا بە هەڵوێستگرتن و گۆڕینی ئەم دۆخە دێتە دی و یەکەم هەنگاو دەنگهەڵبڕین و تێپەڕین لە تابۆکان و یەکخستنی هێزیانە لە بەگژداچوونەوەی ئەم دۆخە کە بەرهەمی سیاسەتی دەسەڵاتێکی لە چەشنی چاخی بەردینە.

# وەهمی پیلان؛ چەکی شۆڤێنیزمی زمانی فارسی بۆ سەرکوتی زمانی گەلان



سامالْ ئەحمەدی

**لە بەگ وا بوو کە من ماتم کشی کرد**
**کە من هەستام، ئەو داما و فشی کرد**
«شێخ ڕەزای تاڵەبانی»

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، فایلێکی دەنگیی د. شەفیعی کەدکەنی، شاعیر و پسپۆڕی ئەدەبیاتی فارسی بڵاو کراوەتەوە. لەو فایلە دەنگییەدا کەدکەنی بە گوێرەی ئەو وەهمی پیلانەی کە شۆڤێنیزمی فارسی لە کۆنەوە بەکاری هێناوە بۆ ئەوەی گەلانی ناوچەکە لە هێرشی فەرهەنگیی بێگانە بترسێنێ و ڕێی ئەوەیان لێ بگرێ کە داوای مافی زمانیی خۆیان بکەن، زۆر شۆڤێنیستانە هێرش دەکاتە سەر مافی زمانیی زمانە هاوڕێشەکانی گەلانی ناوچەکە و بە زمانی «ئەقوامی محەللی» ناویان دێنێ. بەکارهێنانی دەستەوشەی «ئەقوامی محەللی»، خۆی مەبەستێکی سیاسیی داگیرکەرانەیە و لە ڕوانگەی فارسەکانەوە، زمانی فارسی چەق و سەرتۆپی هەموو زمانەکانی ناوچەکەیە و ئەوانی دیکە زمانی ناوچەیی و لاوەکی و لاوازن و بۆ ئەوەی ئەو «وردەقەومانە!» لەنێو نەچن، نابێ بەدەر لە زمانی فارسی داوای مافی زمانیی خۆیان بکەن، چونکە ئەوە پیلانی دژمنانە بۆ لەنێوبردنی ئەو «قەومانە»! لەبەر ئەوەی زمانی ئەو «قەومە محەللیانە» لاوازە و ئەدەبیاتی وەکوو ئەدەبیاتی حافز و سەعدی و فێردەوسی و مەولەوییان نیە و لە زۆرانبازی لەگەڵ ئەدەبیاتی بەهێزی وەکو ئەدەبیاتی شێکسپیر و ...هتددا هەست بە لاوازی و شەرم دەکەن و دەپووکێنەوە! بەوەش لەنێو دەچن و خۆیان بە دەست زمانی بێگانەوە دەدەن!

کەدکەنی لە قسەکانیدا باسی زمانی کوردی ناکا، بەڵام هێرش دەکاتە سەر زمانانی دیکەی ناوچەکە، وەکوو زمانی ئۆردوو، کە زیاتر لە ٥٠٠ میلیۆن ئاخێوەری لە وڵاتانی هیند و پاکستان هەیە و زمانی ڕەسمیی پاکستانە و یەکێک لە ٢٢ زمانە ڕەسمییەکەی هیندوستانیشە، هەروەها زمانی کازاکی، کە زمانی ڕەسمیی وڵاتی کازاخستانە. هۆکاری ئەوەی کە کەدکەنی خۆی لە باسی زمانی کوردی نادا، بە بۆچوونی من لەبەر ئەوەیە کە وزەی کردەکی و هێزەکیی زمانی کوردی دەناسێ، چونکە خۆی پسپۆڕی زمانی فارسییە و دەزانێ ئەگەر زمانی فارسی توانیبێتی بە یارمەرتیی زمانی عەرەبی (زمانی ئیسلامی) خۆی وەکوو زمانێک لەهەمبەر زمانی کوردیدا نیشان بدا و بە شێوەزاری زمانی کوردی لەقەڵەم نەدرێ، ئەوە ئێستاش زیاتر لە نیوەی زمانی فارسی، کوردییە. لەم ساڵانەدا هەر لە زانکۆی تاران، کە کەدکەنی تێیدا پسپۆڕی ئەدەبیاتی فارسی بووە، پسپۆڕێکی دیکەی ئەدەبیاتی فارسی، کە کوردە، بە ناوی د. جەلالەدین کەزازی، گوتی: «زمانی کوردی باوانی زمانی فارسییە.» جودا لەوەش، کەدکەنی دەزانێ ئەگەر ژنەکەی فیردەوسی کورد نەبوایە و خودایینامەگی بۆ فیردەوسی نەخوێندبایەوە و پوتانسییەلی زمانی کوردیی نەخستبایەتە بەردەستی، ئێستا شاهنامەی فیردەوسی ئەوە نەدەبوو، کە هەیە. هەروەها دەشزانێ کاریگەریی زمانی «حیسامەدین چەڵەبی»ی «ئورمەوی»ی کورد بەسەر مەولەوییەوە چەند بووە. هەرچەند باپیری حیسامەددین، کە لە دنیای عیرفانی ئیسلامیدا بە «الكردی الصوفی الارموی» ناسراوە، بۆ خۆشیرینکردن لای مریدەکانی، کە موسڵمانن و زمانی ئیسلامیش عەرەبییە، دەڵێ: «امسیت كرديا واصبحت عربيا»، واتە «ئێوارە کورد بووم، بەیانی بووم بە عەرەب»، بەڵام بێگومان کاریگەریی زمانی کوردی، کە زمانی دایکییەتی هەر بەسەرییەوە بووە. هەروەها کەدکەنی دەزانێ دایکی نیزامیی گەنجەیی کوردە و شوێنپێی زمانی کوردی بەسەر «خەمسە»کەی نیزامییەوە تا کوێیە و... زۆری دیکەش... بێجگە لەوانە کەدکەنی دەزانێ سەرباری ئەوەی کە پاش هاتنی ئیسلام، هەم داگیرکەرانی عەرەب و هەم دەسەڵاتدارانی فارسیش لە ناوچەکەدا هەموو ئەو بەرهەمانەیان لەنێو بردووە، یان لە بەرژەوەندیی خۆیان گۆڕیویانن، کە ڕەنگە ئەگەر مابان، ئێستا زمانی کوردی پاشخانێکی زۆر دێرینی دەبوو، کەچی بەو حاڵەشەوە نەیانتوانیوە زمانی کوردی بتوێننەوە و لە چوار پێنج سەدەی ڕابردوودا زمانی کوردی ئەدیبان و شاعیرانی گەورەی وەکوو «مەلای جزیری» و «ئەحمەدی خانی» و «خانای قوبادی» و «مەولەویی تاوەگۆزی» و «نالی» و «مەحوی» و «وەفایی» و... زۆر کەسی دیکەی هەیە، کە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان نەک بە غرووڕەوە دەتوانن زۆرانبازی لەگەڵ ئەو شاعیر و ئەدیبە فارسانە بکەن، کە کەدکەنی ناویان دێنێ، بگرە لە هەمبەر ئەدەبی هیچ وڵاتێکی دنیادا نامێننەوە، بۆ نموونە «ڕۆمیۆ و ژوولیێت»ەکەی شێکسپیر، کە کەدکەنی ناوی دێنێ، ئاخۆ دەتوانێ لە مەیدانی زۆرانبازیی فۆرم و جوانکاری و ڕەوانبێژیی ئەدەبیدا «شیرین و خەسرەو»ی خانای خان قوباد و «مەم و زین»ی خانی وەدەر بنێ، یان ناچار دەبێ ئیمان بە شکۆیان بێنێ. دەنا جەنابی کەدکەنی با بەپێی تیۆرییەکانی خۆی لە کتێبەکانی «موسیقی شعر» و «صور خیال» و «زمینەهای اجتماعی شعر»دا بەرهەمی شاعیرانی کورد بخوێنێتەوە و لە توانای بەرزی زمانی شێعر و ئەدەبی کوردی سەری سووڕ بمێنێ.

مەبەستی من لە نووسینی ئەم دێڕانە جوابەجەنگێ لەگەڵ ئەدیبێکی فارس نیە، کە لەژێر ئازاری نەخۆشیی شۆڤێنیستیدا هێندە خۆی سووک دەکا، بگرە بەرەنگاربوونەوەی ئەو شۆڤێنیزمی زمانییەیە، کە لە سەر زاری پسپۆڕێکی ئەدەبی بە چەشنێکی هێندە نائەدەبی و نازماننناسانە و بەو زمانە سیاسییەی کە نەک هەر بۆ باسی زمان، بگرە بۆ باسی هەموو مافێکی گەلانی غەیرەفارس بە پاساوی وەهمی پیلانی بێگانە دەیەوێ ئاغایەتی و سەردەستیی خۆی بسەپێنێ. ئاخر کەدکەنی بۆ ئەوەی زمانی هەموو گەلانی نێو ئەو چوارچێوە جوغرافیا سیاسییە داسەپاوەی ناویان لێ ناوە «ئێران» بچووک بکاتەوە، بە زمانێکی زۆر سووک و چرووک هەمووی ئەو زمانانە بە کۆمەڵێک شێوەزار ناو دێنێ، کە بە وتەی ئەو، ئەگەر زۆر خۆیان ڕێک بگوشن، دەتوانن چەند چیرۆکێکی وەکوو «دۆخینی پاتۆڵ بهۆننەوە!» کەدکەنی هەوڵی گەلان بۆ پەرەدان بە زمانی دایکیی خۆیان بە هاوبەشی لە پیلانی بێگانەدا لەقەڵەم دەدا، کە گۆیا بێگانە دەیەوێ، ئەو شێوەزارە لاوازانەی ناتوانن لە «چیرۆکی وەک دۆخین» زیاتر بهۆننەوە، هەڵفریوێنێ و هانیان بدا بە دوای مافی خۆیان بکەون، بۆ ئەوەی بزانن چەندە لاوازن و بەو شێوەیە لەنێویان ببا و ئەوەش بە لەنێوچوونی پشتیوانێکی گەورەی زمانە مەزنەکەی فارسی! دەزانێ. کەدکەنی وا کەوتووەتە داوی شۆڤێنیزمی زمانییەوە، لە ناڵیش دەدا و لە بزماریش! بەڵام جەنابی کەدکەنی! ئەگەر خەمی لەنێوچوونی ئەو زمانانەتە، بۆچی نایەڵن ئاخێوەرەکانیان بە زمانی خۆیان بخوێنن؟ تۆ وەها سەرت لێ شێواوە دەتەوێ داوا لە خەڵکی پاکستان و هیندوستانیش بکەی دەست لە زمانی خۆیان بەردەن و بێنە باوەشی زمانی فارسییەوە!

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی هەنگاو دەنێ و ئێستا هەموو گەلانی ناوچەکە خوازیاری مافە زمانی و فەرهەنگییەکانی خۆیانن، بۆیە شۆڤێنیزمی فارسی حەیای لێ هەڵگیراوە و وردە وردە لێیشی عەیان بووە، کە وەهمی پیلان پووچەڵ بووەتەوە، بۆیە دواین هەوڵی خۆی بۆ دەدا.



# شەمی ئەوینی نیشتمانە لەک ئەمیر



ئەنوەر عەزیزیان

**بزەی شیرین کە تامەزرۆی نەخشی فەرهادی، ئەوین بوو شنەی بێستوون دای لە خاک و لەک ئەمیریش، تاوتین بوو...**

ئەمترووسکە جەستەی کەسیرەی بێستوونی بووژاندەوە و، لە ئاسۆی فەرهادەوە سەری هەڵدا و لە نیگای بزەی شیریندا بوو بە هەتاو. لەو کاتەوە ئاسمان ساماڵە و زمانی کەڵهوری بە تریفەی ئەم ئەستێرەیە دەگەشێتەوە و لەگەڵ قەڵەمدا دەبێتە هاوڕێی گیانی بەگیانی و پریسکەی دڵی لەلا دەکاتەوە و، بیری بە بریسکەی چەخماخەی دادەگیرسێ و حەز و خولیاکانی هەڵ دەڕژێنە توێی کاغەز و چرپەی دڵ و وتەی لێوی تیا هەڵدەچنێ و وەک ئەوین لێهەڵبڕاوێک بە خۆشەویستی وڵاتەکەیدا ڕۆدەچێ و خەمی خاک و گەلی چەوساوەی دەبنە هەوێنی نووسینەکانی. ئیتر لە مەولا قەڵافەتی دیل و ژێردەستیی زێدەکەی لە ئامێز دەگرێ و زمانی شیرینی لەکی بەوپەڕی بوێرییەوە دەخاتە قالبی شێعر و ئاوازەوە و ڕێژنەبارانی کەسکی بەهاری لە چیا و چیمەنی خاکەکەی دەپرژێنێ و بە چەپکەگوڵی وشە دیمەنی بێستوون و، شاهۆ و مانێشت و قەڵاقیران دەڕازێنێتەوە.

لەک ئەمیر ئەو مرۆڤە خاوەن هەڵوێستەیە کە سەراپای وجودی بە شەمی ئەوینی نیشتمانەکەی داگیرساوە و پەپوولەی نەسرەوتووی ڕووحی لەدەوری دەخولێتەوە و لە پڕشنگی ئاسارەکانیدا هەڵ دەبنەوە و، لە بڕگە و دێرەکانا نەخشەی وڵاتی لەتکراوی دادەڕێژێتەوە.

ئەم شاعیرە خۆنەویستە خەمی گەورەی خەمی خاکە و دڵی وەک تەختەی سەراوە و، بە ژانی نیشتمان و مەرگی ڕۆڵەکانی هەڵدەقرچێ و بوغزێکی مێژوویی ئەوکی گرتوە و چاونەترسانە هاتۆتە مەیدانی شۆڕش و وەک ڕۆڵەیەکی وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان گۆڕەپانی خەباتی چۆڵ نەکردوە و، لە سەنگەری شێعرەوە سێرە لە دوژمن دەگرێ و بە گژ سێدارەی کۆماری ئیسلامیدا دێتەوە.

ئەگەر بە وردی بە ژیانی ئەو نوسەرە خەمخۆر و وڵات پارێزەدا بچینەوە، لە دەسەڵاتی ئەم کورتە بابەتەدا نیە بتوانێ کاڵای پڕ بە باڵای ئەو مرۆڤە هەڵکەوتەیەی کورد بێ. زۆرن ئەوانەی هەستیان لە پەڕی گوڵ و چاویان لە تیشکی خۆر و دڵیان وێنەی ئاوێنە و بۆنی نیشتمانی خۆیان لێوەدێ و لە شەپۆلی زەریای خۆشەویستیدا دەخولێنەوە و چرۆچەوێڵی چەم و شاخ دەشۆنەوە و گیانێکی نوێ بەبەر کانیاو و ڕووبار و ژینگەدا دەکەنەوە و هومێد بە چرپەی جۆگەلە و قومە ئاوەکان ئەبەخشن. ئەم مرۆڤە مێژووی خاکی لەتکراوی پشکنیوە و بەرهەمەکانی بۆنی گوڵ و شنەی کوێستانیان گرتوە و کۆی ئەدیان و کلتوری گەلەکەی لە هەستی ناسک و قامەتی کۆلکەزێڕینەی هەتوانی جوانییەکانی شێعردا کۆ کردۆتەوە و مانای ژینێکی ڕاستە قینەی پێبەخشیون و سۆزی ئاوازی لە قوڕگی تەلموورەوە ژەنیوە و لە جەمخانەی پیرداود و سوڵتانی ساقا یەکیان گرتۆتەوە.

هەرچەند سروشتی ژیانی ئەم نووسەرە لە جوغرافیایەکی دەگمەن لە جوانیدا هەڵکەوتوە، کەچی نەیارانی گەلەکەی هەمیشە لە ڕوانگەی دوژمنکارانەوە لە نیشتمانی باوانیان ڕوانیوە و قەت خەونی تروسکەی ئەستێرە و تریفەی مانگەشەویان بەو زێدە زێڕینەوە نەبینیوە و بێ پشوو لە هەوڵی چەواشەکاریی مێژووی کوردستان و بەلاڕێدابردنی ناسنامەی ئەو خاکەدا بوون، بەڵام لەک ئەمیر سیاسەتە چەوت و ڕەزیلەکانی داگیرکەرانی خوێندۆتەوە و وەک سیاسەتوانێکی خیبرە بۆسەی مەندیل و جادووی عەبا و خەونی ڕەش و نەخشەی مەلا تاریکبیرەکانی لەقاو داوە و، پیلانەکانی سپای پاسدارانی لەهەمبەر پەرەپێدانی مادە سڕکەرەکان لە کوردستان ئاشکرا کردوە.

وەک شۆڕشگێڕێکی ئازادیخواز لە هەمبەر مافە ڕەواکانی پێداگری کردوە و زۆر جاران لە سەر خواستەکانی گرێشەیان تێهەڵکێڵاوە و ڕاپێچی سلول و گرتووخانەکان کراوە، بەڵام ئەو گوشارانەش نەیانتوانیوە تۆزقاڵێک لە ڕەنگی نیشتمانی کاڵ کەنەوە و، نێوەڕۆکی نووسینەکانی بەو ئازارە پڕکردۆتەوە؛ ئاخر، خۆشەویستی مەنزڵگەی خۆی دیوەتەوە و بارگەوبنەی لەو هەوارە زنوێرەدا لێی خستوە و ئیتر نیازی بە کۆچاوکۆچ نەماوە. ئێستا کوێستان ئاوەدانە و تاڤگەی دڵی لەک هەڵدەڕژێ و، زایەڵەی شاخ بە دەمی وشەیەوە و، سەری ناوەندی وڵاتە و دڵی ماڵە ڕووخاوەکانی کرماشان و سەرپێڵ دەپشکنێ و بۆسۆی کزی لێقەوماوان بە ئاهی دڵ دەخواتەوە...

***

* کەیومەرس ئەمیری کەلەجوبی ناسراو بە لەک ئەمیر ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە ئاوایی کەلەجوبی سەربە ناوچەی فیرووزئاوای پارێزگای کرماشان لە دایک بووە. دوای تێپەڕینی قۆناغەکانی دەورەی سەرەتایی دەچێتە شاری کرماشان و لەو شارەدا بڕوانامەی دیپلۆم لە ڕشتەی ئەدەبیاتدا وەردەگرێ و خوێندنی زانکۆ بە نیوەچڵی تەواو دەکا.


تا ئێستا چوار بەرهەمی بە ناوەکانی «مرثیەای برای تو» و «کوردستان یخزدە»(کەکۆمەڵە چیرۆکن)،دیوانە شێعری «خریوە« (بە زاراوەی لەکی) و «ئەفسانەکانی لەکی» چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

ناوبراو جیا لە کاری ڕۆژنامەنووسی و نووسین لە بڵاوکراوە سەراسەری و ناوچەییەکان لە نووسینی سیناریۆی فیلمیشدا ئەزموونی هەیە و «سیمرە رود بی بازگشت» یەک لە بەرهەمەکانی ناوبراوە لەو بوارەدا. ئەوەی ناوی «لەک ئەمیر» خستە سەر زار شێعری «بێستوونی مەنی نەووین» بوو.

# شورجوانی

خوزال واو وختە جوان بیم شیدا — هژدە سالی بی و دابویم پیدا
چیو آهو برە خط و خالم بی — شوروسر مستی و اقبالم بی
مست وسرحال دایم وجوش بیم — سالم و ترپوش و عیش و نوشم بیم
شادان و بی‌باک، کالە کالم بی — بهشت برین و خیالم بی
امیدم یەبی هر شاد بە می نم — نفرت و کینە فلک نە وینم
من نە دانستم جور وجفای هس — غریب چیو فرهاد تنیا و بی‌کس
جور فلک یک سر رشیا وگیانم — دوی عیش و خوشی نیای ارسخانم
جفا چیو لافاو کت اوجامالم — چیو باز جنگی شکانی بالم

(لەک ئەمیر)



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 728 21 june 2018

مالّپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647507548621
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# یادی ڕادیۆ ڕاستگۆکەی کوردستان بەرز ڕاگیرا



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی جۆزەردان کۆمەڵێک لە کادر و تێکۆشەرانی حیزب لە ستۆدیۆی ڕادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوە و یادی ٣٨ ساڵەی دامەزرانی ئەو میدیا هەقبێژ و ڕاستگۆیەیان بەرز ڕاگرت.

لەو کۆڕەدا کاک کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەور و ڕۆلی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە بزووتنەی مافخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا چەند خاڵێکی گرینگی باس کرد.

بەڕێزیان بە ئاوردانەوەیەک لە قوناخە جیاجیاکانی تێکۆشانی خەباتکارانی دێموکرات بۆ سەرخستن و بەرگری کردن لە خاک و نیشتمان، پێگەی ڕاگەیاندی حیزب و، بەتایبەتی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی لە وەشان کردنی هەواڵی ڕاست و لە قاودانی پیلان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و، زانیاریی بەخشین بە خەڵکی کورد، بەرز نرخاند.

لە درێژەی ئەو یادکرنەوەیەدا، کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و پێزانین لە سەرجەم بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ لە دەسپێکەوە تا ئێستا، خزمەتکردنی تێکۆشەرانی بەشی ڕاگەیاندن و ڕادیۆی حیزبی بە خاڵێکی گرینگ لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە قەڵەم دا و هیوای بەردەوامیی خەباتی بۆ خواستن.

# ئەپلیکەیشێنی فەرهەنگی هەژیر کەوتە بازاڕەوە

فەرهەنگی هەژیر یەکێک لە بەپێزترین فەرهەنگە زیاتر واتاییەکانە کە پتر لە ٥٦٠٠٠ وشەی فارسی و زیاتر لە ٦٠٠٠٠٠ هەزار وشەی کوردی لەخۆ دەگرێ و پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی لە دوو تویێ دوو بەرگدا چاپ و بڵاو بۆتەوە.

فەرهەنگی هەژیر بە شێوەی ئاسان و زانستی داڕێژراوە و هەڵگری هێندیک تایبەتمەندییە کە بریتین لە: لە خێرایی دۆزینەوەی هاوتاو و مانای وشەکان و هەروەها ئیمکانی نوێبوونەوەی وشە و ڕستەی تازەی تێدا هەیە و، ڕۆژانە بەشێوەی خۆکارانە دەگاتە دەستی بەکارهێنەر.

دانەری ئەو فەرهەنگە هەژیر عەبدوڵڵاپوور، کادری ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و لە بەشی ڕاگەیاندنی ئەم حیزبەدا بەرپرسایەتیی هەیە.



فەرهەنگی دوو زمانەی «هەژیر» بە هەردووک زمانی کوردی و فارسی بۆ بەکارهێنەرانی مووبایلی ئاندرۆید ئامادە کرا.

# خەڵاتی فێستیڤاڵی «بیگ بەنگ» بە دەرهێنەرێکی کورد درا



خەڵاتی باشترین دەرهێنەریی لە فێستیڤاڵی «بیگ بەنگ»ی وڵاتی یوونان، بە پەرویز ڕۆستەمی، دەرهێنەری کوردی خەڵکی شاری مەریوان درا.

ئەو لاوە کوردە خەڵاتی باشترین دەرهێنەریی فێستیڤاڵی «بیگ بەنگ» لە وڵاتی یوونانی، بە فیلمی «مترسک‌ها هم می‌میرند» بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

لەو فێستیڤاڵەدا، کێبڕکێی لە نێوان ٤٠ کورتە فیلم ئەنجام درا و لە کۆتاییدا ١١ کورتە فیلم هەڵبژێردرا. کورتە فیلمی «داهۆڵەکانیش دەمرن» لە ٧٠ سینەمای وڵاتی یووناندا، پیشان دەدرێ. چیرۆکی ئەو کورتە فیلمە باس لە شاییەک دەکا، کە بە هۆی بووردمانەوە بووک و زاوا گیانیان لە دەست دەدەن و ئەو شاییەش لەگەڵ قەومانی ئەو ڕووداوە دەبێتە بیرەوەرییەکی تاڵ بۆ دایک و باوکی بووک و زاوا.

# فەرهەنگی «خورد و خۆراک» چاپ و بڵاو کرایەوە

پرۆژە فەرهەنگی ئامادە کردن و لە چاپ دانی فەرهەنگی زارەکیی موکریان ، هەوڵێکی جیددی و زانستیانەیە بۆ گردوکۆکردنەوەی فەرهەنگی فۆلکلۆریکی مەڵبەندی موکریان، کە هەشتەمین بەرگی ئەو فەرهەنگەش چاپ و بڵاو کرایەوە. نوێترین بەرگی ئەو فەرهەنگە بەنرخە سێ بەشی لەخۆ گرتووە: بەشی یەکەم؛ چێشت، بەشی دووهەم؛ ڕسق و بەشی سێهەمیش نان.

سەلاح پایانیانی توێژەر و فەرهەنگنووسی کورد، ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە و ئێستا بەڕێوەبەری «سەرای هێمن»ە. پایانیانی زیاتر لە بیست ساڵە بێوچان شانی وەبەر توێژینەوە و فەرهەنگنووسیی زمانی کوردی داوە و تا ئێستا ٨ بەرگ فەرهەنگی زارەکیی موکریان، بەرگێک ئەدەبیاتی زارەکی موکریان، دوو بەرگ ئەدەبیاتی زارەکیی منداڵانی ناوچەی موکریان و بەرگێک لە «کانی مرادان» لەم نووسەرە چاپ و بڵاو بۆتەوە.



هەشتەمین بەرگ لە زنجیرە فەرهەنگی زارەکیی موکریان بە هەوڵ و ماندووبوونی «سەلاح پایانیانی» لە ژێرناوی «خورد و خۆراک» کەوتە بەر دیدەی خوێنەران.







بەر لە ماڵاوایی

# کۆمەڵگەی ئێران و تابۆی دەستدرێژی کردنەسەر ژنان و منداڵان



عەلی بداغی

لەو ماوەیەدا بابەتی ئازاری جینسیی و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر منداڵان لە ئێران جارێکی دی بووە مانشێتی هەواڵ و باسی گەرمی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

هێشتا بابەتی دەستدرێژیی سەعید تووسی، وانەبێژی قورئان و مەدداحی خۆشەویستی خامنەیی بۆ سەر چەند منداڵێک کە هاتبوونە لای قورئانیان فێر بکا، و وەلانانی پەروەندەکەی لە دەزگای قەزایی لە سەر زاران بوو کە سەرەتا هەواڵی دەستدرێژی کردنە سەر کیژۆڵەیەکی پەناخوازی ئەفغانی لە خومەینی شاری ئیسفەهان بڵاو بوویەوە و پاشان ڕووداوی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان لە قوتابخانەی دواناوەندیی «معین» لە تاران و دەستدرێژی بە کۆمەڵ بۆ سەر ژنان لە ئێرانشەهر لە هەڵڵا درا.

«بەهارە«ی کیژۆڵەی ئەفغان سێهەمین کچی ئەفغانە کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەبنە قوربانیی دەستدرێژی. لەشی نیوەمردووی بەهارە دوای ئەوەی لەکاتی یاریی منداڵانەدا لەلایەن سێ پیاوی زەلامەوە دەرفێندرێ و دەستدرێژیی دەکرێتە سەر، چەند سەعات دوای ڕووداوەکە لە کەلاوەیەکدا دۆزرایەوە.

کۆمەڵگەی ئێران هێشتا شۆکی ئەو ڕووداوە بەری نەدابوو کە هەواڵی دەستدرێژی بۆ سەر ژمارەیەک لە قوتابییانی خوێندگەی «معین» بڵاوبۆوە و ئەوەندە زوو کارتێکەریی خۆی دانا کە خامنەیی و دەوڵەت و مەجلیس و دەزگای قەزایی هێنایە سەر خەت. بڕیار درا حەددی شەرعی لە سەر کەس یان کەسانی تاوانبار جێبەجێ بکرێ، ئەوەی قوتابخانەی «معین» کە دەسبەسەرە و ئەو سێ پیاوەش کە دەستدرێژییان کردووەتە سەر بەهارە هێشتا نەگیراون. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو ڕووداوانە بۆ ئەوەندە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوو دەدەن؟ حەددی شەرعی چۆن دەتوانێ چارەسەر بێ بۆ کاردانەوە بەو تراژیدییە و بنەبڕکردنی؟ سەیر ئەوەیە هەموو کاربەدەستانی ئێران باس لە پێویستیی فێرکردنی منداڵان لە بواری پاراستن و خۆپارێزییان لە بەردەم مەترسییەکانی ئازاردانی جینسی دەکەن، بەڵام هەر بۆ خۆشیانن کە پێش بەم کارە دەگرن. هەر ماوەیەک لەوە پێش بوو کە بە گەلەکۆمە بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی یونێسکۆیان ڕەت کردەوە. ئێستاش دوای لەهەڵڵادرانی ئەم ڕووداوانە جارێ بەر لە هەر چارەسەرێک لە هەوڵی ئەوە دان ئەوانەی ڕووداوەکەیان ئاشکرا کردوە سزا بدرێن بۆ ئەوەی خەڵکانی دی تەمبێ بن و جاری دیکە نەچن پەردە لەو جینایەتانە هەڵدەنەوە! پەردەپۆش کردنی جینایەتەکان لەولا بوەستێ، هێشتا کۆمەڵگەی ئێران لە شۆکی دەستدرێژییەکەی سەعید تووسی بۆ سەر منداڵە فێرخوازەکانی قورئاندا بوو کە پەروەندەکەی بەهۆی فەرمانی ڕێبەری! دیزەبەدەرخۆنە کرا.

حاڵەتەکانی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان لە ئێران زۆرن، زۆرتر لەو هەواڵ و ئامارە ڕەسمییانەی بڵاو دەکرێنەوە، زۆر لەو ئامارەش کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی بە نموونە دەیهێننەوە، وە لەبەر ئەوەش کە ئەم دیاردەیە شاراوەیە، کەمتر سەرنجی میدیا و بیروڕای گشتیی دەچێتە سەر، مەگەر ئەوەی لە هەناوی ئەو دیاردەیەدا تراژیدییەک ڕوو بدا و کارتێکەریی لەسەر کۆمەڵگە هەبێ.

قانوونەکانی ئێران بۆ پاراستنی مافی منداڵان هەم نوقسانن هەم ناکارامە. یەکەم پرۆژەیاسای پاراستنی مافەکانی منداڵان ساڵی ١٣٨١ و چارەگە سەدەیەک دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی پەسەند کرا. ئەو پرۆژە یاسایە هێندە نوقسان و ناکارامە بوو کە ٧ ساڵ دواتر دەزگای قەزایی خۆی بیهەوێ لایحەیەک بداتە مەجلیس و سەرەڕای ئەوە ئەم لایحەیە نیزیک بە ١٠ ساڵە دراوەتە مەجلیس، کەچی هێشتا نەخراوەتە بەرچاوی نوێنەرانی مەجلیس و لای لێ نەکراوەتەوە. لایحەیەک کە زۆر لە کارناسان و چالاکانی مەدەنی پێیان وایە لە ئەگەری پەسەندکرانیدا کەمێک لە کێشەکانی منداڵان لەسەر شانیان سووک دەبێ و چەند هەنگاوێک لە مافەکانیان نیزیک دەکاتەوە، بەڵام ئەوە هەموو شتێک نیە؛ چونکی کێشەی بنەڕەتی ڕوانین بۆ ئەو دیاردەیە و پێناسەکردنیەتی.

کێشەی بنەڕەتی لە قانوونەکانی ئێراندا ئەوەیە کە پێناسەیەکی ورد و ڕوون لە توندوتیژی دژی منداڵان و ئازاردان و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر منداڵان لە قانوونەکاندا نەکراوە و بەو پێیەش سزایەک بۆ بکەرانی ڕوون نەکراوەتەوە و لەمپەری سەرەکیی ئەو ناڕوون مانەوەیەش «شەرع»ە کە بەربەستی پەسندکران و جێبەجێبوونی قانوونە مەدەنییەکانە.

لە حکومەتێکدا کە هەموو قانوونەکان بە پێودانگی بنەما و بڕیارە ئیسلامییەکانە و ڕێگە بە شووکردنی کچانی تەمەن ٩ ساڵ دەدا و، لە کۆمەڵگەیەکدا کە پەروەردەی ویشکی ئایینی لە کولتوور و فەرهەنگیدا ڕەگاژۆی کردوە؛ سروشتییە کە هەمیشە بەستێن بۆ وەها کارەساتێک خۆش و لەبار بێ. لەبەر ئەوەی قانوونەکانی ئێران کە لە سەر بنەمای خوێندنەوەیەک لە ئایین داڕێژراون، نەک کۆسپ و ڕێگر نیە لەبەردەم پەرەسەندنی توندوتیژیی جینسیدا، بگرە خۆی بوارخوڵقێن و بەستێنسازی ئەو دۆخەیە.

ڕاستە دیاردەی «ئازاری جینسیی منداڵان» دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام جیاوازی و جۆراوجۆریی فەرهەنگی و گەشەی کۆمەڵایەتیی وڵاتان کاریگەریی لە سەر چەندی و چۆنیی ئەم دیاردەیە هەیە. لە کۆمەڵگە نەریتی و پاشکەوتووەکاندا بەهۆی نەبوونی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمیانە لە بنەماڵە و خوێندنگەدا، سەرەڕای سزای قورس بۆ ئەو تاوانگەلە، بەڵام تاوانی ئازاری جینسیی منداڵان بە شاراوە و لە ئاستێکی بەربڵاودا لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا.

سروشتییە چەندی کۆمەڵگە لە بواری فێرکاری و پەروەردەوە کراوەتر و سەردەمیانەتر و گەشەسەندووتر بێ، ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە تاوان و دیاردەیە کەمتر دەبێ و لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە بەهۆی هەژاریی فیکری و فێرکاری و بەهۆی سیاسەتی ئیدۆلۆژیکی دەسەڵات ئەو بابەتە تابۆ بێ و کەمتر قسەی لەسەر بکرێ و لە نیزامی پەرورەدەیی خێزان و خوێندنگەدا جێی بۆ کرابێتەوە، شاراوەمانەوەی و پەرەسەندنی زیاترە.

لە کۆماری ئیسلامیدا سێکسوالیتە و کۆنترۆڵکردنی ئامرازێکی گرینگی بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسییە و حوکمەتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی تێ دەکۆشێ لە ڕێگەی سەرکوتی مەیلی جینسی و تابۆکردنی ئەو بابەتە شکۆی سیاسیی خۆی بپارێزێ. لە حوکمەتێکیشدا کە دژایەتیی فەلسەفی و وجوودیی لەگەڵ ژن و مافەکانی هەیە و هیچ گرنگییەکیش بە مافی منداڵان نادا، خۆی هۆکاری ئەم دۆخە تراژیدیکەیە. گۆڕینی ئەو دۆخەش تەنیا لە گرەوی گۆڕینی قانوونەکانی وڵات و بنەما پەروەردەییەکانی کۆمەڵگە دایە کە ئەویش بە واتای نەمانی کۆماری ئیسلامی و تەنیا لە گۆڕینی ئەم ڕێژیمەدا دێتە دی.